# ئیدریس بارزانی

## ئیرادە و ئومێدی رۆژانی سەختی ناو قەیرانەکان

کازم شانەدەری هاوەڵی بارزانی نەمر و پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، لە ساڵیادی کۆچی ناوەختی ئیدریس بارزانی پێی گوتین: «لەناو کەسایەتی ئیدریسی هەمیشە زیندوودا کۆمەڵێك خەسڵەت پێکەوە کۆببوونەوە، پێش هەموو شت خاوەن ئیرادەیەکی بەهیز بوو، لێبوردە بوو، خەمخۆری خەڵك و پێشمەرگە بوو، لە شۆڕشی ئەیلوولدا لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانی پێکەوە کاروباری رۆژانەی شۆڕش و بارزانی نەمریان بەڕێوە دەبرد، لە دوای شۆڕشی ئەیلوول قورسایی دووبارە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بە پلەی یەکەم لەسەر شانی ئیدریس بارزانی بووە، هەر ئەو بوو مەفرەزەکانی پێشمەرگەی لە شۆڕشی گوڵاندا دەناردەوە بۆ کوردستان و لە ناو ئێرانیشدا بە دەنگ بریندارەکان و خێزان و ماڵ و منداڵی پێشمەرگە دەچوو. ئیدریس بارزانی باوەڕێکی گەورەی بە ئامانجی رەوای گەلەکەمان هەبوو، ئەم ئامانجەی بە یەکڕیزی و یەکهەڵویستیی نێوان تەواوی هێزە سیاسییەکانی کوردستانەوە گرێدابوو.

ئیدریس لە بەردەستی بارزانی نەمر فێری ئازایەتی و شۆڕشگێڕی و خۆڕاگری ببوو. لە شێخ ئەحمەدی بارزانی-یەوە، فێری ئاکار و لێبووردەیی و پێکەوەژیان ببوو، ئیدریس تەنیا برای سەرۆك بارزانی نەبوو، بەڵکو هەڤاڵ و هاوخەباتی سەرۆك بارزانی بوو، ئەرکەکانی لەگەڵدا بەشکردبوو، هەر بۆیە من لە خودای مەزن و دلۆڤان دەپاڕێمەوە گیانی ئیدریس بارزانی لە ناوماندا هەر زیندوو بێت، بۆ ئەوەی بە هەمان ئیرادەی ئیدریس ئاشتی و برایەتی لە نێوان کوردان درووست بێتەوە».

ئەگەر لەم وەسفە سادەی کازم شانەدەری-یەوە کەسایەتی ئیدریس بارزانی بۆ ئێستامان بخوێنینەوە، دەبینین بەرهەمی هاوکاری و هاوخەباتی نێوان سەرۆك بارزانی و ئیدریسی هەمیشە زیندوو، رۆژانی پێش کۆچی ناوەختیەتی کە توانی بەردی بناخەی بەرەی کوردستانی دابنێت و پرۆسەی ئاشتبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی بگەیەنێتە رێککەوتنێکی گرنگ و هەر ئەم رێککەوتنەش بووە سەرەتای دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، هەر ئەم بەرەی کوردستانییەش بوو توانی سەرکردایەتی راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بکات و پاشانیش هەر ئەم بەرەیە یاسای ژمارە ١و٢ی دەرکرد بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان و رێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان و لە سەر ئاکامی ئەم هەڵبژاردنەش بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا کورد توانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێت.

پێکەوە گرێدانەوەی ئەم رووداوانە بە ئاشتبوونەوەی پارتی و یەکێتی لە کۆتایی ١٩٨٦ و سەرەتای ١٩٨٧، گەڕانەوەیە بۆ ئەو ساڵانەی کە پێشبینی هەموو ئەگەرێکی نەخوازراو بۆ کورد و کوردستان دەکرا، ئەوکات هێشتا پرۆسەکانی بەدناوی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و شوێنەکانی دیکەی کوردستان دەستی پێنەکردبوو، بەڵام هەموو پێشبینییەکان بەو ئاراستەیە بوون، کە روژانی دواتر کوردستان رووبەڕووی سەختترین قۆناخ و گەورەترین قەیران دەبێتەوە، لەم خاڵەوە ئەگەر دووبارە فیکری ئیدریس بارزانی بخوێنینەوە، هەستدەکەین هەستی بەوە کردبوو، ئەو رۆژە سەخت و قەیراناوییانەی پێشبینی دەکرێت رووبەڕووی کوردستان ببێتەوە، تەنیا بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەتوانرێت تێپەڕێنرێت، لەمەش زیاتر واقعبینی سیاسیی ئیدریس بارزانی لەو خاڵەدا دەردەکەوێت کە زۆر باش لەناو ئەو واقیعەدا دەستنیشانی هۆکارەکانی کردووە، ئەویش ئەوەیە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی تەواوی لایەنە سیاسییەکان لە ئاشتبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەستپێدەکات. بێگومان لەگەڵ ئەوەی تەمەن رێگەی نەدا خۆی بەرەی کوردستانی ببینێت، بەڵام ئەم پێشبینییەی ئیدریس بارزانی



راست دەرچوو، ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی بووە بەردی بناخەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، بەرەی کوردستانی لەو ڕۆژە سەخت و قەیراناوییانەدا بووە جێگەی ئومێدی تەواوی خەڵکی کوردستان، لەمەش زیاتر بەرەی کوردستانی تەنیا نەبووە هۆکار بۆ یەکڕیزی نێوان لایەنە سیاسییەکان لەشاخ، بەڵکو بووە هەوێنی یەکڕیزی لە ویژدانی هەر تاکێکی کوردستاندا، ئەمەش لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ بە کردەیی بەرجەستە بوو.

هەربۆیە ئەمڕۆ لە کاتێکدا ساڵیادی کۆچی ناوەختی ئەم سەرکردەیەی گەلەکەمان دەکەینەوە و لە هەمانکاتدا کوردستان بە قۆناخێکی سەختی سیاسی و قەیرانی ئابووریدا تێدەپەڕێت، جێگەی خۆیەتی بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە ئابوورییە و ڕێکخستنەوەی نیوماڵی کوردستان، سوودێکی گەورە لە ئەزموونی ئیدریسی هەمیشە زیندوو وەربگرین. وەك بەڕێز موحسین دزەیی دەڵێت: «دەبێت هەموومان وەك ئیدریس هاوکاری سەرۆك بارزانی بین، بۆ ئەوەی بەهەمان ئیرادە لەناو ڕۆژانی سەخت و قەیرانەکاندا ئومێد بۆ ئایندەیەکی گەش دروست بکەین.»

دروستکردنی ئەم ئایندە گەشە بە بڕیاری بوێرانە و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی و نیشتمانیمان و خۆدوورخستنەوە لە دەسکەوت و تێڕوانینی حزبییەوە دەست پێدەکات.

هەموو ئەو خەباتگێڕانەی هاوخەباتی سەرۆك بارزانی و ئیدریسی هەمیشە زیندوو بوون، دان بەو ڕاستییەدا دەنێن کە دوای کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی، ئەرکی سەرشانی سەرۆك بارزانی زۆر قورس بوو، بەڵام لە بەر ئەوەی دوای کۆچی ئیدریس بارزانی بەرەی کوردستانی هاتە دامەزراندن و تێگەیشتنێکی گەورە لە نێوان سەرۆك مام جەلال و سەرۆك بارزانی لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان هاتەئاراوە و توانرا لە میانەی بەرەی کوردستانیدا هەنگاوی زۆر گەورە هەڵبگیرێت، لە دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت، ڕاستە شەڕی نەخوازراوی ناوخۆ لە نێوان پارتی و یەکێتی بۆ ماوەیەك دروست بووەوە، بەڵام دیسان بە تێگەیشتنی گەورەی نێوان مام جەلال و سەرۆك بارزانی نەك هەر توانییان شەڕەکە کۆتایی پێبهێنن، بەڵکو گەیشتنە ڕێککەوتنی ستراتیژی و لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنەشدا توانرا وێڕای گۆڕانکارییە گەورەکان و ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق و نووسینەوەی دەستوور، دەستکەوتی زۆر گەورە بۆ کوردستان بەدیبهێنن. بەڵام لە ئێستادا و جارێکی دیکە بە هۆی نەخۆش کەوتنی مام جەلال(خوا شیفای بدات) جارێکی دیکە ئەرکی سەرشانی سەرۆك بارزانی قورس بۆتەوە و لە ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی داعش و تێپەڕاندنی قەیرانی ئابووری و هەنگاوەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان، سەرۆك بارزانی پێویستی بە هاوکاری هەموو لایەکە بۆ ئەوەی ئەم قۆناخە سەختەش بۆ بەرژەوەندی نەتەوەکەمان تێپەڕێنین.

سەرۆك بارزانی لە سەرەتای ئەمساڵدا، پێشبینی ئەوەی کردووە کە ئەمساڵ ساڵێکی سەخت و قەیراناوی دەبێت بۆ کوردستان و لە سەروبەندی ئەوەین گۆڕانکاری گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودات، بۆیە زۆر بە ڕاشکاوی پەیامی خۆی ئاراستەی گەلی کوردستان کردووە و پێی ڕاگەیاندوون، تەنیا ڕێگەیەك کە دەتوانین لەم گێژاوەدا، ئومێد و گەشبینی بۆ ئایندەی کوردستان دروست بکەینەوە، یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە، ئەم ئامانجەی سەرۆك بارزانی کە نەخشەی ڕێگەی بۆ داڕشتووە، پێویستی بەوەیە هەموومان وەك ئیدریسی هەمیشە زیندوو هاوکاری سەرۆك بارزانی بین و هەر تەنیا بەم هاوکاری و پشتگرتنەی سەرۆك بارزانی ئەو ئیرادەیە دروست دەبێتەوە کە لە ناو گێژاوی ڕۆژە سەخت و پڕ قەیرانەکاندا، ئومێد و گەشبینی بۆ ئایندەی کوردستان دابین بکەین، ئەمەش ئەو ئامانجەیە کە ئیدریس لە پێناویدا ژیا.. ئێستاش دەبێت هەموومان درێژە پێدەری بین.

دوای دابەزینی چاوەڕواننەکراوی نرخی نەوت

# بە گیانی نیشتمانی مامەڵە لەگەڵ قەیران دەکرێت نەک بە رق و کینە



«هێشتا زۆر زووە مێژووی دارمانی نرخی نەوت لە دوای ساڵی ٢٠١٤دا بنووسینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، حاڵی حازر چەند ئاکامێك روون و ئاشکران. بۆ جارێکی دیکە ئەمەریکا وەك دەوڵەتێکی گەورەی بەرهەمهێنەری نەوت لە جیهاندا سەریهەڵداوەتەوە، نەك تەنیا وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ دابەزینی نرخی نەوت، بەڵکو وەك هاوسەنگکارێکی نوێی بازاڕ، ئەویش بەهۆی ئەوەی توانایەکی گەورەی وەڵامدانەوەی هەیە بە بەراورد بە دابینکارە تەقلیدییەکانی نەوت. چەندین پەترۆدەوڵەت زیاتر و زیاتر هەست بە ئێش و ئازاری ئابووری دەکەن و رووبەڕووی ئەگەری ناسەقامگیری دەبنەوە، کە بۆی هەیە ئاکامی هەریمایەتی و تەنانەت جیهانی بەربڵاویشی لێبکەوێتەوە. لە کۆتاییدا پێویستە داڕووخانی نرخی نەوت ئەو راستیە بە بیر سیاسەتداڕێژەران بهێنێتەوە کە گرنگە درێژە بە خێراترکردنی ئەو سیاسەتانە بدەن کە ئاسانکاری دەکەن بۆ ئاڵوگۆڕ بەرەو ئەو سەرچاوانەی وزە کە کاربۆنێکی کەمتریان لێدەکەوێتەوە، هەروەها دەرفەتێکی دەگمەن دەڕەخسێنێت بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی پەیوەست بە هاوکارییەکانی پەیوەست بە دابینکردنی وزەوە کە هەم دەبێتەهۆی بەرەوپێشبردنی گەشەی ئابووری و هەم بەکارهێنانی وزەش کەم دەکاتەوە، لەگەڵ ئەو دەرهاویشتانەی لە ئەنجامی بەکارهێنانییەوە دروستدەبن. تێگەیشتنێکی باشتر لە بارەی هۆکار و دەرئەنجامەکانی دارمانی نرخی نەوت دەبێتە هۆی ئەوەی هەم لە کەرتی گشتی و هەم لە کەرتی تایبەتدا ئەو هەنگاوانە هەڵبگرن کە پێویستن بۆ ئیدارەدانی تەحەددییەکان و سوودوەرگرتن لەو دەرفەتانەی رەخساون».

- سەرچاوە: Middle East the great unraveling
- نووسینی: جەیسۆن بۆردۆف و ئاکۆس لۆز



**راستە پەرەپێدانی سیاسەتی پەیوەست بە دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت لە جێی خۆیدابوو، بەڵام پێویست بوو هاوشان بێت بە گەشەپێدانی کەرتە گرنگەکانی دیکە، بۆ ئەوەی ستراتیژیەتی جۆراوجۆرکردنی ئابووری لەم هەرێمەدا بهێنرێتەدی**

**شێوازی مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ هەر کێشە و قەیرانێکی ئابووری و سیاسی، لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کە کێشە و قەیرانەکە چۆنە، وەک خۆی و بە شێوەیەکی راست و دروست باسبکرێت، پاشان هەوڵەکان یەکبخرێن بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە**

**خاڵی مەترسیدار لە رووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت و باری سەرشانی هاووڵاتیان قورستر دەکات، کە هەندێک حزبی سیاسی بۆ بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و سوودوەرگرتن لە ئازار و نەهامەتییەکانی خەڵک بۆ کەسبی حزبی و بازارگەرمیی پۆپۆلیستانە، واقیعەکە چەواشە و نکۆڵی لەبوونی ئەم قەیرانە بکەن**

### ● هەرێمی کوردستان و قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت

ئەوە ئاشکرایە کە پێشتر کوردستان خاوەنی داهاتی سەربەخۆ نەبوو، بەڵکو پشتی بەو داهاتە دەبەست کە لە حکومەتی مەرکەزییەوە بۆی دابین دەکرا، ئەگەرچی ئەوە خێرێك نەبوو بە کوردستان بکرێت و مافی رەوا و دەستووری خۆی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست بەوە دەکرا کە حکومەتی مەرکەزی عێراق نایەوێت وەك پێویست پابەند بێت بە جێبەجێکردنی ئەم مافەی کوردستان و خەڵکی کوردستانەوە، کاتێکیش کە ئاماژەکانی نیازخراپیی ئەو حکومەتە دەرکەوتن کە هەمیشە هەڕەشەی بڕینی ئەو بەشە بودجەیەی دەکرد، ئەوا کوردستانیش هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ ئەوەی مومارەسەی مافی دەستووری خۆی بکات و پەرە بە کەرتی نەوت و غاز بدات لەم هەرێمەدا و هەروەها بۆ ئەوەی بۆ خۆی لە پاشکۆیەتی ئابووری رزگار بکات و ئەمەش بکاتە پردێك بۆ پەڕینەوە بەرەو سەربەخۆیی سیاسی.
لەبەر ئەوە پلانی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت داڕێژرا و جێبەجێکرا، بەڵام لە ئێستادا کوردستانیش بە چەشنی ئەو وڵاتانەی دیکە کە بە ئەندازەیەکی گەورە پشتیان بە داهاتی نەوت بەستووە کەوتۆتە ژێر کاریگەری و گوشارەکانی داڕمانی نرخی نەوتەوە، کە بە ئاستێکی زیاتریش شڵەژانی ئابووری دروست کردووە لەم هەرێمەدا و دووچاری دۆخێکی دارایی دژواری کردۆتەوە. راستە پەرەپێدانی سیاسەتی پەیوەست بە دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت لە جێی خۆیدابوو، بەڵام پێویست بوو هاوشان بێت بە گەشەپێدانی کەرتە گرنگەکانی دیکە، بۆ ئەوەی ستراتیژیەتی جۆراوجۆرکردنی ئابووری لەم هەرێمەدا بهێنرێتەدی، کە ئەگەر ئەمە بکرایە ئێستا دەتوانرا بەشێك لە کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت کەم بکرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە قەیرانێکی سەخت و دژواری ئابووری دروست بووە، ئەوا دەرفەتێکیشە بۆ پێداچوونەوە و ئەنجامدانی چاکسازی، کە لەگەڵ ئەوەی پەرەپێدان پیشەسازی نەوت و غاز پێویستییەکە، بەڵام نەك نابێت ئەمە لەسەر حیسابی فەرامۆشکردنی بوارە گرنگەکانی دیکە بێت، بەڵکو گرنگە لە داهاتوودا- لە حاڵەتی بەرزبونەوەی نرخی نەوتدا- بەشێك لە داهاتەکە بخرێتە خزمەت وەبەرهێنانەوە لە کەرتەکانی دیکەدا، هەروەها بەشێکی ئەو داهاتە تەرخان بکرێت بۆ پەرەپێدان بە سەرمایەی مرۆیی، کە ئەمە زامنی ئابوورییەکی سەقامگیرتر و گەشەیەکی درێژخایەنتر دەبێت.

### ● قەیرانێکی ئابووری گەورە و چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ کردنی

شێوازی مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ هەر کێشە و قەیرانێکی ئابووری و سیاسی، لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کە کێشە و قەیرانەکە چۆنە، وەك خۆی و بە شێوەیەکی راست و دروست باسبکرێت، پاشان هەوڵەکان یەکبخرێن بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، لێرەوە خاڵی دەستپێك بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو قەیرانە ئابوورییەی بە هۆی دابەزینی چاوەڕواننەکراوی نرخی نەتەوە کۆمەڵێك وڵاتی هەناردەکاری نەوتی گرتۆتەوە بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لەو خاڵەوە دەستپێدەکات، ئایا بەڕاستی هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی سەختی ئابووریدا تێدەپەڕێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە گیانێکی نیشتمانپەروەری و خەمخۆری بۆ گەلەکەمان، سەرەتای کردنەوەی دەرگایەکی نوێ دەخاتە سەر پشت کە وەك دەڵێن: «زۆر جار دروستبوونی قەیران دەبێتە سەرەتایەك بۆ دروستکردنی دەرفەت و بیرکردنەوە لە چۆنیەتی تێپەڕاندنی ئەوقەیرانە»، ئەمە بەو مانایە دێت، کە هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان بەوانەی بەشدارن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەوانەشی لە دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، راشکاوانە دان بەو راستییەدا بنێن، بەوەی بەڵێ ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی ئابووری سەختدا تێدەپەڕێت و راشکاوانەتر ئەو داهاتەی دوای دابەزینی نرخی نەوت حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بەدەستی بهێنێت، زۆر کەمترن لەو خەرجییانە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا بۆ پێدانی مووچەی فەرمانبەران دابینی دەکات، بێجگە لە خەرجییەکانی بواری بەکاربردن و هەروەها خەرجی وەبەرهێنان، ئەمەش واقیعێکە و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیشاردۆتەوە. بەڵام خاڵی مەترسیدار لە رووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانە لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت و باری سەرشانی هاووڵاتیان قورستر دەکات، کە هەندێك حزبی سیاسی بۆ بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و سوودوەرگرتن لە ئازار و نەهامەتییەکانی خەڵك بۆ کەسبی حزبی و بازارگەرمیی پۆپۆلیستانە، واقیعەکە چەواشە و نکۆڵی لەبوونی ئەم قەیرانە بکەن.
لەم بارودۆخەدا کە هەرێمی کوردستان بە درێژایی زیاتر لە ١١٠٠ کیلۆمەتر بەرەیەکی فراوانی لەگەڵ دەوڵەتی تیرۆریستی داعش هەیە و لە هەمانکاتدا زیاتر لە یەك ملیۆن و ٦٠٠ هەزار ئاوارەی لە خۆی گرتووە کە دەکاتە نزیکەی سێ یەکی دانیشتووانی

هەرێمی کوردستان، لە هەمانکاتدا نرخی نەوتیش بەو رێژە چاوەڕواننەکراوە دابەزیبێت و نرخی بەرمیلێك نەوت دابەزیبێت بۆ کەمتر لە ٣٠ دۆلار و هەرێمی کوردستانیش لەبەر جۆری نەتەوەکەی و خەرجی گواستنەوەی ناچار بێت هەر بەرمیلێك نەوت بە کەمتر لە ١٠ دۆلار لە نرخی بازاڕ بفرۆشێت و لە هەمانکاتیشدا رێژەی ٩٠٪ی بودجەی کوردستان پشتی بە داهاتی نەوت بەستبێت و هەرێمی کوردستان خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆش نەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت قەرز لە وڵاتان، یان بانکی دراوی نێودەوڵەتی بکات، ئەوا لەم حاڵەتەدا، نکۆڵیکردنی بزووتنەوەی گۆڕان و هەندێك حزبی دیکەش بەوەی قەیرانی ئابووری لە کوردستاندا بوونی نییە و دروستکراوە، ئەوا بێجگە لە چەواشەکردنی رای گشتی و ئاستەنگ دروستکردن لەبەردەم هەماهەنگیی نێوان خەڵك و حکومەت بۆ ئەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم قەیرانە بدۆزنەوە، هیچ خزمەتێك بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ناکات کە پێوەندی بە ژیانی تاك بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەیە. لەم حاڵەتەدا کە بزووتنەوەی گۆڕان و ئەو حزبانەی دیکە کە دەیانەوێت نکۆڵی لەم قەیرانە بکەن، ئەوا گاڵتە بە ئازار و مەینەتییەکانی گەلی کوردستان دەکەن و لە هەمانکاتدا زەمینە بۆ تێکدانی ئاسایش و تەناهیی کوردستان سازدەکەن و هاوکات یاری بە ئاسایشی نیشتمانی کوردستان دەکەن کە زۆر راشکاوانە و هەموو تاکێکی کوردستان ئەو راستییە باش دەزانێت کە تیرۆریستانی داعش تەنیا ٤٠ کیلۆمەتر لە پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە دوورن. ئەمەش کارێکە دوور لە گیانی ململانێی درووستی حزبی و هەروەها پرانسیپی پێکەوە کارکردن لە حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانیدا، هەر بۆیە بارودۆخە وا دەخوازێت کە بە شێوەیەکی راشکاو و شەفافانە ئەم پرسە لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکانی گەلی کوردستان باس بکرێت و هەموو پێکەوە شان بدەینە بەر ئەم قەیرانە بۆ ئەوەی سەربەرزانە پێکەوە قەیرانەکە تێپەڕێنین و گەلی کوردستانیش بە درێژایی مێژوو ئەو راستییەی سەلماندووە کە قەیران و تەنگژەی زۆر لەمە سەختری تێپەڕاندووە و ئێستا بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی خۆی دەتوانێت ئەم قەیرانە تێپەڕێنێت.

### ● حکومەتی هەرێمی کوردستان و داڕشتنی پلانێکی تۆکمە بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانەکە

کێشەی سەرەکیی خەڵکی کوردستان لە ئێستادا، ئەوەیە چۆن ئەم قەیرانە چارەسەر دەکرێت و بە کەمترین زیان لێی دەردەچین. بۆیە پرسەکە لێرەدا ئەوە نییە، دەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رابردوو چی بکردایە، یان چی نەکردایە، ئەمەیان کە دەشێت جێگەی رەخنە و قسە لە سەرکردن بێت، بەڵام بۆ ئێستا و دۆزینەوەی چارەسەری خێرا بۆ کەمکردنەوەی باری قورسی سەرشانی هاووڵاتیان و فەرمانبەران، قسە و رەخنەگرتن لە رابردوو هیچ سوودێکی نابێت و لەمەش زیاتر هەوڵدانە بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیاریەتی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە. ئەمە بەو مانایە ناڵێن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داڕشتنی سیاسەتی ئابووری و دروستکردنی ژێرخانێکی ئابووری پتەو هیچ کەموکورتییەکی نەبووە، بەڵکو لەو روانگەیەوە چاوپۆشی لە رابردوو دەکەین، بەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەنگاو هەڵگرتنی بۆ دروستکردنی ژێرخانێکی ئابووری بۆ ئێستا و ئایندەی کوردستان، رووبەڕووی گەورەترین کێشە و قەیران و تەحەددی بۆتەوە، لەمەش زیاتر لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خۆی حکومەتێك نەبووە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، ئەوا ئەو بەشە بودجەیەی کە ساڵانی پێشتر لە حکومەتی ناوەندی بەغداوە رەوانەی کوردستان کراوە، لەبەر ئەوەی ئەو ریژەی ١٧٪ کە لە راستیدا نزیکەی ١٠٪ یان هەتا ساڵی ٢٠١٣ ناردووە، پارەیەك نەبووە کە لە بانکدا دانرابێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر قەوارەی ئەو پارەیە سیاسەتێکی ئابووری راست و درووست بۆخۆی دابڕێژێت، بە پێچەوانەوە ئەو پارەیەی لە بەغداوە تا ٢٠١٣ هاتۆتە کوردستان، هەر ١٠ رۆژ جارێك بڕێك هاتووە و ئەم بڕە پارەیەش بەپێی ئەو بڕگانە خەرجکراون کە حکومەتی ناوەندی پەسەندی کردوون، لەسەر بنەمای ئەو بڕگانە حکومەتی ناوەندی ساڵانە ئەم پارەیەی تەسفیە کردووە، خۆ ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، جۆرێك لە سیاسەتی دەستپێوەگرتنیشی بۆ رۆژێکی وەك ئێستا بکردایە، ئەو پارەیەی لە ئاکامی سیاسەتی دەستپێوەگرتن پاشەکەوت دەبوو، بەشێوەی خولاو (الدوار) دەگەڕایەوە بۆ حکومەتی ناوەندی و لە بەشە داهاتی ساڵی داهاتوو دەبڕا و لە کوردستانیش هیچ سوودێکی لێ وەرنەدەگیرا، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا و بۆ ئەوەی لانیکەم بتوانرێت ژێرخانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان وەك (پرۆژەی ئاو، پرۆژەی کارەبا، چاودێری تەندروستی و.. تاد) هەر چۆنێك بێت بونیاد بنرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان دۆزینەوەی سەرچاوەی داهاتی

**لەم حاڵەتەدا کە بزووتنەوەی گۆڕان و ئەو حزبانەی دیکە کە دەیانەوێت نکۆڵی لەم قەیرانە بکەن، ئەوا گاڵتە بە ئازار و مەینەتییەکانی گەلی کوردستان دەکەن و لە هەمانکاتدا زەمینە بۆ تێکدانی ئاسایش و تەناهیی کوردستان سازدەکەن و هاوکات یاری بە ئاسایشی نیشتمانی کوردستان دەکەن کە زۆر راشکاوانە و هەموو تاکێکی کوردستان ئەو راستییە باش دەزانێت کە تیرۆریستانی داعش تەنیا ٤٠ کیلۆمەتر لە پایتەختی هەرێمی کوردستانەوە دوورن**

**بارودۆخە وا دەخوازێت کە بە شێوەیەکی راشکاو و شەفافانە ئەم پرسە لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکانی گەلی کوردستان باس بکرێت و هەموو پێکەوە شان بدەینە بەر ئەم قەیرانە بۆ ئەوەی سەربەرزانە پێکەوە قەیرانەکە تێپەڕێنین و گەلی کوردستانیش بە درێژایی مێژوو ئەو راستییەی سەلماندووە کە قەیران و تەنگژەی زۆر لەمە سەختتری تێپەڕاندووە و ئێستا بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی خۆی دەتوانێت ئەم قەیرانە تێپەڕێنێت**

**ئەو پارەیەی لە بەغداوە تا ٢٠١٣ هاتۆتە کوردستان، هەر ١٠ رۆژ جارێک برێک هاتووە و ئەم برە پارەیەش بە پێی ئەو برگانە خەرجکراون کە حکومەتی ناوەندی پەسەندی کردوون، لەسەر بنەمای ئەو برگانە حکومەتی ناوەندی ساڵانە ئەم پارەیەی تەسفیە کردووە**

**ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، جۆرێک لە سیاسەتی دەستپێوەگرتنیشی بۆ رۆژێکی وەک ئێستا بکردایە، ئەو پارەیەی لە ئاکامی سیاسەتی دەستپێوەگرتن پاشەکەوت دەبوو، بەشێوەی خولاو (الدوار) دەگەڕایەوە بۆ حکومەتی ناوەندی و لە بەشە داهاتی ساڵی داهاتوو دەبڕا و لە کوردستانیش هیچ سوودێکی لێ وەرنەدەگیرا**

**حکومەتی عێراق هەموو ئەو خاڵانەی لە دەستووردا هاتبوون بۆ شەراکەتی داهات و دەسەڵات پێشێلکرد و هەوڵیدا بە رێگەی بڕینی بودجە هەموو پرۆژەکانی کوردستان پەکبخات**

دیکە بێجگە لە داهاتی نەوت وەك دروستکردنی سەرچاوەی داهات لە کەرتی گەشتوگوزاری و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی کشتوکاڵ بە هەردوو کەرتی رووەکی و ئاژەڵییەوە، پشتی بە کەرتی تایبەت بەست، لەم دوو بوارەشدا سەرکەوتنی بەرچاو بەدەستهاتووە، بەڵام نەتوانراوە ببنە سەرچاوەیەك کە وەك پێویست پشتیان پێ ببەسترێت، هۆکاری ئەم نەتوانینەش هۆکارگەلێکن کە دەکرێت لە شوێنێکی دیکەدا وردتر هەڵوێستەی لەسەر بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان لە بونیادنانی ژێرخانی ئابووری بە رێگەیەکی درووست هەنگاوی هەڵگرتبوو، پێشبینی دەکرا (ئەگەر نرخی نەوت وەك ساڵانی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ بمابایەتەوە) ئەوا کوردستان دەبووە خاوەنی ئابوورییەکی سەربەخۆی ئەوتۆ، کە داهاتی نەوت وەك سەرمایەیەك بۆ دروستکردنی سەرچاوەی داهاتی دیکە بەکار بهێنێت، هەر بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی ئاماژەکانی سەرکەوتنی ئەم ستراتیژە ئابوورییە راست و درووستە و دەرکەوتنی بناخەی ئابوورییەکی سەربەخۆی کوردستان، حکومەتی ناوەندی عێراق لە ساڵی ٢٠١٤ بەبێ ئەوەی پرۆژەیاسای بودجەی عێراق لە پەرلەمانی عێراق پەسەند بکرێت، بە بڕیارێکی شەخسی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق بڕدرا، لە هەمانکاتدا ئەو پابەندبوونەی لەسەر شانی حکومەتی عێراق بوو بۆ خەرجکردنی پارەی کۆمپانیاکانی بۆ دەرهێنانی نەوت لە کوردستان، پێویست بوو حکومەتی عێراق ئەو پارەیە بدات، بۆ ئەوەی داهاتی نەوتی کوردستانیش وەك بەشێك لە کۆی داهاتی عێراق بە شێوەیەکی راست دابەش بکرێت، حکومەتی عێراق هەموو ئەو خاڵانەی لە دەستووردا هاتبوون بۆ شەراکەتی داهات و دەسەڵات پێشێلکرد و هەوڵیدا بە رێگەی بڕینی بودجە هەموو پرۆژەکانی کوردستان پەکبخات.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وێڕای ئەوەی لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤ و دوای پێکهێنانی حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی لەگەڵ حکومەتی عێراق رێککەوت و لە پرۆژەیاسای بودجەی ٢٠١٥ پشکی کوردستان و مووچەی پێشمەرگە دیاری کرا، بەڵام هەر لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ پابەند نەبوو بە جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە و نەك پشکی پێشمەرگە لە بودجەی سەروەری عێراق، بەڵکو رێژەی ١٧٪یشی وەك خۆی نەنارد، تەنانەت ئەو بڕە پارەیەی وەك پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق لە بەرامبەر فرۆشتنی ٥٥٠ هەزار بەرمیل نەوت لە رۆژێکدا دەینارد، زۆر کەمتر بوو لە مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان و مانگانە زیاتر لە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار تەنیا دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران کورتهێنانی بەخۆیەوە دەبینی، ئەم واقیعە وایکرد حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بێت خۆی راستەوخۆ نەوتی خۆی بفرۆشێت. لەسەر ئەم بنەمایە بە لەبەرچاوگرتنی نرخی ئەو کاتەی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان، بڕیاری فرۆشتنی راستەوخۆی نەوت، باری ئابووری کوردستانی دەبردە قۆناخێکی دیکە، کە نەك هەر مووچەی فەرمانبەران کێشەی نەدەبوو، بەڵکو بودجەی وەبەرهێنان و پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بەردەوامییان دەبوو، بەڵام ئەوەی بووە هۆکاری ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای ئەم بڕیارە دووچاری قەیران ببێتەوە، دابەزینی لە رادەبەدەر و چاوەڕواننەکراوی نرخی نەوت بوو، ئەم حاڵەتە نەك هەر بۆ هەرێمی کوردستان بۆتە قەیران، بەڵکو بۆ زوربەی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بۆتە قەیرانێکی گەورە، لە ناویاندا عێراقیش رووبەڕووی هەمان قەیرانی گەورە بۆتەوە، کە لە زۆر حاڵەتدا پێشبینی ئەوە کراوە، حکومەتی عێراقێش لە حاڵەتێکی باشتردا نییە بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان، بەڵام جیاوازی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان ئەوەیە، عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و هێشتا کوردستان وەك بەشێك لە عێراق سەیر دەکرێت، لە هەمانکاتدا ئەو هەنگاوانەی حکومەتی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ



وەرگرتنی قەرز و بەکارهێنانی یەدەگی نەختی دەتوانێت بیگرێتەبەر، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو توانایەی نییە، لەمەش خراپتر لەم بارودۆخە ئاڵۆز و سەخت و قەیراناوییەدا، حکومەتی عێراق هەڵوێستێکی زۆر خراپی نەك تەنیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو بەرامبەر ئەو ناوچانەش وەرگرتووە کە لە رووی ئیدارییەوە هەتا ئێستا سەر بە حکومەتی ناوەندین و دوای حوزەیرانی ٢٠١٤ لەلایەن داعشەوە داگیرکراون و



ئێستا لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە ئازادکراونەتەوە، هەروەها حکومەتی عێراق تەنانەت ئەو خەڵکانەش وەك هاووڵاتی عێراقی سەیر ناکات کە لە تاوی نەبوونی ئاسایش و سەقامگیری لە بەشەکانی دیکەی عێراق پەنایان هێناوەتە بەر هەرێمی کوردستان، هەموو ئەم هەوڵانەی حکومەتی عێراق بە چڕکردنەوەی گوشارەکان بۆ سەر حکومەت و گەلی کوردستان لەو خاڵەدا ڕەنگدەداتەوە ئەویش ئەوەیە ئاستەنگ لەبەردەمی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستاندا درووست بکات.

لەسەر ئەم بنەمای ئەم واقیعەی ئێستا بوونی هەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێویستی بەوەیە بەشێوازیکی تایبەت و جیاواز و بە پشتبەستن بە هاووڵاتیانی کوردستان هەنگاوی دیکەی جیاواز بگرێتەبەر، هەنگاوێك کە لەگەڵ واقیعی ئێستای سیاسیی هەرێمی کوردستان یەکبگرێتەوە و بە کەمترین زیان لەم قەیرانە دەرباز ببین.

لەم چوارچێوەیەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان، شانی داوەتە بەرپرسیاریەتی و ڕاشکاوانە قەوارەی ئەم قەیرانە لەگەڵ میللەتی خۆی باس دەکات و لەگەڵ میللەتی خۆی لە هەوڵی ئەوەدایە کە ڕێگە چارەی گونجاو موقنیع بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەم قەیرانە ئابوورییە سەختە ببێتەوە، پێش هەموو شت، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە بە شێوەیەکی شەفاف و لە چوارچێوەی لیژنەیەکی باڵادا لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران، تەواوی ئەو داهاتەی لە فرۆشتنی نەوت و داهاتی ناوخۆ دەستدەکەون، بۆ گەلی کوردستان ئاشکرا بکرێت و لەبەر ڕۆشنایی ئەو داهاتەی هەیە، بەرنامە بۆ پێدانی مووچەی فەرمانبەران و هەڵسووڕانی کارە خزمەتگوزارییەکان دابنرێت، زیاد لەمەش هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان و پیادەکردنی بەرنامەیەکی چاکسازی و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی داهات، بەشێکی دیکەی بەرنامەی حکومەتە بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە بۆ ئەوەی ئەم هەوڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم قەیرانە بگۆڕێت بۆ دەرفەت و بەخۆداچوونەوە و چاکسازی، ئەوا بێجگە لە خۆڕاگری فەرمانبەران و مووچەخۆرانی، پێویستی بەوەیە کە سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان بەو دەزگایانەی کە سەر بە حزبە سیاسییەکانن و یان ئەو دەزگایانە بن کە خۆیان بە بێلایەن و سەربەخۆ دەزانن، پشکدارییەکی نیشتمانی بەبێ جیاوازی بکەن بۆ ئەوەی قەیرانەکە چۆنە بە هەمان شێوە بە ڕای گشتی و خەڵکی کوردستانی بگەیەنن و ئەو داتاو زانیارییانەی بڵاوی دەکەنەوە، هۆکارێك بێت بۆ هەماهەنگیی زیاتری نێوان خەڵك و حکومەت، نەك درووستکردنی بێ ئومێدی و درووستکردنی ژینگەی نامتمانەیی کە دەبێتە هۆکارێکی خراپ بۆ ئاژاوە و ناسەقامگیری لە کوردستاندا، هەروەها پێویستە حزبە سیاسییەکانی کوردستان، پرسی قەیرانی ئابووری بخەنە دەرەوەی ململانێی سیاسی لە سەر حیسابی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان، ڕاشکاوانەتر لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانەدا، گرنگە حزبە سیاسییەکانی کوردستان بەو جۆرە

**حکومەتی عێراق هەڵوێستێکی زۆر خراپی نەک تەنیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان، بەڵکو بەرامبەر ئەو ناوچانەش وەرگرتووە کە لە رووی ئیدارییەوە هەتا ئێستا سەر بە حکومەتی ناوەندین و دوای حوزەیرانی ٢٠١٤ لەلایەن داعشەوە داگیرکراون و ئێستا لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە ئازادکراونەتەوە**

**پێویستە حزبە سیاسییەکانی کوردستان، پرسی قەیرانی ئابووری بخەنە دەرەوەی ململانێی سیاسی لە سەر حیسابی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان**

مامەڵە لەگەڵ ئەم قەیرانە بکەن، بەوەی ئەگەر ئەم قەیرانە چارەسەر نەکرێت و بە باشترین شێوە هەوڵنەدەدرێت ئەم قەیرانە تێپەڕندرێت، ئەوا هەموو حزبە سیاسییەکان بە بێ جیاوازی زەرەر دەبینن و هیچ حزبێك لە گاڵتەکردن بەم قەیرانە و نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستان سوودمەند نابێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم قەیرانە بکرێت، ئەوا نەك هەر قەیرانەکە بەسەرکەوتووی تێدەپەڕێنێن، بەڵکو ئەم قەیرانە دەگۆڕێت بۆ دەرفەتێك بۆ بەخۆداچوونەوە لە هەموو بوارەکاندا.

## ● ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران لە تەحەددییەوە بۆ دەرفەت

یەکێك لە خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی وینستۆن چێرچڵ ئەوە بوو کە لە سەروەختی تەنگژە و دژوارییەکانیدا بواری نەدەدا گیانی ڕەشبینی و خۆبەدەستەوەدان باڵادەست بێت، بەپێچەوانەوە وتەیەکی بە ناوبانگی هەیە کە دەڵێت: لە سەروەختی قەیرانەکاندا دەرفەتەکان دەرەخسێن. لەبەر ئەوە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە پرسی دابەزین، یان داڕمانی نرخی نەوت بڕوانین و سەرەتا باسی ئەو دژواری و ئاکامە سلبییانە بکەین کە دەرهاویشتەی دابەزینی نرخی نەوتن، ئەوا ئاشکرایە کە ئەم داڕووخانی نرخی نەوتە چ تەحەددی و دژوارییەکی بۆ ئەو وڵاتانە دروست کردووە کە بە ئەندازەیەکی گەورە پشت بە داهاتی نەوت دەبەستن بۆ دەستەبەرکردنی بودجەی وڵاتەکەیان، بەتایبەتی ئەو وڵاتە بەرهەمهێنەرانەی نەوت کە خاوەنی یەدەگێکی گەورەی دراوی قورس نین، یان ئەو وڵاتانەی کە سەرچاوەی جۆراوجۆری داهاتیان نییە. کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی بکەونە ژێر ڕەحمەتی هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوتەوە لە بازاڕەکانی جیهاندا. لەبەر ئەوە ئێستا ئەم وڵاتانە بە دەست کورتهێنانی توندی بودجەوە دەناڵێنن و ئەمەش ئەگەری ئەوە دەهێنێتەئاراوە کە ئەم شڵەژانە ئابوورییە نائارامی کۆمەڵایەتی و ناسەقامگری سیاسی بە دوای خۆیدا بهێنێت، کە هەندێ جار ئەمە سەردەکێشێت بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی دەرەکی توند و دەستدرێژیکارانە بۆ پڕکردنەوەی کەمبوونەوە و کورتهێنانی داهاتی وڵاتەکە، بە گوزارشتێکی دیکە ناسەقامگیری و نائارامییە سیاسییە ناوخۆییەکە ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر هەڵوێست و سیاسەتی دەرەکی وڵاتەکە. بۆ نموونە، ئاماژە بەوە دەکرێت کە بە لای کەمەوە بەشێك لە هۆکاری پەلاماردان و داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ خواستی سەددام حوسێن دەگەڕایەوە کە ئەمەی بە ڕێگاچارەیەك دەزانی بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە داراییە دژوارەی کە وڵاتەکەی گرفتاری ببوو. ئەمەش ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن پەرەسەندن و پشێویە سیاسییەکانی ناوخۆیی وڵاتێك ئاکام و کاریگەریی جیوپۆلەتیکی لێدەکەوێتەوە. بەتایبەتی کە لێدوانی هەندێ لە بەرپرسانی باڵای وڵاتێکی گرنگ و خاوەن سەنگ و قورسایی لە ناوچەکەدا، وەك ئێران، باسی ئەوەیان کرد کە دابەزاندنی نرخی نەوت مەبەستدار و پیلانگێڕییەکی سیاسی لەپشتەوەیە، کە ئاشکرایە مەبەستی بەرپرسانی ئێرانیش، بریتی بوو لە ڕکابەرە هەمیشەییەکەی وڵاتەکەیان -سعودیە-، خۆ ئەگەر ئەمەش سەرنەکێشێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەخۆ و پێکدادانی سەربازی، ئەوا نکۆڵی لەوە ناکرێت ئاستی گرژییەکان بەرەو هەڵکشانی زیاتر و ئاڵۆزییەکی توندتر دەبات.

لە لایەکی دیکەوە، ڕەنگە ئەم قەیرانەی دابەزینی نرخی نەوت هۆکارێك بێت بۆ پێداچوونەوە لەلایەن ئەو وڵاتانەی بێئەندازە پشت بە داهاتەکەی دەبەستن، کە پێویستە ئەمە ببێتە وێستگەیەك بۆ پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەری و هەنگاوهەڵگرتن بۆ جۆراوجۆرکردنی ئابووریی وڵاتەکە ئەوەی بە ئینگلیزی پێی دەوترێت: "The diversification of Economy"، کە لە ناوچەکەی خۆماندا لەم ڕووەوە ئەزموون و مۆدێلی سەرکەوتوو هەیە. بۆ نموونە وڵاتێکی وەك ئیمارات کاری جددی و بەرچاوی کردووە بۆ ئەوەی نەبێتە قوربانی ئەم حاڵەتانە و چیتر دووچاری هەژان و شڵەژان نەبێتەوە لەگەڵ دابەزین و داڕووخانی نرخی نەوتدا و توانیویەتی تا ڕاددەیەکی باش خۆی لە کاریگەرییەکانی ڕزگار بکات و چیتر دیلی دەستی بازاڕەکانی نەوت نەبێت. هەروەها جارێکی دیکە ئەم قەیرانە ئەو ستراتیژیەتە درووست و سەرکەوتووانە بەبیر دەهێنێتەوە کە باشترین وەبەرهێنان بریتییە لە سەرمایەگوزاری لە سەرمایەی مرۆییدا، کە پێویستە بەشێك لە داهاتی نەوتیش بخرێتە خزمەت ئەم وەبەرهێنانەوە، بەتایبەتی ئێستا دەبینین کە ئەو داهێنان و پێشکەوتنانەی لە بواری تەکنەلۆجیادا بەرهەم دەهێندرێن، سەرەڕای ئەوەی بە شێوەیەکی پێشبینی نەکراو بە ئاست و ئەندازەیەکی بێ پێشینە شێوە ژیانی گۆڕیوین و ئاڵ و گۆڕی قووڵیان لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هێناوەتە ئاراوە، ئەوا لە هەمان کاتدا بوونەتە سەرچاوەیەکی گەورەی داهات بۆ وڵاتەکانیان، کە هەر ئەمەش وای کردووە ئەم وڵاتانە وەبەرهێنانی زیاتر بکەن بۆ پەرەپێدان بە توانا مرۆییەکان بۆ ئەوەی لە کاروانی پەیوەست بە پێشبڕکێ و داهێنانکاری دوا نەکەون.

حکومەتی عێراق تەنانەت ئەو خەڵکانەش وەک هاووڵاتی عێراقی سەیر ناکات کە لە تاوی نەبوونی ئاسایش و سەقامگیری لە بەشەکانی دیکەی عێراق پەنایان هێناوەتە بەر هەرێمی کوردستان، هەموو ئەم هەوڵانەی حکومەتی عێراق بە چڕکردنەوەی گوشارەکان بۆ سەر حکومەت و گەلی کوردستان لەو خاڵەدا ڕەنگدەداتەوە ئەویش ئەوەیە ئاستەنگ لەبەردەمی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستاندا درووست بکات

حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە بە شێوەیەکی شەفاف و لە چوارچێوەی لیژنەیەکی باڵادا لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران، تەواوی ئەو داهاتەی لە فرۆشتنی نەوت و داهاتی ناوخۆ دەستدەکەون، بۆ گەلی کوردستان ئاشکرا بکرێت و لەبەر ڕۆشنایی ئەو داهاتەی هەیە، بەرنامە بۆ پێدانی مووچەی فەرمانبەران و هەڵسووڕانی کارە خزمەتگوزارییەکان دابنرێت

هیچ حزبێک لە گاڵتەکردن بەم قەیرانە و نەهامەتییەکانی خەڵکی کوردستان سوودمەند نابێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر بەرپرسیارانە مامەڵە لەگەڵ ئەم قەیرانە بکرێت، ئەوا نەک هەر قەیرانەکە بەسەرکەوتووی تێدەپەڕێنێن، بەڵکو ئەم قەیرانە دەگۆڕێت بۆ دەرفەتێک بۆ بەخۆداچوونەوە لە هەموو بوارەکاندا



### د. گۆڤەند شێروانی تایبەتمەند لەبواری نەوت بۆ گوڵان:

# ئەگەر دەوڵەتانی ئۆپێک بەرهەمهێنان کەم نەکەوە نرخی نەوت زیاتر دادەبەزێت

**نرخی نەوت بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بۆ کەمتر لە ٣٠ دۆلار دابەزی، هێشتاش مەزندەی دابەزینی زیاتری لێدەکرێت، ئەوەش بۆتە سەرچاوەی قەیرانێکی ئابووری سەخت بۆ وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت و بەتایبەتیش عێراق. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم دابەزینە کتوپڕە و شێوازی ئەو قەیرانە ئابوورییەی ئێستا ڕووبەڕووی دەبێنەوە و هەوڵەکان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم قەیرانە ئابوورییە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ د. گۆڤەند شیروانی تایبەتمەند لەبواری نەوت ئەنجامدا و بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.**

*** سەرەتا دەمانەوێ بپرسین ئایا ڕەوشی نەوت بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچەکەدا و بەتایبەتی لە عێراق چۆن دەبینیت، چ لە ڕووی هەناردەکردن، یان هاوردەکردنەوە، ئایا ئەم نرخە لە چ ئاستێکدایە لە ڕووی بەرزبوونەوە، یان دابەزینەوە بەتایبەتی لە ئەمساڵدا؟**

- لە ڕاستیدا دابەزینی نرخی نەوت بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشتر گەیشتۆتە ئاستێکی چاوەڕواننەکراو، هەر دوێنێ بوو نرخی یەك بەرمیل گەیشتە خوار ٣٠ دۆلار، ڕەنگە هێشتا زیاتر دابەزێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا ٧٠٪ی نرخەکەی دابەزیوە، لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٤ نرخی بەرمیلێك نەوت بە ١١٥ دۆلار بووە، بەڵام دەبینین لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا هاتە خوار ٣٠ دۆلار تەنانەت گەیشتە ٢٨ دۆلاریش، ئەمەش کاریگەریی نەرێنیی ئابووری کردە سەر وڵاتانی بەرهەمهێن و تەنانەت بەکاربەر، سەبارەت

**هەرێمی کوردستان وڵاتێکی کشتوکاڵییە و دەشکرێ پرۆژەی پیشەسازی و گەشتوگوزاریی گرنگی لێ ئەنجام بدرێت، هاوکات کاراکردنی سیستەمی باج کە لە ئێستادا خاوە و ڕێژەکەیشی کەمە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە، ئەمەش لە کۆتاییدا خزمەت بە بودجەی گشتی وڵات دەکات**

**هەندێ کۆمپانیای وەک بی پی پترۆلیۆم و ڕێکخراوی وزەی جیهانی پێشبینی دەکەن تا کۆتایی ئەمساڵ نرخی هەر بەرمیلێک نەوت بۆ ٥٠ دۆلار نرخەکە بەرز ببێتەوە**

**ڕێکنەکەوتنی نێوان وڵاتانی سەر ئۆپێک گومانی ئەوە دەخاتەوە کە پاڵنەری دیکە هەیە بەوەی کە ئۆپێک کاری خۆی وەک پێویست ناکات، چونکە ئۆپێک ٣٠٪ ی بەرهەمی جیهانی بەرهەم دێنێت، واتا ٣٠ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا کە ئەگەر ١٠٪ی کەم بکاتەوە ڕەنگە نرخی نەوت لە بازاڕ تا رادەیەک بەرز بکاتەوە**

بە دەوڵەتانی بەرهەمهێنەر دیارە کاریگەرییەکی زۆری بۆ سەر داهاتەکانیان هەبوو، ئەمەش وای کرد کە چاو بە داهاتەکانیاندا بخشێننەوە، هەندێ دەوڵەتیش کە بە دەوڵەمەند ناوزەد دەکرێن، وەکو سعودیە لەو دۆخەی ئێستادا دووچاری کورتهێنان دەبنەوە، کە بڕی ٩٨ ملیار دۆلارە لە ساڵێکدا، کە پێویستە ئەمساڵ زیادەی هەبووایە، عێراقیش لەم کاریگەرییە بەدوور نییە، بودجەی ساڵی ٢٠١٦ی عێراق لەسەر بنەمای ٤٥ دۆلار بۆ نرخی هەر بەرمیلێك خەمڵێنراوە، بەڵام ئەگەر نرخی بەرمیلێك نەوت گەیشتە ٣٠ دۆلار، ئەوا بە ڕێژەی ٣٠٪ ی بودجەکەی ڕووبەڕووی کورتهێنان دەبێتەوە کە نزیکەی ٣٠ ملیار دۆلارە، ئەمەش کاریگەری بۆ سەر هەموو کایە و بوارەکانی خەرجی دەبێت، کە ڕەنگە کاریگەریشی هەبێت بۆ سەر مووچەی فەرمانبەر و کارمەندانی دەوڵەت، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە حکومەت توانی قەیرانی ساڵی ٢٠١٥ تێپەڕێنێت، خۆشبەختانە لە مانگەکانی یەکەمی ٢٠١٥ نرخی نەوت بەرزبوو، تەنیا لە کۆتایی مانگەکانی هەمان ساڵدا ئەو کەمبوونەوەیە ڕووی دا، بەڵام ساڵە سەخت و قورسەکە ٢٠١٦یە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، کە پێویستە ڕێکاری دیکە بگرنەبەر، عادل عەبدولمەهدی وەزیری نەوتی عێراق لە لێدوانێکدا رایگەیاندبوو کە عێراق بەرهەمهێنانی نەوتی تێپەڕاندووە واتا لە ٣ملیۆن و ٦٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا خەریکە دەگاتە ٤ ملیۆن بەرمیل، بەڵام ئەو زیادەیە خزمەت بە نرخ ناکات، بە پێچەوانەوە ڕەنگە کاتێ بەرهەم زیاد دەبێت بە کەمتر بیفرۆشێت، کەچی ئەگەر بەرهەم کەمتر بێت ئەوا بە نرخی زیاتر دەفرۆشرێت. مەترسییەکان زۆرن، یەکێك لەوانە بریتییە لە هەڵگرتنی ئابلۆقەی سەپێندراوی سەر ئێران، دوای واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لە مانگی حوزەیرانی ساڵی رابردوو، هەروەها چاوەڕوان دەکرێت ئەم مانگە سزاکان بە یەکجاری لەسەر ئێران هەڵبگیرێت، بۆیە ڕەنگە بەرهەمی ڕۆژانەی ئێران نیو ملیۆن بەرمیل زیاد بکات، لەبەر ئەوە بازاڕەکانی جیهان لە ئێستاوە ئەو هەڵگرتنەی سزاکەی سەر ئێرانیان قۆستەوە و نرخەکانیان دابەزاند.

*** لەئێستادا دەبینین زۆر لەو دەوڵەتانەی کە شەڕ و پشێوی ڕووبەڕوویان بۆتەوە، بەرهەمی نەوتیان ڕاگرتووە، وەك یەمەن و لیبیا و سووریا، کەواتە بۆچی لە جیاتی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دەبینین نرخەکە زیاتر دابەزیوە، هۆی ئەمە چییە؟**

- ڕاستە، لە حاڵەتی شەڕ و پشێوی لە هەندێ ناوچەدا کە نەوتیان تێدا بەرهەم دەهێندرێت، دۆخێکی ناسەقامگیریی ئابووری دێتە کایەوە و بەرهەم کەم دەبێت و نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی ڕووی دا بە پێچەوانەوە بوو، عێراق وڵاتێکی بەرهەمهێنی نەوتە، ئێستا لە شەڕی دژ بە داعشدایە و ٣٠٪ی خاکەکەی کە نەوتی تێدایە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی تیرۆریستانی داعشەوە، هەروەها یەمەن و سووریا و لیبیا کە پشێویان تێدایە، لەو ناوچانە دامەزراوە نەوتییەکان زیانیان پێ دەگات و پێویستە بەرهەم کەم بێتەوە، بەڵام ئەوەی ڕوویدا دەوڵەتانی دیکە بەرهەمەکانیان زیاد کردووە و ئەو کەمبوونەوەیان پڕکردۆتەوە، بەمەش بازاڕ ڕۆژانە لە ٢ تا ٣ ملیۆن بەرمیل نەوتی زیاتر بۆ دێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری بۆ سەر دابەزینی نرخی نەوت دەبێت، بەڵام ڕێکنەکەوتنی نێوان وڵاتانی سەر ئۆپێك گومانی ئەوە دەخاتەوە کە پاڵنەری دیکە هەیە بەوەی کە ئۆپێك کاری خۆی وەك پێویست ناکات، چونکە ئۆپێك ٣٠٪ ی بەرهەمی جیهانی بەرهەم دێنێت، واتا ٣٠ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا کە ئەگەر ١٠٪ی کەم بکاتەوە ڕەنگە نرخی نەوت لە بازاڕ تا رادەیەك بەرز بکاتەوە.

*** ئایا مەترسیی ئەوە هەیە کە هەرەسهێنانی ئابووری لە دەوڵەتانی بەرهەمهێنانی نەوت روو بدات؟**

- ڕەنگە هۆکاری دیکە هەبێت، بۆ نموونە وڵاتانی کەنداو کۆدەنگ نین لەسەر کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی نەوت، دیارە بوونی کێشمەکێش و ململانێی سیاسی کاریگەری هەیە وەك ئەوەی نێوان سعودیە و ئێران، کەمکردنەوەی نرخی نەوت زیاتر کاریگەری بۆ سەر ٣ دەوڵەت هەیە(سعودیە و ڕووسیا و فەنزەویلا)، وێڕای هەندێ وڵاتی دیکەی ئۆپێك وەك عێراق، دیارە ئەمە دەستکەوتێکی سیاسی و ستراتیژی لەدوایە، لەسەر حیسابی زیانی ئابووری، ئەگەر ئەمەش پاڵنەری ڕاستەقینە بێت لە زیادکردنی بەرهەم و دابەزینی نرخ، ئێران بەرلەوەی بێتەوە سەرخۆی زەرەرمەندبووە لەو دابەزینە، دوای ئەوەی دووچاری سزا بووەوە کە بەرهەمەکەی بۆ سێ یەك کەمی کردووە، کە پێشتر ڕۆژانە زیاتر لە ٣ ملیۆن بەرمیلی بەرهەم دەهێنا کە دواتر گەیشتە یەك ملیۆن بەرمیل، لە ئێستاشدا هەوڵ دەدات زیادی بکات، بەڵام خزمەت بە بازاڕ ناکات.

*** ئایا ئەو دەوڵەتانەی ئابوورییەکانیان پشتیان بە نەوت دەبەست و ئێستا دووچاری ئیفلیجی بوونەتەوە، چۆن دەتوانن چارەسەری خۆیان بکەن؟**

- عێراق لەنێو هەموو ئەو وڵاتانەدا زیاتر زەرەرمەند بووە، چونکە ٩٠٪ی داهاتەکەی پشتی بە نەوت دەبەستێت، واتا تاکە داهاتی ئەو وڵاتە هەر نەوت بووە، بۆیە زیاتر زیانی بەرکەوتووە، بەڵام ئەگەر پاڵپشتیی بواری دیکەی بکردایە وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار، هەروەها سیستەمێکی تەواو و دروستی بەدەستهێنانی باجی بکردایە، ئەو کاتە زیانەکەی لە ٩٠٪ کەمتر دەبوو، لە ئێستادا دەوڵەتانی کەنداو وەك سعودیە و کوێت و ئیمارات زیاتر گەشە بە بواری دیکە دەدەن، دەبوو ئەو دەوڵەتانە حیسابی دۆخی نائاساییان بکردایە، نەك هەر پشتیان بە نەوت ببەستایە وەك داهاتی یەکەمی ئابووری.

*** لێدوانێکی وەزیری نەوتی عێراق لە چەند ڕۆژی رابردوودا سەرنجی ڕاکێشام، کە گوایە عێراق دەتوانێت ئەمساڵ تێپەڕێنێت، ئایا ئەمە کارەسات نییە بۆ وڵاتێك**

**که له چەندین بواردا توانای بەدەستهێنانی داهاتی هەیە، بەڵام ناتوانێت پەرەی پێ بدات؟ ئایا پێتوایە هیچ چارەسەرێك بۆ ئەم كێشەیە لە ئارادابێت؟**

- ئەگەر مەبەست لەمەدا دابەزینی نرخ و کورتهێنانی ٣٠٪ی بودجەی گشتی بێت، کە مەسەلەیکی ئاسانە، ئەوا زەحمەتە هیچ کەس قبووڵی بکات، دەبێ بزانین ئەو ٣٠٪ی بودجە لە چیدایە، ئایا لە تەشغیلییە یان لە وەبەرهێنانە، چونکە ٧٠-٨٠٪ی تەشغیلییە لە رووی مووچە و خەرجیی بنیادنانی ژێرخان و بەکارهێنانی فەرمانگە و دامەزراوەکانی دەوڵەت، ٢٠-٣٠٪ی بۆ وەبەرهێنان دەچێت، کە ٣٠٪ی کورتهێنان هەبێت، واتا بەشێك لە وەبەرهێنان دەوەستێت، ئەمەش بە واتای ئەوەیە کە کورتهێنانەکە بۆ بەشی تەشغیلی دەچێت، مەگەر عێراق پەنا بباتە بەر قەرزوەرگرتن، چارەسەرەکە لەوەدایە کە هێڵی بودجە هەڵبوەشێندرێتەوە و سەرلەنوێ دابرێژرێتەوە، ئەویش بە کەمکردنەوەی زۆر بوار و شێوازی خەرجی لە بودجەدا، بۆیە لە سایەی نرخی ئێستادا بودجەی وەبەرهێنان پەکی دەکەوێت و تەنیا دەکەوێتە سەر بودجەی تەشغیلی، بەڵام زۆر جار هەندێ شتی رەشبینی بڵاودەکرێتەوە کە گوایە حکومەتی عێراق تا مانگی نیسان دەتوانێت مووچەی فەرمانبەرانی خۆی دابین بکات، بەڵام گۆڕانکاریی دیکە روودەدات بۆیە ناکرێ پشت بەو پێشبینییانە ببەسترێت.

*** ئایا چاوەڕوان دەکرێت بە پێی نۆرم و پێوانە جیهانییەکان نرخی نەوت زیاتر دابەزێت، یان بە پێچەوانەوە بەرز دەبێتەوە؟**

- ئەگەر دەوڵەتانی ئۆپێك رێککەوتن کە رەنگە مانگی حوزەیرانی داهاتوو کۆببنەوە و رەزامەندیی بدەن لەسەر راگرتنی زیاد بەرهەمهێنانی نەوت، کە هەموویان زەرەرمەندن، لەوانەیە چارەسەرێك بۆ دابەزینی نرخی نەوت بدۆزنەوە، من پێموایە کە ئەو نرخانە ئاسایی و سروشتی نین، تەنیا بە گۆڕینی کەش و هەوا لە ماوەی دوو رۆژی رابردوودا نرخی نەوت بە رێژەی ٥٪ واتا ٣-٤ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك بەرزبووەوە، بەتایبەتی لەگەڵ بوونی زریان و بەفر و باران و شەپۆلی سەرما لە ئەمریکا و ئەورووپا نرخی هەر بەرمیلێك بۆ نزیکەی ٣ دۆلار بەرز بووەوە، بۆیە پێشبینیی دەکرێت لە نیوەی ئەمساڵدا نرخەکە بۆ ٤٠ دۆلار بەرز ببێتەوە، تەنانەت هەندێ کۆمپانیای وەك بی پی پترۆلیۆم و رێکخراوی وزەی جیهانی پێشبینی دەکەن تا کۆتایی ئەمساڵ نرخی هەر بەرمیلێك نەوت بۆ ٥٠ دۆلار نرخەکە بەرز ببێتەوە، کە رەنگە تا ساڵی ٢٠٢٠ بگاتە ٦٠-٧٠ دۆلار، ئەم ژمارانەش هەر لەخۆڕا ناگوترێت، دیارە پشت بە دەرهاویشتەوە ژمارەی زانستی دەبەستێت.

*** ئەگەر باس لە نەوتی کۆگاکراوی ئەمریکی بکەین، هەندێ دەڵێن گوایە ئەمریکا هۆکارە بۆ دابەزینی نرخی نەوت بە هۆی فرۆشتنی نەوتی کۆگاکراوی خۆی، لەمەدا رای ئێوە چییە؟**

- لە ئێستادا نەوتی کۆگاکراو هەیە و پڕی عەمبارەکانە، ئەمریکا دابەزینی نرخی نەوتی قۆستەوە و دەستی کرد بە فرۆشتنی نەوت، چونکە ئەو نەوتە هەرزانە، جارێکی دیکەش ئەگەر نرخەکە بەرزبووەوە، ئەوا دیسان ئەو نەوتە بە هەرزان دەفرۆشێتەوە، لە ماوەی ٤٠ ساڵی رابردوودا یاسایەك هەبوو لە ئەمریکا کە رێگەی نەدەدا نەوت هەناردە بکرێت، چونکە پێویستیی ناوخۆ زۆر بوو، بەرهەمی ناوخۆی وڵات بەشی نەدەکرد، بەڵام ئەمساڵ بڕیارێك دەرچوو، کە رێگەی بە کۆمپانیاکان دا هەندێ نەوت هەناردە بکەن، ئەمەش بەڵگەیە کە زیادەیەك لە نەوتی عەمبارکراو هەیە، شتێکی دیکەش کە هاتە ناو کێبڕکێیەکەوە (نەوتی بەردین) بوو کە لە ئەمریکا نەوت و غاز دەردەهێندرێت، ئەوەش رۆژانە ٣ ملیۆن بەرمیلی بەرهەم دەهێنا، ئەم نەوتەش کاریگەریی کردە سەر کەمکردنەوەی نرخ، بەڵام ئەو نەوتە تێچووەکەی زۆر گرانە، کە لە نێوان ٤٠-٥٠ دۆلارە بۆ هەر بەرمیلێك، بۆیە پێویستە ئەو کۆمپانییانە بەرهەمهێنانی ئەو نەوتە رابگرن، تا ئەو کاتەی نرخ دەگاتە ٤٠ دۆلار، یان زیاتر، بۆیە لە ناو خودی ئەمریکادا هەندێ کۆمپانیا هەن کە زەرەرمەندبوون. زیانێکی دیکە ئەوەیە کە کاتێ پشێوییەك روودەدات، دەوڵەتان هەموویان دەکەونە ژێر کاریگەریی ئەو پشێوییە، تەنانەت هەندێ وڵاتانی بەکاربەریش دووچاری دەبنەوە، هەروەها ئەگەر نرخی نەوت بە رێژەیەکی زۆر دابەزی، ئەوا وەبەرهێنان لە سەرچاوەی وزەی ئەلتەرناتیڤیش دادەبەزێت، بۆیە ناچار دەبن بەدوای سەرچاوەی دیکەی وزەدا بگەڕێن، وەك وزەی کارەبا و ئەتۆمی کە ئەمەش تێچووەکەی زۆر بەرزتر دەبێت.

*** هەرێمی کوردستانیش وەك وڵاتانی دیکە رووبەڕووی زیان بۆتەوە کە پشت بە نەوت دەبەستێت، ئامۆژگاری و پێشنیارت چییە تاکو بەدوای شتی دیکەدا بگەڕێت بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە؟**

- ئێستا زۆر هۆکاری دیکە هەیە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، هەندێ رێکاری کورت خایەن هەن، هەندێکی دیکەش پێویستی بە کاتی زیاترە، سەبارەت بە کورتخایەنەکە بریتییە لە کەمکردنەوەی خەرجی و رێگەگرتن لە بەهەدەردانی بودجە و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی، بۆ درێژخایەنیش هەروەك حکومەتی بەغدا لە ئێستادا دەیکات، دەرکردنی سەنەدی حکومییە کە جۆرێکە لە پاڵپشتیکردنی دارایی، بەڵام رێکاری گرنگ ئەوەیە چاو بە سیاسەتی ئابووری بخشێندرێتەوە لەگەڵ گەڕان بە دوای سەرچاوەی جێگرەوەی ئابووری، چونکە هەرێمی کوردستان وڵاتێکی کشتوکاڵییە و دەشکرێ پرۆژەی پیشەسازی و گەشتوگوزاریی گرنگی لێ ئەنجام بدرێت، هاوکات کاراکردنی سیستەمی باج کە لە ئێستادا خاوە و رێژەکەیشی کەمە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە، ئەمەش لە کۆتاییدا خزمەت بە بودجەی گشتی وڵات دەکات.

**عێراق وڵاتێکی بەرهەمهێنی نەوتە، ئێستا لە شەڕی دژ بە داعشدایە و ٣٠٪ی خاکەکەی کە نەوتی تێدایە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی تیرۆریستانی داعشەوە**

**چاوەڕوان دەکرێت ئەم مانگە سزاکان بە یەکجاری لەسەر ئێران هەڵبگیرێت، بۆیە رەنگە بەرهەمی رۆژانەی ئێران نیو ملیۆن بەرمیل زیاد بکات، لەبەر ئەوە بازاڕەکانی جیهان لە ئێستاوە ئەو هەڵگرتنەی سزاکەی سەر ئێرانیان قۆستەوە و نرخەکانیان دابەزاند**

**بودجەی ساڵی ٢٠١٦ی عێراق لەسەر بنەمای ٤٥ دۆلار بۆ نرخی هەر بەرمیلێک خەملێنراوە، بەڵام ئەگەر نرخی بەرمیلێک نەوت گەیشتە ٣٠ دۆلار، ئەوا بە رێژەی ٣٠٪ ی بودجەکەی رووبەڕووی کورتهێنان دەبێتەوە کە نزیکەی ٣٠ ملیار دۆلارە**

# بنەماکانی ئەنجامدانی چاکسازی و بەڕێوەبردنی قەیران لە هەرێمی کوردستان



**د.فەرسەت سۆفی**

بۆ گوڵانی نووسیوە

هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی زۆر سەخت و دژواردا تێپەڕدەبێت، شەڕی تیرۆر، قەیرانی سیاسیی ناوخۆیی، قەیرانی دارایی و ئابووری، هەموو ئەمانە کوردستانیان خستۆتە بەردەم تونێلێکی تاریك و ئەگەر زۆر بە دیقەت و بوێرانە و بە ئیرادەیەکی سیاسی راستەقینە بڕیار نەدەین ئەمجارەیان مەترسییەکان گەورەن، لەسەر ئەو بنەمایە پێمانوایە بەڕێوەبردنی قەیرانی دارایی و کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی داهات و تەرشیقی حکوومی کە لە ئەنجامدا خۆی لە پرۆسەیەکی چاکسازی هەمەلایەنە دەبینێتەوە پێویستی بە رەچاوکردنی کۆمەڵێك بنەما و خاڵی گرنگ هەیە کە لە خوارەوە بەشێکیان دەخەینەڕوو:

● چاکسازی و ئیدارەدانی قەیرانی دارایی پێویستی بە زەمینەیەکی سیاسی لە بار هەیە، واتە گەر بمانەوێت لە کەشێکی لە بار چاکسازی بکەین، دەبێ پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکان پێوەندییەکی باش بێت بۆ ئەوەی هەموو لایەك بەشدار بێت لەو چاکسازییە و پرۆسەکەش دووربێت لە موزایەدە و دەستکەوتی کەسی و حزبی، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە هێزە سیاسییەکان پەلە بکەن لە چارەسەرکردنی دۆخی سیاسی و بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەو مەترسییانەی روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، دەبێ هەر لایەك ئامادەیی بەشێك لە سازشی هەبێت.

● پرۆسەی چاکسازی پێویستی بە پەرلەمان هەیە، دەستبردن بۆ چاکسازی لە باج و گومرگ و بە دامەزراوەییکردنی کەرتی نەوت و چەندین لایەنی

دیکە بە بێ پەرلەمان ناکرێت، واتە کارابوونەوەی پەرلەمان یەکێکی دیکەیە لە بنەماکانی سەرکەوتنی پرۆسەکە.

- خاڵی هەرە گرنگ بۆ پرۆسەی چاکسازی ئەوەیە کە خەڵکی دڵسۆز و رابردووپاك رابسپێردرێن بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و بەڕێوەبەردنی قەیرانەکە، چونکە چاکسازی بە خەڵکی گەندەڵ ناکرێت.
- دەبێ بڕیارەکانی چاکسازی هەموو سێکتەر و کەس و لایەنێك بگرێتەوە، نابێ کەس حەسانەی هەبێت و نابێت هیچ بابەتێکیش هێڵی سوور بێت.
- درووستکردنەوەی پردی متمانەی نێوان خەڵك و حکومەت یەکێکی دیکەیە لە خاڵە گرنگەکان، ئەمەش بەوە دەکرێت کە لە بڕیارەکانی چاکسازی بەرژەوەندی خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت و مووچەخۆر لە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکەوە بێت، دەستبکرێت بە پرۆسەی سزادانی ئەوانەی لە سەر حیسابی سامانی گشتی دەوڵەمەند بوون، داهاتەکان شەفافتر بکرێن و هەموو جۆرە نادادیەك لە دابەشکردنی سامان و پۆست و وەزیفەی گشتی پێداچوونەوەی بنەڕەتی پێدا بکرێت، قۆرخکاری نەمێنێت و بازرگانی لە بەرپرسە باڵاکان قەدەغە بکرێت، موڵك و ماڵی هەرێم پارێزراو بێت و نەهێڵدرێت چیدیکە زێدەڕۆیی بکرێتە سەر.
- دەسەڵاتی دادوەری و داواکاری گشتی و دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە چالاکتر و بە گوڕتر لە پرۆسەی چاکسازی بەشداری بکەن و رۆڵی گرنگی خۆیان ببینن.
- خەڵکی ئەکادیمی و پسپۆڕ و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و زانکۆکان و راگەیاندن دەبێ لەم پرۆسەیە رۆڵیان پێبدرێت و زەمینەی بەشداری پێکردن و راوەرگرتنیان بۆ بڕەخسێندرێت.
- پێویستمان بە نەخشە رێگەیەکی چاکسازی هەیە کە بریتی بێت لە پڕۆژەیەکی چاکسازی ستراتیژی و تیایدا بە شێوەیەکی زانستی هەنگاوەکانی چاکسازی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی تێدا دیاری بکرێن. دەکرێت بۆ ئامادەکردنی ئەو پڕۆژەیە سوود لە ئەزموونی وڵاتانی دنیا وەربگرین و تیایدا ئەولەوییەت و سەقفی زەمەنیش دیاری بکەین.
- خاڵێکی دیکەی هەرە گرنگ بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی چاکسازی ئەوەیە کە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت بە یەکەوە بە هەماهەنگی تەواو پرۆسەکە بەڕێوەببەن و بۆ هەر هەنگاوێك تەنسیقی پێشوەختە گرێبدەن.
- یەکێك لە هەنگاوە هەرە گرنگەکان ئەوەیە کە هێزەکانی پێشمەرگە و دەزگاکانی ئاسایش بە تەواوی یەکبخرێنەوە و هەموو ئەو چاکسازییانەی پێویستن لە سەر ئاستی هێزە چەکدارەکان بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەنجام بدرێن.
- رێکخستنەوەی کەرتی نەوت و کارەبا و باج و وەزیفەی گشتی لە پرۆسەی چاکسازی دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی خەرجی زۆر و بەدەستهێنانی داهاتی نوێ، بۆیە چاکسازی کردن لەم سێکتەرانە نابێ دوابخرێت و پێویستە بە شێوەیەکی شەفاف و روون ئەم لایەنە گرنگانە کاریان لە سەر بکرێت.
- بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە سەختەش کە ئێستا هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت، وەك هەنگاوی خێرا حکومەت کۆمەڵێك هەنگاوی باشی ناوە و دەکرێت بەردەوامیش بێت لە وەرگرتنی بڕیارەکانی، راستە پرۆسەکە قورس و سەختە، بەڵام مەحاڵ نییە بتوانین خۆمان رابگرین بەرامبەر ئەو رەشەبایەی بە ئاراستەی هەرێمەکەمان هەڵی کردووە، ئەمەش تەنیا پێویستی بە بوێری و ئیرادەی سیاسی و قوربانیدانی هەموو لایەك هەیە. بۆ نموونە ئێستا کاتی ئەوەیە ملیاردێر و ملیۆنێرەکان بە دۆلار بهێندرێنە سەر خەت، یان باشترە خۆیان بێنە سەر خەت و بە شێوەی قەرز، یان بەخشین بەشێکی سەرمایەی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ دەرچوون لەم قەیرانە. پێداچوونەوە بە گرێبەستەکانی کارەبا و داهاتی نەوت بە دڵنیایی کاریگەری زۆری دەبێت، پێداچوونەوە بە وەزیفەی گشتی و بندیوار و دووموچەیی داهاتی گەورە بۆ هەرێم دەگەڕێنێتەوە، رێکخستنەوەی داهاتی گومرگەکان و باج و رسوماتەکان بۆ ئەم قۆناغە زۆر پێویستن، ئامارکردن و پێداچوونەوەی موڵکەکانی حکومەت لە شارەوانی و ئەوقاف و هەموو وەزارەتەکانی دیکە داهاتی زۆر بەرجەستە دەکات، پێداچوونەوە بە خەرجییە زۆرەکان و ئۆتۆمبێلی حکوومی و بینایەی بەکرێ، ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر پێویستە، بەپێی ئەو بەدواداچوونەی لەگەڵ هاوڕێی پەرلەمانتارم گۆران ئازاد کردمان، نیوە زیاتر لە ستراکچەری حکومەت زیادەیە، پارێزگایەکی وەك بەسرە کە ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی هەرێمی کوردستانە، تەنیا سێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێیە، کەچی لە هەرێمی کوردستان لە هەر پارێزگایەك زیاتر لە ١٩ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێیە، ئەمە جگە لەم هەموو دەستە و دامەزراوانەی دی کە بە هیچ شێوەیەك پێویست نین، بۆیە دەکرێت نیوەی هەیکەلیەتی ئەم حکومەتە کەم بکرێتەوە.

**دەبێ پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکان پێوەندییەکی باش بێت بۆ ئەوەی هەموو لایەک بەشدار بێت لەو چاکسازییە و پرۆسەکەش دووربێت لە موزایەدە و دەستکەوتی کەسی و حزبی، ئەمەش پێویستی بەوە هەیە کە هێزە سیاسییەکان پەلە بکەن لە چارەسەرکردنی دۆخی سیاسی و بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەو مەترسییانەی روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە**

**ئێستا کاتی ئەوەیە ملیاردێر و ملیۆنێرەکان بە دۆلار بهێندرێنە سەر خەت، یان باشترە خۆیان بێنە سەر خەت و بە شێوەی قەرز، یان بەخشین بەشێکی سەرمایەی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ دەرچوون لەم قەیرانە**

سیاسەتمەدار عارف روشدی بۆ گوڵان:

# بزووتنەوەی گۆڕان نەیتوانی تێڕوانینێکی دووربینی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبێت

## دەبێت نەوشیروان مستەفا داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان بکات

**بارودۆخی سیاسیی ناوچەکە و دۆخی ئێستای کوردستان و ناکۆکییە ناوخۆییەکان و کاریگەریی نەرێنیی ئەو ململانێیە نارەوایە لەم دۆزە هەستیارەدا کە کوردستان رووبەڕووی جەنگی سەپێندراوی داعش و بڕینی بودجە و مووچە و قەیرانی دروستکراوی ئابووری لەلایەن بەغداوە بووەتەوە، هەروەها داڵدەدانی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە، هاوکات پرسی سەربەخۆیی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و تەحەددی و رێگرییەکانی ناوخۆیی و دەرەکی بەرامبەر بەم دەرفەتە مێژوویی و پرسە نەتەوەییە و چەندین پرسی هەنوکەیی دیکە، بۆ قسەکردن لەسەر کۆی ئەم پرسانە ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ عارف روشدی سیاسەتمەدار و راوێژکاری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی داویەوە.**



*** لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا ئەمە یەکەمین جارە دەرفەتێکی هاوشێوەی ئەمڕۆ بۆ بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان هاتۆتەپێشەوە، لە هەمانکاتیشدا ماوەی پەنجا ساڵیشە هیچ کاتێك باری ناوخۆی کوردستان وەك ئێستا ئاڵۆز نەبووە. ئایا لە نێوان ئەم دوو هاوکێشەیەدا بارودۆخی سیاسی ئێستای کوردستان چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- کورد نەك هەر لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوو، بەڵکو هەر لە ساڵی ١٥١٤ زایینییەوە کە لەلایەن هەر دوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی دەستی بەسەردا گیرا و دابەشکرا بۆ دوو پارچە و دوای شەڕی یەکەمی جیهانیش دابەشکرا بۆ چوار پارچە، وەك سەرجەم نەتەوەکانی دیکە خواستێکی هەبووە، ئەویش رزگاری بووە، لەم پێناوەشدا دەیان شۆڕش و راپەڕینی بەرپاکردووە و بە سەدان هەزار قوربانی بەخشیوە، بۆیە ئەگەر بە درێژایی ئەم مێژووە خوێندنەوەیەکی هێمنانە بۆ هەموو ئەو رووداوانە بکەین، ئەوا دەبینین داواکاری گرنگ و هەرە پێشەوەی ئەو شۆڕشانە سەربەخۆیی کوردستان بووە، بەڵام بەداخەوە هەر جارێك شۆڕشەکانی ئێمە لە بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەدا شکستیان هێنابێت، تەنها هۆکارەکەیمان گێڕاوەتەوە بۆ فاکتەری دەرەکی و جیۆپۆلیتیکیی کوردستان. راستە هۆکاری دەرەکی و جیۆپۆلیتیکی فاکتەر و هۆکارێکە، بەڵام ناکرێت لە بەرپرسیاریەتی هەڵبێین و وەك بەرزەکی بانان بۆی دەربچین و ئاوڕ لە کاریگەریی نەرێنی فاکتەری ناوخۆییش نەدەینەوە لە ئاست ئەو شکستانەدا، بۆیە لەم خاڵەوە گرنگە درك بەو راستییە بکەین، کە هەرگیز ئەو دەوڵەتانەی بەشێکی کوردستانیان داگیرکردووە، یان دەوڵەتە زلهێزەکان کە خاوەنی

**هەرگیز ئەو دەوڵەتانەی بەشێکی کوردستانیان داگیرکردووە، یان دەوڵەتە زلهێزەکان کە خاوەنی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانن، قەت رۆژێک لە رۆژان نایەن بە ئێمە بڵێن: فەرموون وەرن دەوڵەتی خۆتان رابگەیەنن، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، دەوڵەتانی دواکەوتوون، ئەوان تەنانەت نەیانتوانیوە نەتەوەی خۆیان ئاسوودە بکەن، چ جای ئەوەی بڕوایان بە پێکەوەژیان و مافی ئەو گەل و نەتەوانەش هەبێت کە لەگەڵیاندا دەژین**

**وێڕای ئاستەنگە دەرەکی و ناوخۆییەکان، من گەشبینم لەبەر ئەوەی گەلێک هەیە ئیرادەی هەیە ئازادانە بژیت و خەباتیش بەردەوام دەبێت تا بەو ئامانجە دەگەین**

بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیانن، قەت رۆژێك لە رۆژان نایەن بە ئێمە بڵێن: فەرموون وەرن دەوڵەتی خۆتان رابگەیەنن، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، دەوڵەتانی دواکەوتوون، ئەوان تەنانەت نەیانتوانیوە نەتەوەی خۆیان ئاسوودە بکەن، چ جای ئەوەی بڕوایان بە پێکەوەژیان و مافی ئەو گەل و نەتەوانەش هەبێت کە لەگەڵیاندا دەژین، بەڵام وێڕای ئەم واقیعەش کورد دەستبەرداری خەباتی سەربەخۆیی نەبووە و لە هەموو قۆناخ و هەلومەرجێکدا بە شێوازی جیاواز خۆی رێکخستووەتەوە و بەردەوامی بە تێکوشان داوە لەو پێناوەدا، بۆیە ئەمەش بە خاڵێکی ئەرێنی دەزانم، لە سەرووی هەموو ئەمانەش وێڕای ئاستەنگە دەرەکی و ناوخۆییەکان، من گەشبینم لەبەر ئەوەی گەلێك هەیە ئیرادەی هەیە ئازادانە بژیت و خەباتیش بەردەوام دەبێت تا بەو ئامانجە دەگەین.

*** ئێمە مەبەستمان بوو زیاتر هەڵوەستە لەسەر باری ناوخۆی کوردستان بکەین وەك ئاستەنگ لە بەردەم پرۆسەی سەربەخۆیی، بەتایبەتی کە ئێستا جۆرێك لە لێکتێنگەیشتن و نەبوونی کاری هاوبەش و ئاژاوە بوونی هەیە. ئایا تاچەند ئەم حاڵەتە دەبێتە ئاستەنگ بۆ پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان؟**

- من راشکاوانە دەڵێم: ئێستا هیچ بیانوویەك نەماوە بۆ ئەوەی بڵێین هۆکاری دەرەکی و هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستان رێگرە لە بەردەم پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان و هیچ پاساوێکیش نییە بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە تاوانبار بکەین، بەداخەوە لەم قۆناخەدا تاوانباری هەرە سەرەکی دژی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان لەنگیی بزاڤی سیاسی کوردستانە و بەتایبەتی ئەو ئەکتەرانەن کە ئێستا بە بیرێکی چەوت و گوماناوی و رقاوی لە بەرامبەر ئەم پرۆسەیە رەفتار دەکەن، زۆر جار کە باسی فرەیی و ئازادیی دیموکراسی لە کوردستاندا دەکرێت، بیرۆکەیەك بە خەیاڵمدا دێت و دەڵێم: هەق نییە ئەوە بوونی هەبێت، کەڵکەڵەی ئەوە لێمدەدات کە باوەڕم بە بۆچوونێکی عەبدولڕەحمان کەواکیبی بێت کاتێك دەڵێت: پێویستیمان بە دەسەڵاتیکی خۆسەپێنی دادپەروەر هەیە، واتە (المستبد العادل)، ئەمە لەوانەیە خەونێك بێت بۆ من، بەڵێ من وای دەبینم قوناخی ئێستای کوردستان پێویستی بە شتێکی لەو جۆرە هەیە، ئێستا کوردستان لە قۆناخێکی جیاوازدایە، لێرەدا ناگەڕێینەوە بۆ ئەوەی لە سەردەمی خەباتی شاخ چی کراوە و چی نەکراوە، ئەمە مێژووە و هەموو میللەتێکیش دەبێت مێژووی خۆی بە رەش و سپییەوە بنووسێتەوە، لەوەشدا نەك تەنیا تۆمارکردنەوەی رووداوەکان بێت، بەڵکو دەبێت بە شێوازەکانی فەلسەفەی مێژوو، تاوتوێی هۆکار و ئاکامی رووداوەکان بکەین، لەبەر ئەوەی هەموو رووداوێك هۆکار و پاڵنەر و سات و کاتی خۆی هەیە، بۆیە لەم روانگەیەوە کە سەیری بارودۆخی ئێستا دەکەین، هەر دەبێت بڵێین: جێگەی داخە، دەبوایە حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ئاستێکی بەرزتردا بوونایە، دەبوو خوێندنەوەیان وردتر بوایە، لەبەر ئەوەی درووستبوونی دەوڵەت بۆ هەر نەتەوەیەك لە ئاکامی رووداوە گەورەکان هاتۆتەئاراوە، با سەیری ئاکامەکانی شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی فەرەنسا و شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی بکەین، دەبینین هەموو دەوڵەتە نەتەوەییەکانی رۆژئاوا بەرەنجامی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە گەورەکان بوون، لە ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا شەڕێکی گەورە لە ئارادایە و مەزندەی ئەوە دەکرێت بەرهەمهێنەری گۆڕرانکارییەکی گەورە بێت، راستە شەڕەکە بە ناوی «شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش»ـە، بەڵام پێموایە لە هەمان کاتدا شەڕی بەرژەوەندیی نێوان دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهانە کە دووبارە دەیانەوێت ماستەرپلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕن، ئەو ناکۆکییە نەتەوەیی و ئایینییەی لە ناو پێکهاتەی جوگرافیی دەوڵەتانی -سایکس پیکۆ- هەیە، گەیشتۆتە ئاستی لێوانلێو و ململانێی دەوڵەتانی ناوچەکە لە سەر نفوز و باڵادەستی، سەرەڕای ئەمانەش هەتا ئێستاش ناوچەکە دەوڵەمەندە لە زۆر رووەوە، بەتایبەتی لە بواری نەوت و سەرچاوەی وزە، لەمەش زیاتر هەڵکەوتەی جوگرافی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ رۆژهەڵات و رۆژئاوای جیهان گرنگی خۆی هەیە، لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆز و گرنگەدا، کورد توانیویەتی دانپێدانانی وڵاتانی زلهێز بەدەست بهێنێت، بەوەی تەنیا هێزی شەڕکەرە کە توانیویەتی لەسەر زەوی تیرۆریستانی داعش رابگرێت و پاشەکشەیان پێبکات و تێکیان بشکێنێت، راستە هێزی پێشمەرگە نەیتوانیوە تیرۆریستانی داعش لەناو بەرێت، بەڵام ئەم کارە تەنیا بە ئێمە ناکرێت، پێویستی بە هاوکاری زیاتر هەیە، لەم هاوکێشەیەدا نابێت تەنیا شەڕکەری باش بین، لەم شەڕی دژی داعش ١٤٠٠ شەهید و نزیکەی ٨٠٠٠ بریندارمان هەبووە، بەشێکی کورد کە کوردانی ئێزیدین جارێکی دیکە ئەنفالکراون و ژینۆساید لە دژیان ئەنجامدراوە،

بە ملیۆنەها دۆلار خەرجی ئەم شەڕە کراوە، هاوکات کوردستان پێشوازی لە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی مووسڵ، ناوەڕاست و رۆژئاوای عێراق و کوردستانی سووریا کردووە، هەموو ئەمانە قوربانی گەورەن و بارقورسی زۆری لەسەر دروست کردووین، بۆیە دەبێت دەستکەوتەکەشمان بارتاقای ئەو قوربانیدانە بێت، لەبەر ئەوەی کوردستان نیشتمانی هەموو ئەو نەتەوە و ئایینانەیە کە لەسەر ئەم خاکە دەژین، دەستکەوتەکە دەبێ بریتی بێت لە (دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی و دیموکراتی کوردستان). بەڵام بەداخەوە هەڵوێستی هەندێك لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ئاستی بەرپرسیارەتیدا نابینم، دەڵێن هەمان ئامانجمان هەیە، بەڵام لە کاتێکدا پێویست دەکات هەموو کێشە لاوەکییەکان وەلا بنرێن، دێن و بیانوو دەگرن، ئەم بیانووگرتنە بە هەڕەشە دەبینم لە سەر ئەو دەرفەتەی بۆ کوردستان هاتۆتە پێشەوە. حزبە سیاسییەکانی بەشداربوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەموویان رێککەوتوون لەگەڵ پارتی بۆ ماوەی چوار ساڵ لە حکومەت بەشداربن. واتە هەر چوار حزبەکە (یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو). لێرەدا پرسیارێك رووبەڕوویان دەبێتەوە، بەتایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان، بۆچی دوای دوو ساڵ تەنگژەیەکی گەورە دروستدەکەن، لە کاتێکدا بەپێی ئەو رێککەوتنەی ئیمزایان کردووە و بە پێی رێژەی دەنگەکانیان زیاتر پۆستیان وەرگرتووە. گۆڕان سەرەڕای بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان، چەندین وەزارەتی وەرگرتووە پاشان وەزیرەکانی لە حکومەت هیچ ئاستەنگێکیان بۆ دروست نەکراوە، هەروەها گۆڕان لە حکومەتە لۆکاڵییەکانی پارێزگاکاندا بەشدارە، بەڵام لەم کاتەدا دێت و ئاستەنگ بۆ حکومەتی کوردستان دروست دەکات، ئەمەیان جێگەی هەڵوەستەیە، لە پرۆسەی حوکمڕانیی سەرکەوتوودا پێویستە حزبە بەشدارەکانی ناو حکومەت پلان و تێڕوانینی هاوبەشیان هەبێت لە بارەی ئامانجە چارەنووسسازەکان، بەڵام بەپێچەوانەوە بزووتنەوەی گۆڕان نەیتوانی رێککەوتنەکەی لەگەڵ پارتی بباتەسەر، ناکرێت لە حکومەتیشدا بەشدار بێت و رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنیش بگێڕێت، بەڵکو هەموو لایەنەکان بۆیان هەیە رەخنەیان هەبێت لەو ئاستەدا کە لە پێناوی خەڵکدا بێت و نەبێتە موزایەدەی سیاسی، لەبەر ئەوەی ئەگەر خەمی خەڵکیان هەبوایە، دەبووایە جارێ هەموو شتێکی لاوەکی وەلابنێن و بیر لەوە بکەنەوە چۆن ئاسایش و سەقامگیری کوردستان باشتر بپارێزن، چۆن بژێوی خەڵك دابین بکرێت و خزمەتگوزارییان پێشکەش بکەن، لە کاتێکدا بۆ دوو ساڵ دەچێت حکومەتی بەغدا قوت و بودجەی خەڵکی کوردستانی بڕیوە، کە دەبوایە یەکهەڵوێست بەرامبەر رەفتارەکانی بەغدا هەماهەنگبان. من یەکێك بووم لەوانەی لایەنگیری حکومەتی بنکەفراوان بوون، بەڵام ئێستا خۆم بە هەڵە دەزانم، هەندێ حزبی بەشداربوو لە حکومەت بە مەبەست کاردەکەن، کێشە نییە خاوەنی دید و بۆچوونی جیاواز بن، بەڵام ناکرێ بەرژەوندە گشتییەکان فەرامۆش بکرێت لە پێناوی بەرژەوەندی حزبی، یان تۆڵەکردنەوە بە کۆنەقین و مەترسییەکە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت. ئێستا هەرێمی کوردستان دووچاری قەیرانێکی ئابووریی گەورە بووەتەوە. هەموو حزبەکان ئاگاداری هۆکارەکانی ئەم قەیرانەن و دەشزانن حکومەتی عێراق مووچە و بودجەی کوردستانی بڕیوە، پێش ئەوەی کێشەی نەوت لە نێوان هەرێم و بەغداش دروست بێت، نەمبینی رۆژێك لە پەرلەمانی کوردستان، یان عێراق لەسەر ئەم پرسە مانگرتنێك رووبدات، ئەگەر جارێکیش قسەیەکیان کردبێت، زیاتر حکومەتی هەرێمیان خەتابار کردووە .

*** ئێستا بەشێك لەو حزبانە بە راشکاوی دەڵێن بەغدا باشترە و دەیانەوێت دووبارە کوردستان بکەنەوە بە پاشکۆی حکومەتی بەغدا، لەسەر ئەمەیان چی دەڵێیت؟**

- ئەگەر پرسیارەکە بە جۆرێکی دیکە وەڵام بدەینەوە، دەبێت ئەو پرسیارە بکەین کە ئایا ئێمە لە بەغدا یاخی بووین، یان ئەوە بەغدایە لەکوردستان یاخی بووە؟ بە تەئکید بەغدایە لە کوردستان یاخی بووە، حکومەتی ئێستای بەغدا خۆی لە کوردستان جیاکردۆتەوە، هەروەك چۆن رژێمی سەدام حوسێن لە ١٩٩١ خۆی لە کوردستان جیاکردەوە، لە سەردەمی رژێمی سەدام حوسێن تەنانەت دراوی کوردستان لەگەڵ بەغدا جیاواز بوو، ئێمە دیناری سویسری-مان بەکار دەهێنا، ئەوان دیناری چاپکراو، ئابووریمان بە بەغداوە گرێدراو نەبوو، زیاتر ئابووریمان بە دەوڵەتانی دەوروبەرەوە گرێ دابوو، ئێستاش هەروایە ئەوان بڕیاری خۆیان داوە، کەچی لەم حاڵەتەدا بزووتنەوەی گۆڕان لە بری ئەوەی پشتگیری ئەم بارودۆخەی کورد و پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستان بکات، دەیەوێت جارێکی دیکە ملکەچی بەغدامان بکاتەوە. بزووتنەوەی گۆڕان لە حوکمڕانی و نواندنی هەڵوێستی یەکگرتووی نیشتمانیدا نوشستی هێناوە و

**ئێستا هیچ بیانوویەک نەماوە بۆ ئەوەی بڵێین هۆکاری دەرەکی و هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستان رێگرە لە بەردەم پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان و هیچ پاساوێکیش نییە بۆ ئەوەی خەڵکی دیکە تاوانبار بکەین**

**لەم قۆناخەدا تاوانباری هەرە سەرەکی دژی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان لەنگیی بزاڤی سیاسی کوردستانە و بەتایبەتی ئەو ئەکتەرانەن کە ئێستا بە بیرێکی چەوت و گوماناوی و رقاوی لە بەرامبەر ئەم پرۆسەیە رەفتار دەکەن**

**هەموو میللەتێک دەبێت مێژووی خۆی بە رەش و سپییەوە بنووسێتەوە، لە وەشدا نەک تەنیا تۆمارکردنەوەی رووداوەکان بێت، بەڵکو دەبێت بە شێوازەکانی فەلسەفەی مێژوو، تاوتوێی هۆکار و ئاکامی رووداوەکان بکەین**

نەیتوانیوە ئەو هێزە سیاسییە بێت کە گۆڕانکاری دروووست بکات، وەك خۆی بانگەشەی بۆی دەکرد.

*** ئەگەر زیاتر لە سەر ڕەفتارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان هەڵوەستە بکەین، هەست ناکەیت بزووتنەوەی گۆڕان بێجگە لە ئایدیۆلۆژیەتیکی سواو، پرۆگرامی رقلێبوونەوە لە بەرامبەر سووکایەتیکردن بە خەڵك، هیچ بەرنامەیەکی دیکەی نییە؟**

- گۆڕان نەیتوانی ببێتە ئەو هێزە سیاسییەی تێڕوانینێکی دووربینی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبێت، هێزێکە بە پاڵپشتی نارەزایی ئاسایی خەڵك هاتۆتەئاراوە، لە هەموو کۆمەڵگەیەك تەنانەت لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیش خەڵکی ناڕازی بوونی هەیە، بەڵام هیچ هێزێکی سیاسی نایەت ئەم هێزە نارازییە بۆ دژایەتی کۆمەڵگە بەکار بهێنێت، کاتێك بزووتنەوەی گۆڕان دێت نارەزاییبوونی خەڵك بەکاردەهێنێت بۆ سووتاندنی بارەگای حزبی و راگرتنی بژێوی خەڵك، ئەمە کردەوەیەکی هەرزەکارانە و ناڕەوایە دەرحەق بە کۆمەڵگە پێش حکومەت، ئەگەر گۆڕان وەك هێزێکی سیاسیی پێگەیشتووی تێگەیشتوو لە کێشەی خەڵك تێبگات و وەك هێزێکی بەشداریش لە حکومەت و پەرلەمان، ئەوا دەبێت لەناو پەرلەمان و حکومەتدا بە نەفەسێکی دۆستانە کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵام بە پێچەوانەوە زۆر جار پەرلەمانتارانمان دەبینی ماوەی ٤-٥ کاتژمێر لە کۆبوونەوەدا بوون، کەچی بە پەلەپەل دەهاتن پەنایان دەبردە بەر مایکی راگەیاندکارێك، بۆ خۆنواندن و دەستراوەشاندن و قسەی بەرز و نزمیان دەکرد. پرسیاری من ئەوەیە ئەگەر قسەتان هەیە بۆ لەناو کۆبوونەوەکەدا نەتانکردووە؟ ئەگەر رایەکی جیاوازتان هەیە بۆ بە شێوەیەکی فەرمی لە سەکۆی تایبەت بە راگەیاندنی پەرلەمان لێدوان نادەن؟ بزووتنەوەی گۆڕان پێکهاتەیەکی تێکەڵە، بەشێکیان لەو بەرێزانەن کە لە خەباتی شاخ و شار و ململانێ سیاسییەکاندا بەشداربوون، بەشێکیشان لەو گەنجە تازەپێگەیشتووانەن کە نەیانهێشتووە پێبگەن، تەنیا لەسەر بنەمای رقلێبوونەوە و قبووڵنەکردنی بەرامبەر پەروەردەیان کردوون، کادیرە بەتەمەنەکانیان بەشداربوون لە ناکۆکییەکانی ساڵی ١٩٦٤، مەترسیی سەرەکی لەوەدایە سیاسەتمەدار نەتوانێت لە جوغزێکی ناتەندرووست خۆی دەرباز بکات، ئەگەر ناکۆکییەك لە ساڵی ١٩٦٤ هەبووە، دەبوو ئەو نەوەیەی لەگەڵ ئەو کێشەیە ژیاون، ئەم پرسەیان بە نەرێنی پێناسە بکردایە، لەبەر ئەوەی رووداوێکی باش نەبووە، بەڵام ئەمەیان نەکردووە، بەڵکو بە شێوازێکی دیکە درێژەیان پێداوە، سوودیان لە پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەرگرتووە و ئەم بیرە رقاوی و رقلێبوونەوەیان تۆختر کردۆتەوە، لە کاتێکدا سەرکردایەتی گۆڕان دەبوو بە بیرێکی سەردەمییانە و فراوانتر سوود لەو پێشکەوتنانە وەربگرێت. من خۆم لە بەرێز مام جەلال گوێم لێبووە کە گوتوویەتی: «گەورەترین هەڵەی من ئەوە بوو کە لە پارتی جیابوومەوە. باشە ئەمە قسەی بەرێز مام جەلال بێت، مانای ئەوەیە تەنیا مام جەلال توانیبووی لە زەرەرمەندییەکانی ئەو ناکۆکییە تێبگات و لەگەڵ جەنابی سەرۆك بارزانی تێگەیشتنێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دروووست بکات، بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری تەنگژەی ئەم وڵاتە چارەسەر بکەن، یان کەمی بکەنەوە.

*** لایەنێکی دیکەی بزووتنەوەی گۆڕان ئەوەیە زۆر باس لە دیموکراتی و یاسا دەکەن، بەڵام وەك ئاشکرایە نەوشیروان مستەفا کە ئێستا رێکخەری بزووتنەوەی گۆڕانە، دوای ئەوەی هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی یەکێتی سەرکەوتوو نەبوو، دەستی لەکار کێشایەوە و کۆمپانیای وشە-ی دامەزراند، ئینجا بزووتنەوەی گۆڕان. پرسیار ئەوەیە ئەگەر رێکخەری بزووتنەوەیەك رێز لە دیموکراتی نەگرێت، چۆن باسی دیموکراتی دەکات؟**

- من زۆر باش ئاگام لەم پرسەیە، ئەو کات من ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووم، ئەو بەرنامەیەی هەڵبژاردنی ناوخۆی یەکێتی پێ ئەنجامدرا، پلانی خودی کاك نەوشیروان مستەفا بوو، بەو بەرنامەیە دەیویست ژمارەی ئۆرگانەکانی رێکخستنی یەکێتی فراوان بکات لەسەر بنەمای یەکە ئیدارییەکان لە هەموو قەزایەك مەڵبەندێك و لەهەموو ناحیەیەك کۆمیتەیەك دابمەزرێنێت، بەو هەنگاوە باری دارایی و رێکخراوەیی یەکێتی ئاڵوز بوو، بەپێچەوانەوە حزبە سیاسییەکان دەبێ بارەگای حزبی کەم بکەنەوە و ئەندام و کادیری چالاك زیاد بکەن، دوای ئەوەی لەو پرۆسەیەدا سەرکەوتنی بەدەستنەهێنا، خۆی جیاکردەوە و سەرەتا کۆمپانیای وشەی دامەزراند و دواتریش بزووتنەوەی گۆڕان.

*** بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای وشە پارەی لە مام جەلال وەرگرت و بڕیاری دا سیاسەتیش نەکات، ئایا ئەمە راستە؟**

- بێگومان راستە پارەی وەرگرتووە، باس لەوە دەکرێت بڕی ١٠ ملیۆن دۆلاری لە مام جەلال

**دروووستبوونی دەوڵەت بۆ هەر نەتەوەیەک لە ئاکامی رووداوە گەورەکان هاتۆتەئاراوە، با سەیری ئاکامەکانی شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی فەرەنسا و شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی بکەین، دەبینین هەموو دەوڵەتە نەتەوەییەکانی رۆژئاوا بەرەنجامی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە گەورەکان بوون**

**لەم شەڕی دژی داعشە ١٤٠٠ شەهید و نزیکەی ٨٠٠٠ بریندارمان هەبووە، بەشێکی کورد کە کوردانی ئێزیدین جارێکی دیکە ئەنفالکراون و ژینۆساید لە دژیان ئەنجامدراوە، بە ملیۆنەها دۆلار خەرجی ئەم شەڕە کراوە، هاوکات کوردستان پێشوازی لە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارەی مووسڵ، ناوەڕاست و رۆژئاوای عێراق و کوردستانی سووریا کردووە، هەموو ئەمانە قوربانی گەورەن و بارقورسی زۆری لەسەر دروووست کردووین، بۆیە دەبێت دەستکەوتەکەشمان بارتاقای ئەو قوربانیدانە بێت**

وەرگرتبێت و گوتبێتی حزب درووست ناکات و سەرقاڵی کاری بازرگانی دەبێت، یان لە بواری توێژینەوەدا کار دەکات، بەڵام ئەو کۆمپانیای وشەی دامەزراند و دواتریش بزووتنەوەی گۆڕان. بەو هەنگاوەش توانی سوود لە نارەزاییەکانی ناو یەکێتی وەربگرێت و بەشێکی زۆری ئەندام و لایەنگرانی یەکێتی دوای خۆی بخات.

*** بەڵام هەندێك دەڵێن، ئەگەر سەیری پێگەی نەوشیروان مستەفا لەناو یەکێتی بکەین، دیارە هەر کەموکورتییەك لەناو یەکێتی هەبێت، بە پلەی یەکەم نەوشیروان مستەفا لێی بەرپرسیارە، ئەمە تاچەند راستە؟**

- کێشەکە لێرەدایە و زۆر جار لەسەر ئەم پرسە گلەییم لە هەندێك خەڵك کردووە، لەبەر ئەوەی نەوشیروان مستەفا تەنیا بە ناو جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی بووە، لە ئەسڵدا سکرتێری گشتی دووبارە بووە، زۆر جار لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیدا، بەشێکی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی قسەمان دەکرد، بەڵام کە نەوشیروان مستەفا یەك قسەی بکردایە، جەنابی مام جەلال دەیگوت قسەی کاکە نەوەیە و قسەی ئەو جێبەجێ دەکەین. واتە تا ئەو رادەیە نەوشیروان مستەفا دەسەڵاتی لەناو یەکێتی هەبووە و بڕوا ناکەم هیچ شتێکی ئەو رەتکرابێتەوە، بەڵام مەسەلەکە شتێکی دیکە بوو، ئەو دەیویست مام جەلالیش وەلا بنێت و خۆی ببێتە هەموو شتێك، ئەمەش لەناو یەکێتی قبووڵ نەکرا، بۆیە راشکاوانە دەڵێم: یەکێتی نیشتمانی هەر سیاسەتێکی هەڵەی هەبووبێت، چ لە سەردەمی خەباتی شاخ و چ لە شار و حوکمڕانی، دیزاینەری سەرەکیی ئەو سیاسەتە نەوشیروان مستەفا بووە، بۆیە من وای بەباش دەزانم، نەوشیروان مستەفا راستە خەباتی کردووە و ماندوو بووە، بەڵام دەبوو لە کۆتاییدا شتێکی باش بکات، ئەویش ئەوەیە داوای لێبووردنی بکردایە، هەم لە خەڵك و هەمیش لە هاوڕێیانی خۆی، لەبەر ئەوەی بەشێك لەو سیاسەتانەی نەوشیروان پیادەی کردوون، زیانێکی گەورە بوون هەم بۆ یەکێتی و هەم بۆ کۆمەڵگەی کوردستان، بەڵام بەداخەوە بەردەوامە لەسەر هەمان ریتمی سیاسەتکردن و قووڵکردنەوەی تەنگژەکان، بۆیە هەر سەرکردەیەك، یان هێزێکی سیاسی بیەوێت لەسەر تەنگژەی سیاسی بژی، ناتوانێت ببێتە خاوەن ئایدیایەکی درووست و فاکتەرێك بۆ گەشەی کۆمەڵگە، بەڵکو دەبێتە حزبی تەنگژە و کە تەنگژەکەش نەما دەپووکێتەوە.

*** ئەگەر سەرنجی ئێستای شێوازی هاوپەیمانی نەوشیروان بدەین لەگەڵ حزبەکانی دیکە، هەست دەکەین هاوپەیمانییەکانی هیچ بنەمایەکی ئایدیۆلۆژی کۆیان ناکاتەوە، ئایا ئەمەیان چۆن دەبینیت؟**

- پێدەچێت هەموو ئامانجی نەوشیروان مستەفا بریتی بێت لە کۆکردنەوەی دەنگە دژەکان لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو خۆی باش دەزانێت کۆمەڵگەی مۆدێرن بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسلامی ئوسوڵی درووست نابێت، بەڵام پرسیاری من ئەوەیە بۆچی نەوشیروان دژایەتی پارتی کردووە بە ئامانج؟ یان بۆچی پارتی بۆتە گرێیەکی دەروونی بۆ ئەو کە نە دەتوانێت ئەو گرێیە بکاتەوە، نە دەشتوانێت لێی دەرباز بێت، ئەمەش گەورەترین هەڵەی مرۆڤی سیاسییە کە نەتوانێت خۆی لە گرێیەك رزگار بکات.

*** بەڵام دژایەتیکردنی نەوشیروان مستەفا بۆ پارتی، ململانێیەکی سیاسیی درووست نییە، بەڵکو پەنا دەباتە بەر ئیرهابی فیکری، ئایا ئەمە چۆن لە سیاسەتدا جێگەی دەبێتەوە؟**

- وەك پێشتر گوتم، کاك نەوشیروان پارتی لێبۆتە گرێ، مەبەستێتی چەندی پێی دەکرێت لەهەموو ئاستەکاندا پارتی ئازار بدات، من لەو بڕوایەدام بەشێکی زۆری ئەندامانی بزووتنەوەی گۆڕان کە خەڵکی تێکۆشەر و ماندوون، ئەو سیاسەتەیان پێ قبووڵ نەبێت، دەزانن ئازاردانی پارتی لە بەرژەوەندی کوردایەتی نییە، پارتی راشکاوتر لە دید و بووچوونەکانیدا و خۆی بە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی نیشتمانی دیموکرات پێناسە کردووە، بێ پێچ و پەنا باس لە مافی رەوای گەلەکەمان دەکات لە درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ خۆی دەبینێتەوە، نکۆڵیش لەوە ناکات کە بە خەبات و ماندووبوونی هەموو لایەنەکان بەو ئامانجە دەگەین. پارتی قەت نەیگوتووە من بە تەنیا دەوڵەت درووست دەکەم. بە پێچەوانەوە هەمیشە خوازیارە سەرجەم حزبەکانی کوردستان یەکهەڵوێست بن، چونکە بارودۆخێکی لەبار هاتۆتە پێشەوە، ئەوانەی تا دوێنێ باسی دەوڵەت لایان کارێکی بقە بوو، ئەمڕۆ پێشوازیمان لێدەکەن. پارتی دەخوازێ هەموو پێکەوە ئەم دەرفەتە لەدەست نەدەین، لە دوایین سەردانی شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆك بارزانی کە شاندێکی هاوبەش

**هەڵوێستی هەندێك لە حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ئاستی بەرپرسیارەتیدا نابینم، دەڵێن هەمان ئامانجمان هەیە، بەڵام لە کاتێکدا پێویست دەکات هەموو کێشە لاوەکییەکان وەلا بنرێن، دێن و بیانوو دەگرن، ئەم بیانووگرتنە بە هەڕەشە دەبینم لە سەر ئەو دەرفەتەی بۆ کوردستان هاتۆتە پێشەوە**

**حکومەتی ئێستای بەغدا خۆی لە کوردستان جیاکردۆتەوە، هەروەک چۆن رژێمی سەدام حوسێن لە ١٩٩١ خۆی لە کوردستان جیاکردەوە**

**بزووتنەوەی گۆڕان لە بری ئەوەی پشتگیری ئەم بارودۆخەی کورد و پشتیوانی سەربەخۆیی کوردستان بکات، دەیەوێت جارێکی دیکە ملکەچی بەغدامان بکاتەوە. بزووتنەوەی گۆڕان لە حوکمڕانی و نواندنی هەڵوێستی یەکگرتووی نیشتمانیدا نوشستی هێناوە و نەیتوانیوە ئەو هێزە سیاسییە بێت کە گۆڕانکاری درووست بکات، وەک خۆی بانگەشەی بۆی دەکرد**

**خۆم لە بەڕێز مام جەلال گوێم لێبووە کە گوتوویەتی: «گەورەترین هەڵەی من ئەوە بوو کە لە پارتی جیابوومەوە. باشە ئەمە قسەی بەڕێز مام جەلال بێت، مانای ئەوەیە تەنیا مام جەلال توانیبووی لە زەرەرمەندییەکانی ئەو ناکۆکییە تێبگات و لەگەڵ جەنابی سەرۆک بارزانی تێگەیشتنێکی نەتەوەیی و نیشتمانی دروست بکات، بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری تەنگژەی ئەم وڵاتە چارەسەر بکەن، یان کەمی بکەنەوە**

**کاتێک بزووتنەوەی گۆڕان دێت نارەزاییبوونی خەڵک بەکاردەهێنێت بۆ سووتاندنی بارەگای حزبی و راگرتنی بژێوی خەڵک، ئەمە کردەوەیەکی هەرزەکارانە و نارەوایە دەرحەق بە کۆمەڵگە پێش حکومەت**

**بزووتنەوەی گۆڕان پێکهاتەیەکی تێکەڵە، بەشێکیان لەو بەڕێزانەن کە لە خەباتی شاخ و شار و ململانێ سیاسییەکاندا بەشداربوون، بەشێکیشان لەو گەنجە تازەپێگەیشتووانەن کە نەیانهێشتووە پێبگەن، تەنیا لەسەر بنەمای رقلێبوونەوە و قبووڵنەکردنی بەرامبەر پەروەردەیان کردوون**

بووە، دوای گەڕانەوەیان وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ئاوەدانکردنەوە و تەنانەت جێگری سەرۆکی حکومەتیش، جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە ئەمجارە بارودۆخەکە زۆر باش بووە، ئەمریکییەکان پێیان گوتوون ئێمە تەفەهومی کێشەی ئێوە دەکەین، هەر بۆیە هیچ رێگرییەکیان بۆ دەوڵەتی کوردستان پیشان نەداوە. هەروەها ئێستا لەناو کۆنگرێسی ئەمریکا پشتیوانییەکی گەورە هەیە و داوادەکەن راستەوخۆ هاوکاری هەرێمی کوردستان بکرێت، بۆیە ئێستا فاکتەری دەرەکی بە ئەندازەی جاران رێگر نییە بۆ دەوڵەتی کوردستان، بەڵکو وا ئەو باوەڕە گەڵاڵە دەبێت، کە چیتر نەخشەی -سایکس پیکۆ- ناتوانیت بەرژەوەندییەکانی ئەوان بپارێزێت. لێرەدا پێویستە هەموو هێزە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی سڤیل لە بەرەیەکی نیشتمانیدا کاربکەن و پشتیوانی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بکەن، واز لەو بیانووگرتن و داواکاری حزبی و شەخسییانە بهێنن بۆ ئەوەی فاکتەری دەرەکی و ناوخۆیی هاوسەنگ بن و بگەینە ئامانجی خۆمان.

*** وەك ئاماژەت پێکرد، سەرۆك بارزانی دوای ئەو سەفەرە و گەڕانەوەی لەگەڵ سەرجەم حزبەکان دانیشت و داوای کرد ژوورێکی عەمەلیات بۆ خۆسازدان بۆ ئەم پرۆسەیە پێکبهێنن، بەڵام حزبەکان لە بری ئەوەی نوێنەری خۆیان بۆ ئەو ژوورە دەستنیشان بکەن، کەوتنە هەڵگیرساندنی ئاژاوەیەك، ئایا ئەمە چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟**

- بە داخەوە ئەو هەڵوێستە نالەبارە ئاماژەیە بۆ نەهێشتنی متمانە و فەرامۆشکردنی پرسی نیشتمانی و نەتەوەیی و جێبەجێکردنی هەندێك دۆسیە کە لە هەل و مەرجی ئێستای گەلەکەمان ناگونجێن. راستە لە ١٨ی ئایاری ٢٠١٥ سەرۆك بارزانی لەگەڵ هەموو لایەنەکان کۆبووەوە، کە لە کۆبوونەوەکەش هاتنەدەرەوە، حزبەکان زۆر دڵخۆش بوون، هەندێکیان گوتیان هەر سبەی نوێنەری خۆمان دەستنیشان دەکەین، لەم کۆبوونەوەیەدا جەنابی سەرۆکی هەرێم، یەك پرسی باس نەکردبوو، بەڵکو نەخشەڕێگەیەکی خستەڕوو بۆ کۆمەڵێك پرسی هەستیار و گرنگ، لەوانە یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە، چاکسازی، چاوخشاندنەوە بە پێوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هەروەها هەرێم و دەوڵەتانی دراوسێ، درووستکردنی شاند بۆ سەردانی وڵاتە گەورەکان، ئەمە خۆی لە خۆیدا پرۆژەیەك بوو، و کرا، بەڵام بە قودرەتی قادر دوای چەند رۆژێك لە بری ئەوەی ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکەن، پرۆژەیەکیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەموار بکرێتەوە، بە مەرجێ پێشتر داوای لە حزبەکان کردبوو لە پەرلەمان و لە چوارچێوەی سازانی نیشتمانیدا ئەم پرسە چارەسەر بکەن، بۆیە ئەم هەڵوێستە لێکترازانی لێکەوتەوە. پاشان پرسیار ئەوەیە: ئایا لە چ وڵاتێکدا لە بارودۆخی وڵاتی ئێمەدا بێت، یەخەی سەرۆکی خۆیان گرتووە؟ ئەمە لە کاتێکدا بەشی هەرە زۆری دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ پەرلەمان و حکومەت جێبەجێ دەکرێن و سەرۆك هیچ دەسەڵاتێکی رەهای نییە، لەمەش زیاتر ئایا کێ دەتوانێت ئەو رۆڵەی ئێستا سەرۆك بارزانی دەیگێڕێت لە سەرۆکایەتیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و سیاسەتی دەرەکی وەك پێویست بیگرێتە ئەستۆ؟ سەرۆك بارزانی رۆژێك لە خانەقین و رۆژێك لە مەخموور و رۆژێك لە شنگال لەگەڵ پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕە، ئایا دەسەڵاتی رەهای سەرۆك بارزانی ئەوەیە لە ناو سەنگەر و لەسەر کیسە خۆڵ لێدوان بۆ میدیاکان دەدات؟ دەسەڵاتی رەهای سەرۆك ئەوەیە کە بریاری داوە لە پێناوی ئەم خاکەدا شەهید بێت.

*** خاڵێکی پرۆژەکەی گۆڕان و حزبەکانی هاوهەڵوێستی ئەوە بوو سەرۆك بارزانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستان نەبێت، ئایا ئەگەر سەرۆك بارزانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان نەبێت، هێزی پێشمەرگە وەك ئێستا یەکڕیز و یەك هەڵوێست دەبێت؟**

- ئەمە یەکێکە لە خاڵە گەوهەرییەکان، پێش هەمووشت کاك مسعود بارزانی پێش ئەوەی سەرۆکی هەرێم بێت، پێشمەرگە بووە لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و هاوخەبات بووە لەگەڵ شۆڕشی نوێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کەسایەتییەکی ناسراوە، لەگەڵ هەموو فەرماندە سەربازییەکانی کوردستان هاوسەنگەر بووە، ئەو فەرماندانە ئەوەندەی سەرۆك بارزانی قبووڵ دەکەن، بڕوا ناکەم کەسێکی دیکە قبووڵ بکەن، بەتایبەتیش فەرماندە سەربازییەکانی یەکێتی نیشتمانی، ئەوان بە رێزەوە باس لە سەرۆك بارزانی دەکەن، ئەم مەسەلەیە بە دەست من وتۆ نییە، کاك مسعود بارزانی، پیاوێکە لە رەورەوەی مێژوودا درووست بووە، بۆیە سەرکردە و رابەری ئەم قوناغە سەختەیە کە قوناغی ژانگرتووی

لەدایکبوونی دەوڵەتی گەلی کوردستانە. ئێستا سەرۆک مسعود بارزانی لەم جوغزەدا سەیر دەکرێت، ئەمەش کەمکردنەوە نییە لە رۆڵی تێکۆشەرانی دیکە، بەڵکو راستییەکە و هەر قۆناخەو سەرکردەی خۆی هەیە.

*** باسی تایبەتمەندی بارودۆخەکەت کرد، بەڵام لە ئۆکتۆبەری ساڵی رابردوو، بزووتنەوەی گۆڕان لەو بارودۆخە تایبەتەدا ئاژاوەیەکی درووستکرد، کە خەریک بوو کار بکاتە سەر یەکریزی پێشمەرگە، ئایا ئەوە چەند ترسناک بوو؟**

- ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان پێشمەرگەی مەبەست بوایە، لەو کاتەی وەزیری پێشمەرگە سەر بە بزووتنەوەی گۆڕان بوو، دەبوو ئەو رێنماییەی سەرۆک بارزانی جێبەجێ بکات، کە بە فەرمی داوای کرد هێزەکانی پێشمەرگە یەکبخرێن، ئەگەر بیانووی ئەوە دێننەوە کە پارتی قبوول ناکات، با ئەوانە هەوڵی خۆیان بدایە و پاشان بە پەرلەمان و میللەتیان بگوتایە ئەوە ئێمە هەوڵدەدەین پێشمەرگە یەکبخەینەوە و پارتی رێگرە، ئێستا هەر وا دەبینم ئەوان نەک هەر لە خەمی پێشمەرگەدا نین، بەڵکو لە خەمی خەڵکیشدا نین. ئەگەر لە خەمی ئاسایشی کوردستاندا بوونایە، ئایا بە کام ویژدان پەسندە تیرۆریستانی داعش تەنیا ٤٠ کیلۆمەتر لە پایتەختی کوردستان دووربن، هەموو رۆژێ گەنجەکانمان شەهید دەبن، بزووتنەوەی گۆران بێباکانە سواری سەری خۆی بووە و بووەتە مەینەتی بۆ خەڵکی کوردستان، کە بەشێکی سەرەکی دەرهاوێشتەی سیاسەتە نەزۆکەکانی سەرانی بەغدایە کە بەکاری دەهێنێت و هەستی هەوادارانی دەجووڵێنێت بۆ ئەوەی کاری نابەجێی لێبکەوێتەوە، هاوشێوەی ئاژاوەکانی مانگی ئۆکتوبەری رابردوو، یان ١٧ شوبات.

*** ئەم ئەجێندایەی گۆڕان هەیەتی، ئاشکرای کردووە مەبەستێتی سلێمانی لە هەرێمی کوردستان دابپرێت. ئایا پرسی جیاکردنەوەی سلێمانی هی ئەوەیە حزبێکی سیاسی بانگەشەی بۆ بکات؟**

- ئەگەر بزووتنەوەی گۆران بۆی بچێتە سەر و بۆی بکرێت، ئەمڕۆ سلێمانی لە هەرێم جیادەکەنەوە، نەک سبەینێ، بەڵام ئەوەی جێگەی تێرامانە ئەوەیە کە سەرکردەکانی گۆڕان باوەڕیان بە سلێمانی-یش نییە، هەندێک لە سەرکردەکانی گۆڕان تەنیا باوەڕیان بەو گەڕەکەیە کە خۆیان لێی نیشتەجێن، بەڵام من قەناعەتێکم هەیە، خەڵکی سلێمانی هەرگیزاو هەرگیز لێیان قبوول ناکەن و رێگە بەو کارە قێزەونە نادەن، ئەم بیرکردنەوەی گۆڕان دژی هەموو خەون و ماف و رەوایەتییە کە کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. کورد چەندین سەدەیە خەبات بۆ ئەوە دەکات کوردستان یەکگرتوو بێت و سەربەخۆ بێت، تازە بە تازە بزووتنەوەی گۆڕان بەرەو شارچێتی و ناوچەگەریمان دەباتەوە، ئەمە رێگرتنە لە گەشەی کۆمەڵگە و رێگرتنە لە گەشەی ئابووری، تا رادەیەک ئەو کارەشیان کردووە بۆ ئەوەی سلێمانی لە شارەکانی دیکە جیابکەنەوە، من شاهیدی ئەوەم و ماوەیەک لە سلێمانی بووم، دوای راپەڕین زۆر لە خەڵکی هەولێر و بادینان روویانکردە سلێمانی، ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنی بوو کە بە رێگەی وەبەرهێنان و بازرگانی و زانکۆکان تێکەڵییەکی باش درووست بێت، بەڵام دوای درووستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان و توندبوونی بیری شارچێتی ئەو خەڵکە پاشگەز بوونەوە و زۆربەیان گەڕانەوە، ئێستا خەڵکێک زۆر ناچار نەبێت، لەوێ نەماوە.

*** ئەگەر دوایین پرسیارمان سەبارەت بە بیروبۆچوونی خۆت بێت سەبارەت بەم بارودۆخە، ئایا پێتوایە ئەم دۆخە هەستیارە بە ئاسانی تێدەپەڕێنین؟**

- من هەموو کات گەشبین بووم، لەو بڕوایەشدام ئەم بارودۆخە تێدەپەڕێنین، بەڵام پێویستە هەنگاوی بوێرانەش بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی هەڵبگرین، گرنگە زۆر راشکاوانە و بە رۆژی رووناک بڵێین ئەمە هۆکاری کێشەکانە، دەبێت حزبە سیاسییەکان خاوەنی سەربەخۆیی بڕیاری سیاسی خۆیان بن و راشکاوانە هەڵوێستی خۆیان دەربڕن، لە چوارچێوەی کاری نیشتمانیدا بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناخە هەڵبگرن، لەمەش گرنگتر بەپێی ئاگاداری من، وابڕیارە جەنابی سەرۆک بارزانی لەگەڵ سەرجەم حزبەکان کۆببێتەوە و بە راشکاوی هەموو شتێکیان لەگەڵ باس بکات، ئێستا قۆناخەکە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بە راشکاوی قسە لەگەڵ یەکتری بکەین و ئەو حزبەی هەڵەیە دەبێت پێی بگوترێت هەڵەیە، هەروەها حکومەت دەبێت لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی لە چاکسازی خۆی بەردەوام بێت، حزبێك، یان لایەنێکی سیاسی ئەو گۆڕانکاری و چاکسازییەی لە روانگەی بەرژەوەندیی حزبی خۆیەوە بەدڵ نییە، با بەدڵی نەبێت، بەڵام دەبێت پرۆسەی چاکسازی و بڕیارەکان بوێرانە جێبەجێ بکرێن و تەنیا بەرژەوەندی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان رەچاو بکرێت.

**زۆر جار لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیدا، بەشێکی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی قسەمان دەکرد، بەڵام کە نەوشیروان مستەفا یەک قسەی بکردایە، جەنابی مام جەلال دەیگوت قسەی کاکە نەوەیە و قسەی ئەو جێبەجێ دەکەین. واتە تا ئەو رادەیە نەوشیروان مستەفا دەسەڵاتی لەناو یەکێتی هەبووە و بڕوا ناکەم هیچ شتێکی ئەو رەتکرابێتەوە، بەڵام مەسەلەکە شتێکی دیکە بوو، ئەو دەیویست مام جەلالیش وەلا بنێت و خۆی ببێتە هەموو شتێک، ئەمەش لەناو یەکێتی قبوول نەکرا**

**کاک نەوشیروان پارتی لێبۆتە گرێ، مەبەستێتی چەندی پێی دەکرێت لەهەموو ئاستەکاندا پارتی ئازار بدات، من لەو بڕوایەدام بەشێکی زۆری ئەندامانی بزووتنەوەی گۆڕان کە خەڵکی تێکۆشەر و ماندوون، ئەو سیاسەتەیان پێ قبووڵ نەبێت، دەزانن ئازاردانی پارتی لە بەرژەوەندی کوردایەتی نییە**

# جیهان لە نێوان سایکس پیکۆ و ئاشتەواییدا



د.چواس حەسەن*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕاڵف پیتەرز لە وتارێکی بەناوبانگیدا لە ژێر ناونیشانی (سنووری خوێن- چۆن خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوازێکی باشتر دەردەکەوێت؟) کە لە گۆڤاری (Armed Forces) ئەمریکی لە ژمارەی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٦دا بڵاوی کردۆتەوە، بەم شێوەیە وەسفی سنوورەکانی دەوڵەتانی ئێستای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکات، کە بەپێی ڕێکەوتننامەی سایکس پیکۆ کێشراون: «سنوورەکانی ئێستای وڵاتانی جیهان دادپەروەرانە نین، بەڵام لە هەموویان ستەمکارانە و ڕەشۆکییانەتر (عشوائیە) سنوورەکانی وڵاتانی ئەفریقا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستن...سنوورە ستەمکارانەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست –کە لەلایەن چەرچڵ–ەوە کێشراون- کێشەگەلێکیان بۆ گەلانی ناوچەکە درووست کردووە کە لەسەرووی توانایانەوەیە».

بەڵێ سنوورەکانی سایکس پیکۆ زۆر ڕەشۆکییانە و بەپێی پلانە جیۆستراتیژییەکانی وڵاتانی ئەورووپی، لە پێشیانەوە (بەریتانیا و فەرەنسا) کێشراون و بەهیچ شێوەیەك پێکهاتە و ویست و مێژووی گەلانی ناوچەکە لەبەرچاو نەگیراوە. ئەگەر ئەمە بۆ سەرجەم خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەشێك لە ڕاستی تێدابێت، ئەوا بۆ دەوڵەتی عێراق پتر لە ڕاستی تێدایە، بەڵکو دەکرێت سەرجەم مێژووی سەد ساڵەی دەوڵەتی عێراقی لەبەر رۆشنایی ئەو راستییەی سەرەوەدا لێك بدەینەوە. دەتوانین لەو بارەیەوە بۆچوونی (شا فەیسەڵی یەکەم) وەك بەڵگەی سەرەکی وەرگرین.

شا فەیسەڵ، بە دامەزرێنەری یەکەم دەوڵەتی عەرەبی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان دەژمێردرێت. یەکەم پادشای عێراق بووە، ساڵی ١٩٢١ ئاگاداری ورد و درشتی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی بووە. فەیسەڵ لە ١٥ ئازاری ١٩٣٢دا، واتا پێش سەربەخۆبوونی تەواوی عێراق لە بەریتانیا بە ٨ مانگ، وەك خۆئامادەکردنێك بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی ڕەها لە عێراقدا، یاداشتێکی نهێنی و تایبەتی بۆ هاریکارە هەرە نزیکەکانی لە بەڕێوەبردن و حوکمکردنی عێراقدا نووسیوە، تیایدا ئاماژە بەوە دەکات ئەم یاداشتە بریتییە لە (تەواوی بۆچوونەکانم-فەیسەڵ-، بۆ کاروباری وڵات (عێراق)، چۆنیەتی دامەزرانی، پێکهاتەکەی، بەڕێوەبردنی). ئەم یاداشتە کە بە (یاداشتێکی نهێنی) ناوزەد کراوە، بۆ یەکەم جار لەلایەن مێژوونووسی گەورەی عێراقی (عبدالرزاق الحسنی) لە کتێبەکەی بە ناوی (مێژووی

وەزارەتەکانی عێراق) لە ساڵی **١٩٣٩** دا بڵاوکراوەتەوە.
فەیسەڵ لەم یاداشتە نهێنی و گرنگەیدا لەبارەی گەلی عێراقەوە دەڵێت: (وڵاتی عێراق لەو وڵاتانەیە کە گرنگترین توخمی ژیانی کۆمەڵایەتی نییە، کە بریتییە لە یەکێتی فیکر و میللەت و ئایین) لێرەدا باس لەپێکهاتەی عێراق دەکات و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئایینی و تایفی و نەتەوەییەوە دابەشی دەکات بە سەر ٩ بەشی سەرەکیدا (لاوانی نوێخواز، ڕەگەزپەرستەکان، سوننە، شیعە، کورد، کەمینە نامسوڵمانەکان، خێڵەکان، شێخەکان، زۆرینەی نەزان)، بۆیە بۆچوونی خۆی لەبارەی گەلی عێراقەوە دەردەبڕێت و دەڵێت (بە بڕوای من- فەیسەڵ- تا ئێستا لە عێراقدا گەلی عێراق بوونی نییە، بەڵکو هەندێك تۆپەڵە مرۆڤ هەن، هیچ هەستێکی نیشتمانییان نییە، پڕاوپڕن لە نەریت و پڕوپووچی ئایینی، هیچ شتێك کۆیان ناکاتەوە، گوێبیستی خراپەن و مەیلدارن بەلای بێسەروبەریدا، هەمیشە ئامادەن بۆ کەمکردنەوەی هەر حکومەتێك. وا دەبینم، لەم بارەدا، لەم تۆپەڵە مرۆڤانە گەلێك دروست بکەین، پەروەردەی بکەین، رایبێنین، فێری بکەین).
لێرەوە دەردەکەوێت کە گەلێك بەناوی گەلی عێراقەوە بوونی نەبووە، بەڵکو ئەو جوگرافیایەی کە ناوی لێنراوە عێراق، پێشخانێکی مێژوویی یەکگرتووی نییە و راڵف پیتەرز گوتەنی، بەزۆر چەند گەل و ناوچە و خەڵکێك بە یەکەوە نووسێنراون و ناویان لێ نراوە عێراق. دەسەڵاتدارە نوێیەکانیشی کە بەریتانییەکان لەسەر ئەم قەوارە نوێیە دایمەزراندبوون، دەبوایە ئەم گەلی عێراقە درووست بکەن، واتا ئەم کاڵایە بە بەری ئەو باڵایەدا بدروون. بەڵام چۆن چۆنی؟
دەگەڕێینەوە بۆ لای ڕاڵف پیتەرز لە بارەی کێشەکانی ناوچەکەوە. ئەو پێیوایە هۆکاری سەرەکی کێشە و گرفت و شەڕ و شۆڕەکانی ناوچەکە پتر دەگەڕێتەوە بۆ (بە پیرۆز ڕاگرتنی) ئەو سنووورە نێودەوڵەتییە نوێیانە لەلایەن (دیپلۆماتکارەکانەوە) بە واتای سیاسەتمەدارەکانەوە.
راستی ئەم بۆچوونەی پیتەر لە ناو یاداشتەکەی فەیسەڵ-دا دەبینینەوە، بەوەی لە هەمبەر ئەو بە زۆر بە یەکەوە لکاندنەی گەلانی ناوچەکەدا، پلانێکی داناوە لەسەر بنەمای ئەوەی دەبێت ئەو نەخشە نوێیە بە ناوی عێراق بە هەموو شێوەیەك بەرگری لێ بکرێت و گەلانێکی کە بە زۆر تێی ئاخنراون، بگۆڕدرێن بۆ گەلێکی یەکگرتوو، بەڵام چۆن؟
فەیسەڵ لەو بارەیەوە پڕۆگرام و نەخشەڕێگایەکی بە ١٢ خاڵ داناوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە گرنگە. پایە و خاڵی سەرەکی پڕۆگرامەکەشی خۆی دەبینێتەوە لەخاڵی یەکەمدا کە بریتییە لە (زیادکردنی ژمارەی سوپا، بە شێوەیەك کە بتوانێت لە یەك کاتدا هەر هەڵایسانێکی چەکداری کە لە دوو شوێنی لە یەکتری دوور ڕووبدات، سەرکوت بکات) وەك ئاماژەیەك بۆ ئەگەری هەڵایسانی شۆڕشی چەکداری لە ناو کوردستان و شیعەکاندا لەیەك کاتدا. لەبارەی گرنگیی هێزی سەربازی و سوپای عێراقیشەوە بۆ پاراستن و بەردەوامی عێراق دەڵێت: (لە سوپاوە دەستم پێ کرد، چونکە بە بڕبڕەی پشتی دروستکردنی گەلی دەبینم، ئێستا دەبینم لە ڕووی ژمارە و چەکەوە زۆر لەوە لاوازترە بتوانێت ئاسایش بپارێزێت. لەبەر زۆر هۆکار دەبێت ئەوە بزانین و هەمیشە چاوکراوە بین بۆ ئەگەری ڕوودانی هەڵگەڕانەوەی چەکداری لە هەموو کاتێکدا).
کەواتە پلان و ستراتیژی سەرەکی یەکەم شای عێراق لەسەر هێز بونیاد نراوە. بە واتای ئەوە هێز بوو کە عێراقی دروستکرد و هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بەردەوام بوو. ئەم ڕاستیەی سەرەوە دەکرێت بکرێتە سەکۆی سەرەکی بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە جەوهەرییەی کە دەڵێت چۆن نەخشەی سایکس پیکۆ ئەو ماوە دوور و درێژە بەردەوام بووە؟
لە ڕاستیدا بۆچوونی بەکارهێنانی هێز لەلایەن فەیسەڵ-ەوە وەك پایەی یەکەم و سەرەکی پارێزگاریکردن لە نەخشەی عێراق و دروستکردنی گەلی عێراقدا، ڕاستیەکە بۆ سەرجەم حاکمەکانی تری عێراقی دوای فەیسەڵ و سەردەمی کۆماریش ڕاستە، بگرە بۆ سەرجەم حاکم و دەسەڵاتدارەکانی تری وڵاتانی نەخشەی سایکس پیکۆ لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە درێژایی ئەو ماوەیەی ڕابردوو، ڕاست و دروستە. ئەوە شا فەیسەڵ، بە بەراورد بەو سەرکردە نەتەوەپەرستە عەرەبانەی کە لە دوای خۆی هاتوون، بە سەرکردەیەکی نەتەوەخوازی میانڕەو و لەسەرخۆ ناسراو بوو، تا لەسەر دەمی بەعس و سەددام حوسێن-دا نەتەوەپەرستە عەرەبەکان گەیشتوونەتە لووتکەی دڕندەیی و بەکارهێنانی هێز.
پایەیەکی دیکەی پلان و بەرنامەکەی فەیسەڵ بۆ هێشتنەوە و بەردەوامی قەوارەی بە زۆر دروستکراوی عێراق، کە لەهەمان کاتدا سیما و خەسڵەتێکی سەرەکی دەوڵەتانی ناوچەی سایکس پیکۆ-یە بریتییە لە (سنووردانان بۆ ڕەخنە ناماقووڵەکانی رۆژنامە و حزبەکان لە هەمبەر ڕێوشوێنەکانی حکومەت، ئەگەر نا بەرپەچدانەوەیان بەتوندی). بە واتای دەمکوتکردنی ڕای جیاواز و لەبەین بردنی ئازادی بیروباوەڕ و لەوەشەوە لەبەین بردنی دیموکراسی، وەك ئامرازێك بۆ ئامانجی سەرەوە. بێگومان ئەگەر لەسەردەمی

**گەیشتنی ناسەقامگیری ناوچەکە بە وڵاتانی دەرەوە بەگشتی و وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتی لە ڕووی تیرۆر و ئاوارەکان و هەڵایسانی شەڕو شۆڕی ناوچەیی وەك (ئەگەری بەرپابوونی شەڕی رووسیا و تورکیا کە مەترسی جدی دروستدەکات لەسەر وڵاتانی ناتۆ)، هەموو ئەو دۆخە مەترسیدارانە لەبن سەری دەستگرتنەوەوەن بە سنوورەکانی سایکس پیکۆوە**

**هێشتنەوەی نەخشەی سایکس پیکۆ هەمیشە بە خوێن و بە توندوتیژی بووە. هەر ئەوەش ڕق و کینە و دوژمنایەتی نێوان پێکهاتەکانی عێراقی گەشاندۆتەوە و نێڵەی داوە، بەشێوەیەک ئەستەم بێت تەنانەت لەدەرفەتەکانی وەک شۆڕشی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ و ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ شدا گەلانی عێراق بتوانن سیستەمێکی دیموکراسی دابمەزرێنن**

**(سوپا و نەهێشتنی ڕای ئازاد) بۆ حوکمکردن دوو ئامرازی دەستی سەرجەم نەتەوەپەرستەکانی عەرەب و فارس و تورک بوون لە هێشتنەوەی نەخشەی سایکس پیکۆدا لەماوەی سەدەی ڕابردوودا. بۆ ئەو مەبەستەش، لەگەڵ هەموو ڕکابەری و کێشەکانی نێوانیان، کۆک و تەبا و هاریکاری یەکتری بوون لە سەرکوتکردنی هەر شۆڕش و خەباتێکی نەتەوە، یان تایفە، یان ئایدیایەکدا کە هەوڵی دابێت دەست بۆ ئەو نەخشەیە ببات، یان سیستەمی حوکمڕانی بەرەو دیموکراسی بەرێت**

فەیسەڵ تا ڕادەیەك بەهۆی نوێیەتی عێراق و لاوازی دامودەزگا و سوپای دەوڵەت جۆرێك لە حزب و ڕۆژنامەی نیشتمانپەروەر بوونیان هەبوویێت، ئەوا لەسەردەمی کۆماریدا و لەو کاتەی دەوڵەت بەپشتیوانی داهاتی نەوت دەبێتە زەبەلاحێك، هیچ جۆرە بوونێك بۆ ڕۆژنامە و حزبی ئازاد نامێنێت و سەرجەم نیشتمانپەروەر و دیموکراسیخوازەکان ڕاووەدوو دەنرێن.

ئەم ئامرازانەی سەرەوە (سوپا و نەهێشتنی ڕای ئازاد) بۆ حوکمکردن دوو ئامرازی دەستی سەرجەم نەتەوەپەرستەکانی عەرەب و فارس و تورك بوون لە هێشتنەوەی نەخشەی سایکس پیکۆدا لەماوەی سەدەی ڕابردوودا. بۆ ئەو مەبەستەش، لەگەڵ هەموو ڕکابەری و کێشەکانی نێوانیان، کۆك و تەبا و هاریکاری یەکتری بوون لە سەرکوتکردنی هەر شۆڕش و خەباتێکی نەتەوە، یان تایفە، یان ئایدیایەکدا کە هەوڵی دابێت دەست بۆ ئەو نەخشەیە ببات، یان سیستەمی حوکمڕانی بەرەو دیموکراسی بەرێت.

بۆیە هێشتنەوەی سنوورەکانی سایکس پیکۆ یەکێکە لە سەرەکترین هۆکارەکانی هەمیشە بەرهەمهێنانی توندوتیژی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەوبارەیەوە (دێڤد فرۆمکین-David Fromkin) نووسەری بەناوبانگی ئەمریکی) لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی و داڕشتنەوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) لە ساڵی ١٩٨٩، پێی وایە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هێشتا لەقۆناغی شکڵگرتن و داڕشتنەوەدایە. ڕووداو و کێشمەکێشەکانی وڵاتانی ناوچەکەش لە شۆڕش و شەڕی ناوخۆ و نێودەوڵەتیشدا، تەنانەت لە دوای تێپەڕبوونی پتر لە نیوسەدە بە سەر سایکس پیکۆشدا، هەر لە ئەڵقەی ئەو زنجیرەن کە یەکەم ئەڵقەی لە سایکس پیکۆ-وە درێژبۆتەوە.

لێرەوە دەتوانین لە چوارچێوەی بۆچوونەکەی ڕاڵف پیتەرزوە بچینە سەر خاڵێکی تری گرنگ لە بارەی دەرهاویشتەکانی سایکس پیکۆ. ئەویش بریتییە لە کاریگەری سایکس پیکۆ لە سەر پەیرەوکردنی دیموکراسی لە ناوخۆی وڵاتانی ناوچەکەدا. پیتەر دەڵێت: «ئەو هەموو ستەمە لە کێشانی سنوورەکاندا، پێدانەچوونەوەشی بە شێوەیەکی جەوهەری، وایکردووە کە ئێستا ئێمە بەرەورووی شێواندنێکی وەها ببینەوە کە دەستکردی دەستی مرۆڤ خۆیەتی، ئەم شێواندنە بەردەوام و تا ئێستاش ڕق و کینە بەرهەم دەهێنێت (لەنێوان مرۆڤەکانی ناوچەکەدا)».

لێرەوە دەتوانین لێکدانەوە بۆ ئەوە بکەین، یەکەم ڕێگر و بەردی سەر ڕێگای بەرقەرارکردنی سیستەمی دیموکراسی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بریتییە لە خودی نەخشەی سایکس پیکۆ، چونکە بۆ بەرقەرار کردنی سیستەمی دیموکراسی لەهەر کۆمەڵگەیەك، دەوڵەتێکدا پێویستە لانی کەمی تەبایی و متمانە و لێك تێگەیشتن و ئاشتیەك لەنێوان تاك و گروپەکانی ئەو کۆمەڵگەیەدا بەرقەرار ببێت تا بتوانن کەمینەیەکی ٤٩٪ ملکەچی بڕیار و بۆچوونی زۆرینەیەکی تەنیا ٥١٪ بێت. قەتاوقەت کۆمەڵگەکانی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەهۆی نەخشە ڕەشۆکییەکەی سایکس پیکۆوە، بواریان نەبوو ئاشتی و برایەتی و تەباییەك لە نێوان مرۆڤەکانیاندا بەرقەرار ببێت تا ببێتە بنەمایەك بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا.

لێرەوەیە دەتوانین لێکدانەوە بۆ مێژووی عێراقی بە توندوتیژی و شەڕوشۆڕ ئاڵاوەوە بکەین. هێشتا عێراق دانەمەزرا بوو کە شێخ مەحمود شۆڕشی بەرپا کرد، وەك فەیسەڵ لە یاداشتەکەیدا ئاماژە دەکات (بە هۆی کەمی چەك و سەربازەوە زەحمەتییەکی زۆرمان کێشا لە سەرکوتکردنی شۆرشەکەی شێخ مەحمود)، پاشان سەرکوتکردنی هەرسێ شۆڕشەکانی بارزان لە نێوان ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٤٥ بە ئاگر و ئاسن، لە بەین بردنی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن (١٩٦١-١٩٧٥)، ڕاگواستنی لادێکانی کوردستان، کیمیابارانکردنی خەڵکی سڤیل، ئەنفالکردنی سەدان هەزار کورد، لەگەڵ هەموو ئەو کوشتن و بڕینانەی کە بەرامبەر بە شیعەکان و خەڵکی لیبراڵ و دیموکراسیخوازی عێراقیش ئەنجامدراون، هەموو ئەمانە گەواهیدەرن کە هێشتنەوەی نەخشەی سایکس پیکۆ هەمیشە بە خوێن و بە توندوتیژی بووە. هەر ئەوەش ڕق و کینە و دوژمنایەتی نێوان پێکهاتەکانی عێراقی گەشاندۆتەوە و نێڵەی داوە، بەشێوەیەك ئەستەم بێت تەنانەت لەدەرفەتەکانی وەك شۆڕشی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ و ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ شدا گەلانی عێراق بتوانن سیستەمێکی دیموکراسی دابمەزرێنن.

ساڵی ٢٠١١ بەهاری عەرەبی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا سەری هەڵدا، ئەم سەرهەڵدانە تێکەڵەیەك بوو لە دوو داواکاری بەیەکەوە گرێدراو، کە بریتین لە بە دیموکراسیکردنی سیستەمی سیاسی وڵاتانی ناوچەکە و ناساندنی مافی پێکهاتەکانی ناوخۆی ئەو دەوڵەتانە. شەڕوشۆڕەکانی ناوخۆی سووریا و یەمەن و بەحرەین و عێراق، دەیسەلمێنن کە مەحاڵە دیموکراسی لەو وڵاتانەدا بەرقەرار ببێت بە بێ چاوخشاندنەوە بە سنوورەکانی ئەو وڵاتانەدا.




**پایەیەکی دیکەی پلان و بەرنامەکەی فەیسەڵ بۆ هێشتنەوە و بەردەوامی قەوارەی بە زۆر دروستکراوی عێراق، کە لەهەمان کاتدا سیما و خەسڵەتێکی سەرەکی دەوڵەتانی ناوچەی سایکس پیکۆ-یە بریتیە لە (سنووردانان بۆ ڕەخنە ناماقووڵەکانی رۆژنامە و حزبەکان لە هەمبەر رێوشوێنەکانی حکومەت، ئەگەر نا بەرپەچدانەوەیان بەتوندی). بە واتای دەمکوتکردنی ڕای جیاواز و لەبەین بردنی ئازادی بیروباوەڕ و لەوەشەوە لەبەین بردنی دیموکراسی**

لەلایەکی دی، گەیشتنی ناسەقامگیری ناوچەکە بە وڵاتانی دەرەوە بەگشتی و وڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتی لە ڕووی تیرۆر و ئاوارەکان و هەڵایسانی شەڕو شۆڕی ناوچەیی وەك (ئەگەری بەرپابوونی شەڕی رووسیا و تورکیا کە مەترسی جددی دروستدەکات لەسەر وڵاتانی ناتۆ)، هەموو ئەو دۆخە مەترسیدارانە لەبن سەری دەستگرتنەوەوەن بە سنوورەکانی سایکس پیکۆوە.

لێرەوە ئاشتی و سەقامگیری نێودەوڵەتی و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینەدایە، لەنێوان هەڵبژاردنی دەستگرتن بە سنوورەکانی سایکس پیکۆوە لەگەڵ شەڕ و خوێنڕژانی بەردەوام یان دووبارە دارشتنەوەی ئەو سنوورانە بە شێوەیەك لەگەڵ داخوازییەکانی گەلانی ناوچەکەدا بگونجێت لەگەڵ بەرقەرار کردنی دیموکراسی لە ناوچەکەدا و ئاشتی بۆ ناوچەکە و جیهان.

بەپێی بۆچوونی ڕاڵف پیتەرز و زۆربەی ناوەندە ئەکادیمییە جیهانییەکان و تەنانەت بەشێك لە سیاسەتمەدارانی ئەمریکا و ئەوروپا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق خۆیشی، ئەمە سەردەمی چاوپێداخشاندنەوەی سنوورەکانی سایکس پیکۆیە. چاوپێداخشاندنەوەیەك لەپێش هەمووانەوە کورد پێی بگاتە مافە ڕەواکانی، ئاشتەوایی بۆ ناوچەکە و جیهان بەرقەرار بکات، ستەمکاریەکانی سەدەی ڕابردوو بسڕێتەوە.

**سنوورەکانی سایکس پیکۆ زۆر ڕەشۆکییانە و بەپێی پلانە جیۆستراتیژییەکانی وڵاتانی ئەوروپی، لە پێشیانەوە (بەریتانیا و فەرەنسا) کێشراون و بەهیچ شێوەیەک پێکهاتە و ویست و مێژووی گەلانی ناوچەکە لەبەرچاو نەگیراوە**

- بۆ خوێندنەوەی دەقی وتارەکەی ڕاڵف پیتەرز بڕوانە http://www.alzaytouna.net/arabic/data/attachments/2012/ME_Blood_borders_6-12.pdf
- بۆ خوێندنەوەی دەقی یاداشتەکەی شا فەیسەڵ بڕوانە سایتی:

http://www.soqalshiyookh.com

نووسەر و ڕۆشنبیر ڕێبوار سیوەیلی بۆ گوڵان:

# میدیای ئێمە لە هەندێ قۆناغدا نەک هەر خزمەتی بە نەیارەکانمان کردووە بەڵکو سەرچاوەیەکی سەرەکیی زانیاری بەخشینیش بووە بە دوژمنەکانمان

**لاوەکانی ئێمە ئاستی خۆپەرستیی قۆناغی گەنجێتیان جێهێشتووە و بەو پەڕی لەخۆبردووانەوە بەشداریی ژیانی کردەیی کۆمەڵگەی کوردستانیان کردووە**

ئەمساڵ ١٠٠ ساڵی تەواو بە سەر ڕێککەوتنامەی شوومی سایکس پیکۆ-دا تێدەپەڕێت، ئەو ڕێککەوتنەی ماوەی ١٠٠ ساڵە واقیعێکی بەسەر نەتەوەی کوردا سەپاندووە کە لە دەرەوەی ئیرادەی خۆی بووە. لەو ماوەیەدا کورد و کوردستان بەردەوام لە ژێر زەبری قامچی و چەوسانەوە و داپڵۆسین و پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانندا بووە. دوای ئەم مێژووە دوور و درێژە، ئێستا کوردستان لە بارودۆخێکی جیاوازدایە. ڕاستە لە شەڕێکی سەختی سەپێندراودایە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا هەلێکی مێژوویی هاتۆتە پێشەوە و ئومێدەکان بەو ئاراستەیەن کە هەنگاوی گرنگ بەرەو ریفراندۆم و مافی چارەنووس هەڵبگرین. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە، گوڵان تەورێکی کردۆتەوە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیرانی کوردستان لە سەر ئەم پرسە بە ڕاشکاوی قسە بکەن. ئەمەش بەشی دووەمی دیمانەی گوڵان-ە لەگەڵ نووسەر و ڕۆشنبیر ڕێبوار سیوەیلی کە بەمجۆرە بیروبۆچوونەکانی خۆی خستۆتەڕوو.

بەشی دووەم و کۆتایی



*** گەورەترین پشت و پەنا بۆ هەموو شۆڕش و گۆڕانکارییەك، لاوەکانی کوردستان بوون، لە ئێستاشدا ئەوەی کەرامەتی کوردستانی لەدەستی تیرۆریستانی داعش پاراستووە، پێشمەرگەی کوردستانە کە بەشی زۆریان لاون، هەروەها لە زەمینەسازی بۆ پشتگیریی دەوڵەتی کوردستانیش دیسان حەماسی لاوەکان زۆر گرنگە. ئایا رۆڵی لاوانی کوردستان لەم پرۆسە مێژووییە چۆن هەڵدەسەنگێنن، بەتایبەتی کە ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەموو کوردستانیان کردۆتە یەك ماڵ؟**

- من نامەوێت قۆناغی لاوێتی ئایدیالیزە بکەم و وەك قۆناغێکی پیرۆزی ژیان بینوێنم. هەستی نەتەوایەتی و مرۆیی لە پێش ئینتیماوەن بۆ قۆناغێکی تەمەن و ئەم هەستەش لە هەموو ئاست و قۆناغەکانی تەمەندا دەبیندرێت. لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەریی لاوەکان لە بەدەستهێنانی دەستکەوتە نەتەوەییەکاندا بە کەم ناگرم و لە بنەڕەتیشدا، هەرچەندە پرۆسەی چێکردنی شوناس شتێکە بە درێژیی تەمەن لە مرۆڤدا بەردەوامە، بەڵام تەقینەوەی ئەم پرۆسەیە و سەرەتای هەڵقوڵینی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لاوێتی، چونکە لەو سەردەمەدایە کە تاکەکەس دەیەوێت شوێن و پێگەیەك بۆ خۆی بەدەست بهێنێت و ببێتە خاوەن شوناسی خۆی لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵگەیەی ئینتیمای بۆی هەیە. کێشەی ئێمە لەوەدایە کە لاوەکان لەم کۆمەڵگەیەدا لە هەر چین و توێژێك زیاتر ئایدیۆلۆژیزە کراون و ئاسۆی بیکردنەوەیان خراوەتە چێوەیەکی تایبەتی حزبییەوە. بۆیە پێدەچێت لە سی ساڵی رابردوودا، هەرگیز نەتوانرابێت وەك پێویست و پێ بەپێی ئەو ئامانجانەی کۆمەڵگەی ئێمە بۆخۆی لە پێش چاوی گرتوون، وزەی لاوەکانی ئێمە بە ئاراستەی نەتەوەییدا مۆبیلیزە کرابێت و رێکخرابێت، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ئەو ریژە زۆرەی لاوان لە خەباتی مەدەنی و سێکتەرە گشتییەکان و دیاسپۆرا و بەرەکانی جەنگ لە دژی تیرۆردا، بەڵگەی ئەوەن کە لاوەکانی ئێمە ئاستی خۆپەرستیی قۆناغی گەنجێتیان جێهێشتووە و بەو پەڕی لەخۆبردوانەوە بەشداریی ژیانی کردەیی کۆمەڵگەی کوردستانیان کردووە، تەنانەت بە رەخنەگرتنیش و هەڵبژاردنی دۆخی ئاوارەیی و تاراوگەنشینیش بووبێت. ئەوەی پێشمەرگە دەیکات و کردوویەتی، هەر تەنیا رووبەڕووبوونەوەی لاوەکانی کوردستان نییە لە دژی داعشەکان، بەڵکو

**دەمەوێت گەشبین بم بەوەی کە ئێستا لە دۆخێکی مێژوویی وادا دەژیم کە تیایدا باس لە خەونێک دەکرێت، کە قوربانییەکی زۆری لە پێناودا دراوە و ئەگەر تەمەنی ئێمە ئەو قۆناغە بێت کە ئەم خەونەی تیادا دێتە دی، بەمانای ئەوەیە نەوەی ئێمە وەک نەوەکانی پێشوو، بێکەس و بە نائومێدی سەر نانێینەوە**

ڕەهەندێکی پەروەردەی مرۆییشی تێدایە کە خەریك بوو کەلتووری مەسرەفگەرا و بەجیهانبووی دنیای لیبراڵیزمی نوێ لەبیری مرۆڤایەتی بەرێتەوە و کۆتایی مێژووی ڕاگەیاند. خەباتی پێشمەرگە، پێشنموونەیەکی بە مرۆڤایەتی بەخشییەوە، تاکو بیرمان بێتەوە هەمیشە ماناگەلێکی ئەوتۆ هەن لە ژیاندا ئەوە دەهێنن لە پێناویاندا خەبات بکرێت. بۆیە ئەوەی پێشمەرگە دەیکات و کردوویەتی، هەمیشە ڕەهەندێکی ئەخلاقییانە و پەروەردەییانەشی هەیە کە ئومێد دەداتەوە بە مرۆڤایەتی. بێگومان بۆ بەشداری و پشتگیریی لاوەکان لە پڕۆژەی دهوڵەتیی کورستان، میدیاکان و تۆڕی کۆمەڵایەتی دەتوانن کاریگەریی تایبەتی خۆیانیان هەبێت. بەڵام لاوەکان دەتوانن زۆر لەو بیرۆکانە بگشتێنن کە میدیاکانیتر ناتوانن بڵاویان بکەنەوە. بۆ ئەوەی ئەم کارە بە باشترین شێوەی خۆی ڕووبدات، پێویستە پشتگیرییەکی پتەوی لاوەکان و کار و چالاکییەکانیان هەبێت و هەر ئەوەندەش بەس نەبێت و لە بواری کاری ڕێکخراوەیی و حزبیدا کۆبکرێنەوە. هەر پیاگوتن بە پێشمەرگەدا بەس نەبێت، بەڵکو خۆشگوزەرانکردنی ژیانی خێزان و منداڵەکانیشیانی بەدوا بێت. هەر بە تەنیا خەڵاتی ساڵانە بۆ لاوان نەبێت، بەڵکو پشتگیریی کردەیی لە داهێنان و دروستکراوەکانیان بکرێت. گەنجانی بواری هونەرەکان، بواری کۆمپیوتەر و ئەندازیاری و دەرمانسازی و پزیشکی پێویستییان بەوەیە شوێنی گونجاوی کار و دڵنیایی تەواویان بۆ دابین بکرێت، تا بە وزە و ڕۆحێکی پێشمەرگانەوە لە بواری خۆیاندا کار بکەن. من ئەو توانایییە لە گەنجەکاندا دەبینم، بەڵام ئەو هەستە ساردکەرەوەیەش دەبینم کە زۆرجار ڕێگرە لە پتەوبوونی ئەم پێوەندییەی لاوان و کۆمەڵگە و حکومەت.

*** ئەحمەدی خانی چەند سەدەیەك پێش ئێستا مەرجی سەرکەوتنی کوردانی کردووە، بە یەکڕیز و یەکهەڵویستی و ئیتیفاقی نێوان کوردان، دیارە بۆ ئێستاش قسەکەی ئەحمەدی خانی بۆ ئەم قۆناخە زۆر گرنگە و دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان تەنازول بۆ یەکتری بکەن بۆ ئەوەی ئیتیفاق دروست بکەن. ئایا لەم بارودۆخەدا یەکڕیزیی نێوماڵی کورد و هاودەنگی بۆ دروستکردنی ڕایەکی گشتی نیشتمانی تا چەند گرنگە؟ بە بۆچوونی ئێوە ئایا پێویستە چی بکەین بۆ ئەوەی ئەو ڕای گشتی و نیشتمانییە دروست بکەین؟**

- گوتاری یەکڕیزی و ئیتیفاقیی کوردان لە ئەحمەدی خانی-یەوە بە تێپەڕین بە حاجی قادریی کۆیی و گەورە شاعیر و کەسایەتییەکانیتردا درێژ بۆتەوە بۆ ناو مێژووی کورد، بەڵام لە ئاستی کردەییدا بە بەردەوامی لە پەراوێزدا ماوەتەوە و هیچ هێزێکی سیاسیی بەتەواوی و ڕاستگۆیانە نەیتوانیوە بەو سایکۆلۆژیایەوە بیر لە کوردبوون بکاتەوە. جگە لە دوژمنان و بێ نییەتی ناوخۆییش هیچ شتێکیتر لە بەردەمی کردەییکردنی ئەم گوتارەدا ڕێگر نەبووە. ئەگەر لە ئێستاشدا ئەم گوتارە تەبەننی دەکرێت و دەبێتە گوتارێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، بە مانای ئەوەیە ئەو کەس و لایەنانەی لەم پێناوەدا دەستپێشخەری دەکەن، ئەو دۆخە سایکۆلۆژییەشیان ڕەتکردووە کە لە مێژوودا وەك هۆکاری ناوەکی ببووە هۆکاری بەربەست. ئەمەش مایەی دڵخۆشی دەبێت. ئەو هەنگاوانەی بۆ ئەم مەبەستە پێویستن و دەبنە بەڵگە و دەستکەوت بەم ئاراستەی یەکڕیزییەدا و دەشبنە جێی ستایش و دەستکەوت بۆ ئەو لایەنەی ئەمە بە کردەیی دەکات، جگە لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە، بەرگریکردن لە فرەیی و پێکەوەژیان، گێڕانەوەی سەروەریی بۆ یاسا و سنووردانان و هوشیارکردنەوە و گفتوگۆ لەگەڵ ئەو کەس و هێزانەی بە پێچەوانەی بەرژەوەندیی گشتی هەنگاو دەنێن، شتێکیتر نین. هاوتەریب بەمەش دابینکردنی ئاستێکی پێویستی عەدالەت و ماف و ڕیزگرتن لە کەرامەتی مرۆیی و برەودان بە ڕۆشنبیریی لێبووردەیی و دوورکەوتنەوە لە فۆرمەکانی پێشمۆدێڕنی یەکڕێکردنی ناکۆکییەکان و لە خۆبردوویی و گفتوگۆ و هتد، لە پێویستییەکانن، بەمجۆرەش دروستکردنی ڕای گشتیی نیشتمانی بە پیشاندانی نییەتێك گەڵاڵە دەبێت کە تیایدا نیشتمان بخرێتە سەرووی هەر شتێکیترەوە. لەوەها دۆخێکدا کە ئیرادەیەکی ئەوتۆ هەبێت خۆی لەم پێناوەدا بەرجەستە بکات، کۆمەڵگە وێڕای هەر کۆژانێکی ئابووری و قەیرانەکانی، تا ماوەیەك پشتگیریی دەکات و لە پێناویدا بەرگەی گوشاریش دەگرێت. ئەگەر دەرکەوت نییەتەکە ڕاستگۆیانە و ئامانجدارانەیە، ئەم پشتگیرییە کۆمەڵایەتییە بەردەوام دەبێت، ئەگەریش ئاشکرابوو چاوبەستێکە، ئەوە خەڵك لێی سارد دەبنەوە و بۆی هەیە لە دژی هەڵگەڕێنەوە. بۆیە ئەمەش دەڵێم، چونکە بەشێکی زۆری نییەتمەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ئێمە بە فیلتەری میدیا حزبییەکاندا تێپەڕ دەبن و تەنیا وەك دروشم دەمێننەوە. ئەمەش وا دەکات زۆرجار ئەو گومانە نەڕەوێتەوە کە ئایا ئەمە نییەتی ویست و ئیرادەیە، یان نییەتی ئایدیۆلۆژی و چاوبەستکردنە. بۆچوونی ڕاشکاوی من لەمبارەیەوە ڕوونە: پێویستە هەڵگرانی ئەمجۆرە پڕۆژانە بیسەلمێنن کە پێویستە خەڵك خۆی لە پڕۆسەکەدا بەشداری بکات.

*** لە ئێستادا جۆرێك لە پاشاگەردانی لە میدیای کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، ڕاشکاوانەتر ئەوەی جیگەی داخە، خیتابی ئیعلامیمان یەکناگرێتەوە،**

**ئەمە ماف نییە و حەقێکی مرۆیی و نەتەوەییە کە میللەتان سوودمەند بن لەو دامەزراوەیەی شەرعییەتی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بۆ دەستەبەر دەکات**

**ئەگەر ئێمە توانیمان ئاستی ڕۆشنبیریی خۆمان لە بەدبینیی ڕۆشنبیرانەوە بەرز بکەینەوە بۆ بەرجەستەکردنی ئیرادەمان و (نالی)گوتەنی: توانیمان ئیمتیحانی خۆمان بکەین، ئەوە مەقسەدیشمان لەوەی بۆچی دەمانەوێ کوردبوونی خۆشمان ئینشا بکەین، ئاشکرا دەبێت و ئەو کاتە کوردبوون نابێتە عەیبە و لەم قەفەسی کورد لە عێراقەدا ڕزگارمان دەبێت**

**بەدبینم لە ئاست دۆخی ناوخۆیی هەرێم و ناکۆکییە بە میرات بۆماوەکانی نێوان لایەنەکان کە هەمیشە زیانیان لە خۆیان و کۆمەڵگە و سومعەی وڵاتەکەش لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا داوە**

**بەتایبەتی لەسەر پرسە نیشتمانییە چارەنووسسازەکان، زۆر جار بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین، خیتابی ئیعلامی کوردستان خزمەتێکی بەلاشی هەموو دوژمنانی کوردستان دەکات. ئایا تاچەند ئەم پرسە لای ئێوە بۆتە جێگەی بایەخ و چی بکەین بۆ ئەوەی خیتابێکی ئیعلامی ئەوتۆمان هەبێت لەسەر پرسە چارەنووسسازە نیشتمانییەکان کە یەکبگرێتەوە؟**

- ئەم پاشاگەردانییە لەمێژینەیە و دیاردەی ئێستا نییە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کارەکتەری میدیای ئێمە کە لەسەر بناخەی دەستکەوت و پارەوە خۆی دارِشتووە، نەك بەها و زانیاریی درووست. بۆیە ئەم میدیایە لە هەندێ دەرفەت و قۆناغدا نەك هەر خزمەتی بە نەیارەکانمان کردووە، بەڵکو لە رقی میدیای دیکەی ناوخۆ، سەرچاوەیەکی سەرەکیی زانیاریبەخشینیش بووە بە دوژمنەکان. جاریش هەبووە من هەستمکردووە ئەو تۆپەی دوژمن بە کۆمەڵگەی ئێمەوەی ناوە، باڕووتەکەی لە راگەیاندنی نادرووستی کوردییەوە بووە، هەربۆیە تەقینەوەکەشی زۆر کارەساتبار بووە. بە بڕوای من دەبوو لە ساڵانی پێشوودا پێش هەر شتێك لە بواری میدیادا و بە چاودێریی هەموو دەسەڵاتەکان هەوڵ درابا بۆ یەکخستنی گوتاریی میدیایی لە ئاست پرسە گرنگەکاندا و دانانی هێڵی سوور بۆ شێواندنی میدیاییانەی ئەو پرسانە. بەڵام هەروەك چۆن تا ئێستا نەتوانراوە یەك گەندەڵکاری بازرگانی و سیاسیی و ئیداریی سزا بدرێت، یەك راگەیاندن و راگەیاندکاری گەندەڵیش کە لە پێناوی ناوبانگ و مادە و پێگەی خۆیدا، هەموو هێڵە سوورەکانی بەزاندووە، لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکراوە. ئەم پرۆسەیەش کاریگەریی زۆر خراپی نەك هەر لەسەر رای گشتی و جۆری تێڕوانینی ئێمە بۆ کۆمەڵگەکەمان لێکەوتۆتەوە، بەڵکو پرۆسەی پەروەردەکردن و رەهەندی مەعنەوی و گیانی نیشتمانێتیشی سووك کردووە. بۆیە من لە وەڵامێکی دیکەمدا وتم: پێویستە هاوکات بە کارکردن بۆ دانانی بناخەی سیاسی و ئیداری و یاسایی دەوڵەتداری، بناخەی مەعنەوی و رۆحیی دەوڵەتیش کاری بۆ بکرێت، کە بێگومان میدیا یەکێکە لەوانە. ئێمە پێویستیمان بە سەنتەرێکی بەخشینی زانیاری لەسەر پرسە گرنگەکان هەیە کە پێوەندییان بە چارەنووس و پرسە نیشتمانی و سومعەی نەتەوایەتیمانەوە هەیە و ئەم جۆرە زانیارییانە لە ژێر دەسەڵاتی تاکەکەسی راگەیاندکار و کەناڵەکانی راگەیاندن دەربهێندرێت بۆ ئەوەی بە میزاج و ئادیۆلۆژیا مامەڵە لەگەڵ ئەو زانیارییانە نەکرێت. بەو دیوی دیکەشدا پێویستیمان بە شەفافییەتی میدیایی هەیە لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە بۆ ئەوەی میدیاکارەکان لە ژێر گوشارە جیاوازەکان و بە هاندانی هاندەرە نەناسراوەکان، نەکەونە هەڵە و هەڵپەی گەورەوە. نابێت دەسەڵاتەکان و لایەن و کەسایەتییەکان بەهۆی گرنگیدانیان بە هەندێ میدیا و فەرامۆشکردنی ئەوانیترەوە، میدیاکارەکان بخەنە سەر لادانەڕێی هەڵەکردن و پەرچەکرداری سایکۆلۆژی. لەوانەش بترازێت پێویستە ناوەندەکانی میدیایی و زانکۆ و پێگەیاندنی کادری میدیایی بە رۆحێکی نەتەوەیی و ئاکارییانەی ئەوتۆ پەروەردەیان بکەن، نەك تەرکیزکردنەوەی زۆر لەسەر لایەنی تەکنیکی و پرۆفێشناڵیزم. چونکە زۆر جار تەکنیك و پرۆفێشناڵیزمی زانستی رەهەندی ئاکاری و سۆبیەکتیڤانەی کارەکە لاواز دەکات. بۆیە ئەم بۆچوونە رەخنەییە فرەلایەنە و تەنیا میدیاکاران و میدیاکان ناگرێتەوە، بەڵکو سەنتەری پێگەیاندن و دەسەڵاتەکانیش دەگرێتەوە، کە خۆیان بەشداربوون لەو پەرتکردنی میدیاییەدا.

*** لە ئێستادا دامەزراوە فەرمییەکانی کوردستان لە ئامادەباشیدان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستان، ئەم ریفراندۆمە لەلایەك بۆ بڕیاری چارەنووسە و لەلایەکی دیکەوە بۆ گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوی هەرێمی کوردستانە بە شێوەیەکی رەسمی بۆ سەر هەرێمی کوردستان. دیارە سەرکەوتنی ئەم راپرسییە پێویستی بە زەمینەخۆشکردنە، راسپاردەتان بۆ سەرکەوتنی ئەم گشتپرسییە لە رووی سیاسییەوە چییە؟**

- سەرەتا دەبێت لەوە دڵنیا بین کە ریفراندۆم بۆ ئەو مەبەستانە مافێکی یاسایی و حەقێکی مرۆییە و کەس نابێت دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت بە هەر پاساوێك لێمانی زەوت بکات. بۆ ئەمەش پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانە بکەین:

یەکەم: لە پێش هەموو شتێکدا پێویستە رەزامەندییەکی یاسایی و نێودەوڵەتی بۆ بەدەست بهێنین و چاکتریشە ئەو لایەنەی بەمکارە هەڵدەستێت هەر لە سەرەتاوە و بۆ خۆبەدوورگرتنی لەو بەهانانەی پاشتر پێیدەگیرێن و ئەو سەرزەنشتانەی رووبەڕووی دەبنەوە، بەڕێوەچوونی کۆی پرۆسەکە بداتە دەزگا نێونەتەوەییەکان و لەم رێگەیشەوە بۆ بەرچاوی جیهان نەزاهەی پرۆسەکە و ئەنجامەکەی بسەلمێنێت.

دووەم: هەر لەسەرەتاوە بڕیار بدرێت کە هیچ رێگرێکی سیاسیی دەرەکی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، هەروەها ئیداری و دارایی نەبێتە هۆکاری دواخستنی ئەم تاقیکردنەوەیەی کورد بۆ ئیرادەی خۆی.

سێیەم: پێویستە هەمەپرسییەکی سیاسی لەگەڵ نوێنەری لایەنە کوردستانییەکان بکرێت و ئەوەیان بۆ روون بکرێتەوە کە بەشداریکردنی کردەیی ئەوانیش لەم پرۆسە گرنگەدا ئەرکێکی کوردستانییانەیە و دڵنیا بکرێنەوە لەوەی کە دەوڵەتی کوردستان، دەوڵەتی

**پێویستە هەمەپرسییەکی سیاسی لەگەڵ نوێنەری لایەنە کوردستانییەکان بکرێت و ئەوەیان بۆ روون بکرێتەوە کە بەشداریکردنی کردەیی ئەوانیش لەم پرۆسە گرنگەدا ئەرکێکی کوردستانییانەیە و دڵنیا بکرێنەوە لەوەی کە دەوڵەتی کوردستان، دەوڵەتی کوردستانییەکان دەبێت**

**پێویستیمان بە سەنتەرێکی بەخشینی زانیاری لەسەر پرسە گرنگەکان هەیە کە پێوەندییان بە چارەنووس و پرسە نیشتمانی و سومعەی نەتەوایەتیمانەوە هەیە**

**چۆن تا ئێستا نەتوانراوە یەک گەندەڵکاری بازرگانی و سیاسیی و ئیداریی سزا بدرێت، یەک راگەیاندن و راگەیاندکاری گەندەڵیش کە لە پێناوی ناوبانگ و مادە و پێگەی خۆیدا، هەموو هێڵە سوورەکانی بەزاندووە، لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکراوە**

کوردستانییەکان دەبێت.

چوارەم: ئەو کەسایەتی و لیژنانەی کاتی خۆی ئەرکی ریفراندۆمی یەکەمیان پێدرا، بەپێی رێنمایی نوێ، بکرێنە تیمی راپەڕێنەری ئەم پرۆسەیە و سوود لە ئەزموونیان وەربگیرێتەوە و بە پشتبەستن بەو کەسایەتییانە، لە هەر هەڵەیەك خۆ بەدووربگرین.

پێنجەم: ئێمە ئەکادیمای کوردی و بەشەکانی زمانی کوردیمان هەن و پێویستە ئەم دامەزراوانە بەشێك بن لە پرۆسەکە و گرنگە کۆی دۆکیۆمەنتەکانی ئەم ریفراندۆمە و لۆگۆ و نیشانەکانی، بە فیلتەرێکی زمانیدا تێپەڕێندرێن و ئەو بەڵگەنامانەی لەم پرۆسەیە دەکەونەوە، بەڵگە بن لەسەر هەنگاوێکی نەتەوەیی، چونکە بەشێکی زۆری ئەو بەڵگەنامە و نووسراوە فەرمییانەی لەم وڵاتەدا بڵاو دەبنەوە، رەچاوی زمانێکی زیندوو و پووخت و لۆژیکی بیرکردنەوەی کوردی ناکەن، ئەمەش شوورەییەکی گەورەیە کە نەتوانین لە پرۆسەیەکی سیاسیی ئاوا گرنگدا زمانی سیاسی، یاسایی و میدیایی خۆمان نوێ بکەینەوە، تا ببێتە هەڵگریی سیما و ناوەڕۆکیی رووداوەکە. رەنگە هەندێ کەس و لایەن ئەمەیان زۆر بەلاوە گرنگ نەبێت، بەڵام بە بڕوای من پێویستە بایەخێکی تەواو بە لایەنی زمانییانەی پرۆسەکە بدرێت و بکرێتە بنەمایەك بۆ زمانی فەرمیی لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا کە ئەم ریفراندۆمە دەیکاتە ئامانجی خۆی.

شەشەم: بەشدارییپێکردنی هاووڵاتیانی کوردی هەر سێ بەشەکەی دیکەی کوردستان و نوێنەری کوردانی تاراوگە و کەسایەتی ئەکادیمی کورد لە بەشەکانیترەوە، بە رەچاوکردنی یەکسانیی رەگەزی، بە شێوەیەکی رمزیی گرنگیی خۆی هەیە و بەشێکە لە ئەتەکێتی بەرزی نەتەوەیی.

حەوتەم: پێویستە لە ئێستاوە، سنووری گشت ئەو شوێنانەی ریفراندۆمیان تێدا دەکرێت لە شار و شارۆچکە و شوێنەکانیتر ئامادەباشیی ئەمنییان بۆ بکرێت، بەبێ ئەوەی هەموو شتێك و گشت هەنگاوێکی ئەمنی ئیعلان بکرێت. ئێمە لەم زەمینەیەدا کەم شارەزاین و پێشتر دوژمنان لەو بۆشایی و درزانەوە دێنە ژوورەوە کە ئێمە بە شەوقی ئەنجامدانی کارەکەوە، لە بیریان دەکەین. بۆیە پشتێنێکی ئەمنی شاراوە و نادیار لە ئێستاوە پێویستە بەبێ ئاشکراکردن و جاڕدانی ئامادەکارییە ئەمنییەکان.

هەشتەم: رۆشنبیران، نووسەران و راگەیاندن و قسەکەران، دەستەی مەلاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکدا لەسەر ئەم مەسەلە چارەنووسسازە، پێویستە کاریگەریی خۆیانیان هەبێت و هاوهەڵوێست بن. ئەمە جگە لەوەی پێویستە سەرکردایەتیی سیاسی زیاد لە پلانێکی هەبێت بۆ دوای ریفراندۆم بە لە پێشچاوگرتنی ئەو راستییەش ئەگەر ئەنجامەکە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانەوە بوو.

*** لە دوماهیدا رات لەسەر ئێستای کوردستان و گەشبینی و رەشبینییەکان بەرامبەر بە چارەنووس و داهاتووی نەتەوەییمان چییە؟**

من لە بیرمەندی گەورەی ئیتالی، (ئەنتۆنیۆ گرامشی)یەوە فێربووم کە نووسیبووی: «پێویستە بڕوامان بە بەدبینی رۆشنبیرانە و گەشبینی ئیرادە هەبێت». بەدبینم لە ئاست دۆخی ناوخۆیی هەرێم و ناکۆکییە بە میرات بۆماوەکانی نێوان لایەنەکان کە هەمیشە زیانیان لە خۆیان و کۆمەڵگە و سومعەی وڵاتەکەش لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا داوە. لەو بڕوایەشدام ئەم ناکۆکییانە شیاوی چارەسەرکردن و تێپەڕاندن، بە تایبەتی لەم دۆخەدا و لە پێناوی پڕۆژە گەورە نەتەوەییەکاندا، هەر هەنگاوێك لەم بوارەدا بنرێت، هەر رێککەوتن و سازان و تەنازوولێك لایەنە سیاسییەکان بۆ یەکتری بنوێنن، لە چاوی کۆمەڵگەی هەرێم و گشت بەشەکانی دیکەی کوردستان و کۆمەڵگەی جیهانییەوە بەرز دەنرخێندرێت. هەروەها دەکرێت، دوو شت لە یەکتر جیا بکرێنەوە، یەکەم: مانەوەی ئەو ناکۆکییانە و هەڵپەساردنیان بۆ کاتێك کە بتوانرێت هێمنانە گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێت. دووەم: کۆدەنگی و یەکدەنگی گشت لایەنەکان لەسەر ئەم پرسی دەوڵەتسازییە بەبێ ئەوەی بیبەستینەوە بەوەی ئاخۆ ئەم پڕۆژەیە پڕۆژەی لایەنێکیترە، کە ئێمە لەگەڵیدا ناکۆکین. بەهای ئەم پڕۆژەیە لە دوورمەودادا هەڵگری ئەو خەونەیە کە هەر میللەتێك هەیەتی بۆ بەدەستهێنانی ئەو (حەقە)ی خۆی. چونکە ئەمە ماف نییە و حەقێکی مرۆیی و نەتەوەییە کە میللەتان سوودمەند بن لەو دامەزراوەیەی شەرعییەتی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی بۆ دەستەبەر دەکات. ئەگەر ئێمە توانیمان ئاستی رۆشنبیریی خۆمان لە بەدبینیی رۆشنبیرانەوە بەرز بکەینەوە بۆ بەرجەستەکردنی ئیرادەمان و (نالی)گوتەنی: توانیمان ئیمتیحانی خۆمان بکەین، ئەوە مەقسەدیشمان لەوەی بۆچی دەمانەوێ کوردبوونی خۆشمان ئینشا بکەین، ئاشکرا دەبێت و ئەو کاتە کوردبوون نابێتە عەیبە و لەم قەفەسی کورد لە عێراقەدا رزگارمان دەبێت. بۆیە بەدەر لە هەر تێبینی و رەخنە و سەرنجێك، دەمەوێت گەشبین بم بەوەی کە ئێستا لە دۆخێکی مێژوویی وادا دەژیم کە تیایدا باس لە خەونێك دەکرێت، کە قوربانییەکی زۆری لە پێناودا دراوە و ئەگەر تەمەنی ئێمە ئەو قۆناغە بێت کە ئەم خەونەی تیادا دێتە دی، بەمانای ئەوەیە نەوەی ئێمە وەك نەوەکانی پێشوو، بێکەس و بە نائومێدی سەر نانێینەوە.

**ئەو تۆپەی دوژمن بە کۆمەڵگەی ئێمەوەی ناوە، بارووتەکەی لە راگەیاندنی نادروستی کوردییەوە بووە، هەربۆیە تەقینەوەکەشی زۆر کارەساتبار بووە**

**ئەم پاشاگەردانییە لەمێژینەیە و دیاردەی ئێستا نییە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کارەکتەری میدیای ئێمە کە لەسەر بناخەی دەستکەوت و پارەوە خۆی دارشتووە، نەک بەها و زانیاریی درووست**

**بەشێکی زۆری نییەتمەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ئێمە بە فیلتەری میدیا حزبییەکاندا تێپەڕ دەبن و تەنیا وەک دروشم دەمێننەوە. ئەمەش وا دەکات زۆرجار ئەو گومانە نەڕەوێتەوە کە ئایا ئەمە نییەتی ویست و ئیرادەیە، یان نییەتی ئایدیۆلۆژی و چاوبەستکردنە**

# ئەو عێراقەی بە (هەڵە) درووستکرا (ڕاست) ئەوەیە هەڵبوەشێتەوە

هەرێمی کوردستان شوێنێکی ستراتیژیی و زۆر گرنگە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی لەسەر نەخشەی جیهان لە بەر زۆر هۆی جیاجیا و لە زۆر ڕووەوە، بۆ نموونە:
یەکەم:لە ڕووی سیاسییەوە ئەزموونێکی دیموکراسی تا رادەیەکی باش سەرکەوتووە لە ناوچەکەدا.
دووەم: لە ڕووی ئابوورییەوە خاوەنی نەوت و غازو کانزای گرانبەها و ڕووبەری کشتوکاڵیی فراوانە بۆ ئایندە.
سێیەم: لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵگەیەکی کراوەی مەدەنی و پێشکەوتنخوازە.
چوارەم: لە ڕووی ئایینییەوە شوێنی پێکەوەژیان و قبووڵکردنی جیاوازەکان و کەلتووری لێبووردەییە.
پێنجەم: لە ڕووی سەربازییەوە پێشمەرگە وەك سیمبوڵ بۆ هێزێکی نیزامیی و خاوەن دیسپلینی سەربازی و وەك پشتیوانیش بۆ هاوپەیمانیی جیهانی تەماشا دەکرێت، بۆیە لەلایەن هاوپەیمانانی جیهانییەوە چەکی پێدەدرێت و مەشقیشی پێدەکرێت.
شەشەم: لە ڕووی جیۆپۆلۆتیکیشەوە، هەرێمی کوردستان:
١- ناوەندێکی پێکەوەگرێدانی نێوان هەر چوار وڵاتی عێراق، ئێران، سووریا و تورکیایە.
٢- هێڵی ترانزێتە لە نێوان تورکیا و ئەورووپا بەرەو عێراق و وڵاتانی کەنداو.
٣- پێگەیەکە بۆ دامەزراندنی بنکەی هاریکاریی لۆجیستیی لەگەڵ هاوپەیمانانی جیهانیدا.
٤- کاریگەریی ئەرێنیی و ڕۆڵی ئەکتیڤکردنی سیاسەتی ئاشتیخوازانەی لە سەر پارچەکانی دیکەی کوردستان هەیە.
٥- ڕێڕەوی زۆرێك لە سەرچاوە ئاوییەکانە لێرەوە بەرەو عێراق .
بۆیە ئەمڕۆ پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی خێراتر و باشتر بێتە سەر هێڵی کاراترکردنی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا لە ڕێگەی:
١- هێشتنەوەی هەرێمی کوردستان وەك ناوچەیەکی خاوەن تایبەتمەندی و خاوەن کەلتووری پێکەوەژیانی جیاوازەکان بە ئاشتی و بە ئاراستەی سەربەخۆیی و بوون بەدەوڵەت.
٢- هاندانی کۆمپانیاکان بۆ وەبەرهێنانی بیانیی زیاتر لە هەرێمدا.
٣- ڕێنماییکردنی وڵاتانی دۆست بۆ کردنەوەی کونسوڵخانەی وڵاتەکانیان لە کوردستان.
٤- روانینە هێزی پێشمەرگە وەك هێزێکی جێگەی متمانە بۆ یارمەتیدانی سیاسەتی هاوپەیمانیی جیهانیی دژ بە تیرۆر لە ناوچەکەدا.
٥- نرخاندنی ڕۆڵی گەلی کوردستان کە دوای دەیان ساڵ لە دابەشکردن و سووتاندنی خاك و وێرانکردنی گوند و کیمیابارانکردن و جینۆساید و ئەنفال و کۆڕەو و پەنابەریی و ئاوارەبوون، ئەمڕۆ توانیویەتی لەسەر پێی خۆی بوەستێت بۆ بنیادنانی ئەم هەرێمەی کە بۆتە نەوای ئارام بۆ چەندین ملیۆن مرۆڤی ئاوارە و پەنابەر.
٦- روانینە هەرێمی کوردستان وەك خاوەن دۆزێکی سیاسیی ڕەوا بۆ بەدەستهێنانی مافی بڕیاردانی چارەنووس .
٧- زانینی ئەو ڕاستییەی کە ناسنامەی نیشتمانی، ناسنامەی ناسینەوەی وڵات و بەرهەمی کۆی ناسنامە نێوخۆییەکانی هەر وڵاتێکە و پێویستە مەرجەکانی ناسنامەی نیشتمانییش بێنەدی لە ڕووی دانان بە ڕەواییەتی ناسنامەی پێکهاتەکانی نێو وڵات.
٨- زانینی ئەو ڕاستییەش کە ئەمڕۆ لەم عێراقە پاشکەوتووەدا ڕێگری زۆر هەن لەبەردەم فرەناسنامەییدا، چونکە:
یەکەم: عێراق دەوڵەتێکە گەلی بۆ کۆکراوەتەوە، نەك گەلێکی یەکگرتووی هەبێت و دەوڵەتی بۆ درووستکرابێت.
دووەم: عێراق دەوڵەتە، بەڵام نیشتمان نییە، بۆیە بەردەوام نەوەکانی بەجێی دەهێڵن و کۆچی لێوە دەکەن .
سێیەم: لەعێراقدا قەیرانی هەمیشەیی هەیە کە قەیرانی حوکمە، نەك قەیرانی کاتی و حکوومی.
٩- پەیبردن و بینینی ئەو دیمەنەی کە زامنکردنی دەستوورییانەی یەکسانی لە ماف و ئەرك لە نێوان پێکهاتەکانی خاوەن ناسنامەی جیاواز لەم عێراقەی ئەمڕۆدا بوونی نییە و عێراقی ئەمڕۆ ناڕوانێتە ناسنامە نێوخۆییە جیاوازەکان وەك سیمبوڵێك بۆ فرەچەشنی، بەڵکو وەك دژایەتیکردنی نێوانیان چاوی لێدەکات.
١٠- لە ڕووانگەی داماڵینی پیرۆزیی لە سنوورە دەستکردەکانی دوێنێ و هەبوونی مافی ڕاپرسی لە سەر ئایندەی گشت پێکهاتەکان لەلایەن پێکهاتەکانی عێراق خۆیانەوە، پێویستە ئەو ڕاستییە درك پێبکرێت کە ڕێگەچارەی گونجاو بۆ ئێستاو ئایندەی ئەم عێراقە، هەر دابەشکردنەوەیەتی بۆ چەند دەوڵەتێك، وەك ئەو ئەزموونانەی لە زۆربەی وڵاتاندا بینیمان.



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com



## هادی عەلی

سیاسەتمەدار و وەزیری پێشووی دادی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# هەلومەرجی نێودەوڵەتی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لەبارە و پێویستی بەوەیە لەسەر ئاستی ناوخۆ زەمینەی بۆ درووست بکەین

**هەمـوو بۆچوونـەکان بـەو ئاراسـتەیەن چیدیکـە نەخشـەی سـایکس پیکـۆ خزمەتـی بەرژەوەندییەکانـی وڵاتانـی زلهێـزی جیهـان نـاکات، هەروەهـا مانـەوەی ئـەو نەخشـەیە ئاینـدەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بـەرەو ئـاژاوە و ناسـەقامگیری و شـەڕێکی درێژماوەتـر و بگـرە بـێ کۆتایـی دەبـات، هـەر بۆیـە ئێسـتا زۆر بـە چـڕی بـاس لـە گۆڕانـکاری نەخشـەی سـایکس پیکـۆ دەکرێـت. دیـارە کـورد لـەم ڕێککەوتنـە زەرەرمەنـدی سـەرەکی بـووە، بۆیـە کاتێـك بـاس لـە گۆڕانـکاری لـەم ڕێککەوتنـە دەکرێـت، کوردیـش هیـوای بەوەیـە کـە لـەم گۆڕانکارییـە ببێتـە خاوەنـی دەوڵەتـی سـەربەخۆی خـۆی. بـۆ قسـەکردن لەسـەر ئـەم گۆڕانکارییـە چاوەڕواننەکـراوە و چۆنیەتـی سـوودوەرگرتنی کـورد لـەم دەرفەتـە، ئـەم دیمانەیەمـان لەگـەڵ هـادی عەلـی سیاسـەتمەدار و وەزیـری پێشـووی دادی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان ئەنجامـدا و بەمجـۆرە بۆچوونەکانـی خـۆی بـۆ گـوڵان خستەڕوو.**

*** ئەمسـاڵ سـەدەیەك بەسـەر ڕێککەوتننامـەی سـایکس پیکـۆدا تێدەپـەڕێ، ئـەو ڕێککەوتنـە سـەر لـە نوێ نەخشـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاستی داڕشتەوە و واقیعێکـی خراپـی بـە سـەر کـورددا داسـەپاندووە و کـوردی پارچـە پارچـە کـردووە، ئێسـتاش بـە هـۆی سـەرکەوتنە گەورەکانـی پێشـمەرگەوە هاوسـۆزییەکی گـەورە لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی لـە ئاسـت کـورد درووسـت بـووە، ئایـا چـی بکرێـت باشـە بـۆ ئـەوەی لـەم هاوکێشـە سیاسـییە نوێیـەدا ئـەو هاوسـۆزییە گەورەیـە بـۆ کـورد درووسـت ببێتـەوە؟**

- ئاشـکرایە کـە ڕێککەوتننامـەی سـایکس پیکـۆ ١٠٠سـاڵی بەسـەردا تێدەپەڕێـت، ئـەم ڕێککەوتنـە لـە نێـوان نوێنەرانـی بەریتانیـا و فەڕەنسـا ئەنجامـدرا، بێگومـان دواتـر نوێنـەری ڕووسـیا- وەزیـری دەرەوەی ئـەو وڵاتـە- هاتـە نێـو ڕێککەوتنەکـەوە. ئـەو سـەروەختە گەرمـەی شـەڕی یەکەمـی جیهـان بـوو و هـۆکاری هەڵگیرسـاندنی ئـەو شـەڕەش لـە لایـەن زلهێزەکانـەوە، ئەوەبـوو کـە باوەڕیـان وابـوو لـە ئەنجامـی ئـەو شـەڕەدا دەتوانـن کۆنتڕۆڵـی زۆرێـك لـەو ناوچانـە بکـەن کـە لـە ژێـر قەڵەمـڕەوی عوسـمانییەکاندا بـوو. ئـەوەی جێـی سەرسـوڕمانە حاڵـی حـازر هەلومەرجـی سیاسـیی ئـەو ناوچانـەی کەوتبوونـە چوارچێـوەی ئـەو ڕێککەوتنـەوە، هاوچەشـنی هەلومەرجـی ڕۆژگاری ئەنجامدانـی ڕێککەوتنەکەیـە، واتـە چـۆن لـەو کاتـەدا ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانی لاواز بـوو، ئـەو ناوچانـەش قابیلـی ئـەوە بـوون بکەونـە بـەر تەمـاح و چاوتێبڕیـن، ئـەوا ئێسـتاش دەوڵەتانـی ئـەم ناوچەیـە وەك عێـراق و سـووریا و دەوڵەتانـی دەوروبـەر لـە هەمـان دۆخـدان، بـەو پێیـە چـۆن لـەو کاتـەدا زەمینـە سـاز و لەبـار بـوو بـۆ ئـەوەی ئـەو ناوچانـە کۆنتـڕۆڵ بکرێـن و بـە شێوەیەك لـە شێوەکان دابەش بکرێن، ئێسـتاش عێراق و سـووریا و ناوچەکانـی دەوروبەریـان بوونەتـە گۆڕەپانـی

**لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی کورد لە دۆخێکدا نەبوو بتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت و دەوڵەتێک بۆ خۆی دابمەزرێنێت، یان دەوڵەتی بۆ دروست بکرێت. لەبەر ئەوە لە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و تەنانەت لە ساڵی ١٩٧٥یشدا کە شۆڕشی ئەیلوول دووچاری ئەو چارەنووسە بوو، ئەوا هۆکاری دەرەکی ڕێگری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی کورد نەتوانێت ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی، بەڵام لە ئێستادا هۆکارە نێودەوڵەتییەکەش تا ڕادەیەک پشتیوانە بۆ ئەوەی کورد دەوڵەت دابمەزرێنێت**

**ئێستا هەل و مەرجە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکە تا ڕادەیەک لە بەرژەوەندی کوردن، بەڵام کێشەکە و داخەکە لەوەدایە هەلومەرجی ناوخۆیی خۆمان لە ئاستی پێویستدا نییە**

ململانێی هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان و باس و خواسی دابەشبوون و گۆڕینی نەخشەی سایکس-پیکۆ هاتۆتەئاراوە. بێگومان یەکێك لەو لایەنانەی لە سایکس-پیکۆ زیانی بەرکەوت بە پلەی یەکەم کورد بوو. بەڵام بە بەراورد بە دۆخی کورد لە سەت ساڵ بەر لە ئێستادا، ئەوا ئێستا کورد لە هەلومەرجێکی سیاسی باشتر و لەبارتردایە، هەروەها لە ڕووی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیشەوە ئێستا کورد بایەخێ زیاتری هەیە. بەڵام لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی کورد لە دۆخێکدا نەبوو بتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت و دەوڵەتێك بۆ خۆی دابمەزرێنێت، یان دەوڵەتی بۆ درووست بکرێت. لەبەر ئەوە لە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و تەنانەت لە ساڵی ١٩٧٥یشدا کە شۆڕشی ئەیلوول دووچاری ئەو چارەنووسە بوو، ئەوا هۆکاری دەرەکی ڕێگری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی کورد نەتوانێت ببێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆی، بەڵام لە ئێستادا هۆکارە نێودەوڵەتییەکەش تا ڕادەیەك پشتیوانە بۆ ئەوەی کورد دەوڵەت دابمەزرێنێت، هەروەها بارودۆخە هەرێمایەتییەکەش بە چەشنی وێستگە مێژووییەکان نین، بۆ نموونە، عێراق و سووریا لە دۆخێکدا نین، بتوانن ڕێگری لێبکەن، تورکیا بە شێوەیەك لە شێوەکان تەفەهومی دەکات و تەنانەت زۆر دیار نییە کە ئێران ڕێگری لێبکات. کەواتە ئێستا هەل و مەرجە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکە تا ڕادەیەك لە بەرژەوەندی کوردن، بەڵام کێشەکە و داخەکە لەوەدایە هەلومەرجی ناوخۆیی خۆمان لە ئاستی پێویستدا نییە و لە ئاستی قۆناخەکە و ئەو هەموو دەرفەتانەدا نییە کە هاتوونەتە پێشەوە بۆ کورد، چونکە ئەگەر جاران گلەییمان لە بەختی خۆمان کردبێت کە بارودۆخە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکە لە بەرژەوەندی کورد نەبوون و بەڵکو دژ بە خواستەکانی کوردیش بوون، ئەوا ئێستا هەلومەرجە هەرێمایەتییەکە گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە و دەتوانین بڵێین هەلومەرجە نێودەوڵەتییەکەش تا ڕادەیەك پشتیوانی لە کورد دەکات، پشتیوانی سیاسی و سەربازیش هەیە، کە ئێستا ئەمە لە شەڕی داعشدا دەبینین.

*** ئێوە ئاماژەتان بۆ بوونی هاوسۆزی کرد بۆ کورد، بەتایبەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەو هاوسۆزییە بگۆڕین بۆ پشتگیریکردن لە پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەتی کوردستان و سڕینەوەی ئەو غەدرەی لە ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆدا لە کورد کراوە؟**

- پێش ئەوەمی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، من خۆم هەندێ ڕا و سەرنجی تایبەتیم لەسەر ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ هەیە، لە ڕاستیدا سێ نەتەوە کەوتنە بەر کاریگەریی ئەم ڕێککەوتنە، ئەوانیش بریتین لە کورد و عەرەب و تورك، لە ئێستاشدا هەر سێ نەتەوەکە گلەیی و نیگەرانییان هەیە لە ئاست ئەو ڕێککەوتنەدا و لێکدانەوەکەیان وایە کە سایکس-پیکۆ دابەشی کردبن، بەڵام ئەگەر بێین ئاوڕ لەو سەردەمە بدەینەوە کە کورد وعەرەب و تورك لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوون، ئەوا نە کورد و نە عەرەب خاوەنی قەوارەی سیاسی یەکگرتووی تایبەت بە خۆیان نەبوون، تاوەکو ئەم ڕێککەوتنە هاتبێت و دابەشی کردبێت. واتە ئەم ناوچانە هەموویان سەر بە دەسەڵاتی عوسمانی بوون و ناوچەکانیش لە سەر بنەمای ویلایەت دابەشکرابوون، کە عەرەبەکانیش هەموویان سەر بە یەك ویلایەت نەبوون، بەڵکو چەند ویلایەتێك بوون. هەروەها کوردیش سەر بە یەك ویلایەت نەبوون. کەواتە لە ئێستادا ڕێککەوتنی سایکس-پیکۆ پێویستی بە خوێندنەوەیەکی بابەتیانەتر هەیە، ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتنە بریتی بوو لە دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان زلهێزەکانی ئەو ڕۆژگارەدا، پاشان چەند دەوڵەتێك بۆ عەرەبەکان درووستکرا. ئەوەی پێوەندی بە کوردەوە هەبێت، ئەوە بوو کە زلهێزەکان ئامادەییان تێدا نەبوو کورد لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆدا جێگەی بکرێتەوە. دواتر ئەوەی پەیوەندی بە پرسیارەکەتانەوە هەبێت، ئەوا هەر لە ئێستادا چەندە ئێمە دۆخی ناوخۆییمان مەحکەم بێت لە ڕووی ئیداری و ئابوورییەوە، لە ڕووی مافەکانی مرۆڤ و پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی کوردستان، هەروەها لە ڕووی هێنانەدی جۆرێك لە سازانی نیشتمانی لە نێوان لایەنە سیاسییەکاندا بۆ ئەوەی مۆدێلێك پێشکەش بکرێت کە جیاواز بێت لە ناوچەکانی دیکەی عێراق و ناوچەکەش. ئەمە دەبێتە باشترین کارت بە دەست کوردەوە بۆ گۆڕینی ئەو هاوسۆزییەی لە ئاست کورددا هەیە- بەتایبەتی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی- بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ڕووی سیاسیشەوە کاری لەسەر بکرێت، بەڵام بە داخەوە لە ماوەی یەك دوو ساڵی ڕابردوودا پاشەکشە هاتۆتەئاراوە، چونکە

لە کاتێکدا کە تێڕوانینێکی ئیجابی بەرامبەر حکومەتی کوردستان و خەڵکی کوردستان درووست ببوو، ئەوا ئێستا دۆخە ئابوورییەکە لە قەیراندایە و دۆخە سیاسییەکەش لە تەنگژەیەکی ئاڵۆز و گەورەدایە- ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی ئەو وێنا جوانەی پێشتر لەسەر کورد درووست ببوو، ئێستا ئەو وێنایە بکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

*** ئەگەر لەم هەل و مەرجەدا هەنگاوێك لەم چەشنە دەست پێبکەین، واتە کارکردن بە ئاڕاستەی بنیادنانی دەوڵەت، ئەوا تا چ رادەیەك دەتوانین کاریگەری ئیجابی لە سەر حکومەت و رای گشتی رۆژئاوا درووست بکەین؟**

- لەو باوەڕەدام ئەگەر بتوانین بارودۆخی ناوخۆیی باشتر بکەین و بتوانین بە پلەی یەکەم قەیرانی سیاسی و دواتر قەیرانی ئابووری تێپەڕێنین، ئەوا بە ئاسانی دەتوانین سوود لەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییە وەربگرین.

*** چی بکرێت لە ناوخۆدا بۆ رێکخستنەوەی نێوماڵی کورد و بۆ ئەوەی بتوانین زەمینەسازی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین بڕیارێك ئاوا چارەنووسساز بدەین؟**

- روونە کە حاڵی حازر پێنج لایەنی سیاسی و سەرەکی هەن کە پێویستە سەرجەم ئەو پێنج لایەنە لەسەر رێگاچارە، یان نەخشەڕێگایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و داراییەکە رێکبکەون. لە بنەڕەتدا کێشە سیاسییەکە لە هەرێمی کوردستاندا پەیوەستە بە بوونی ناهاوسەنگییەك لە بواری دابەشکردنی دەسەڵاتدا. کێشەی بنەڕەتی دووەم بریتییە لە نادادپەروەری زەق لە دابەشکردنی سامانی گشتیدا لە هەرێمی کوردستاندا، جەماوەر بە پلەی یەکەم بەدەست ئەم نادادپەروەرییەوە دەناڵێنێت، ئەو نادادپەروەرییەش سەریکێشاوە بۆ گەندەڵییەکی بێئەندازە و ناشەفافیەتێکی لە رادەبەدەر، کەمینەیەکی زۆر کەم لە سەر حیسابی سەروەت و سامانی میللەتەکە بە شێوەیەکی بێ سنوور دەوڵەمەند بوون، کە بە راستی ئەمە کارەساتێکی گەورەیە و رووی کردۆتە ئەم حکومەتە. پێویستە لەسەر لایەنە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان بە زووترین کات ئەو ناوهاوسەنگییەی لە رێکخستنی دەسەڵاتدا هەیە چارەسەر بکەن، هەروەها ئەو نادادپەروەری و ناشەفافییەتەی لە سامانی گشتیدا هەیە، چارەسەر بکرێت. هەروەها رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بە لای کەمەوە پێویستە گوێیان لێبگیرێت، بە هەمان شێوە شارەزایانیش و ئاساییە کە پرس و راوێژ بە شارەزایانی دەرەوە بکرێت، کەواتە پێویستە نەخشەڕێگایەك دابنرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانە.

***مەبەستتان ئەوەیە سەر لە نوێی ژێرخانی سیاسی و حوکمڕانی رێکبخرێتەوە، واتە ئەنجامدانی چاکسازی لەو بوارەدا بە گرنگ دەزانن، کە ئەمەش لە دامەزراوەکانی حکومەت و کەرتی تایبەتەوە دەست پێدەکات، ئایا ئەم چاکسازییەش تا چەند وەك توخمێك لە نەخشەڕێگای پرۆسەی سەربەخۆیی گرنگە؟**

- لە راستیدا ئەم پرسیارە مەسەلەیەکی گرنگ لە خۆدەگرێت، پێشتر دەگوترا دەوڵەت لە سەر سێ پایە راوەستاوە، گەل و دەسەڵات و خاك، بەڵام ئێستا ئەمە بەسەرچووە و هۆکاری سەرەکی دیکەی هاتۆتەسەر، یەکێکیان ئەوەیە کە چۆن ژێرخانێکی ئابووری ئەوتۆ هەبێت لەو هەرێمەدا کە ئەو گەلە بتوانێت لەسەر پێی خۆی رابوەستێت، هەروەها پلانی هاوچەرخی سەرکەوتوو هەبێت بۆ گەشەپێدانی بەردەوام، مەسەلەیەکی گرنگی دیکە ئەوەیە لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی قبووڵ بکرێت. کە ئەمە تا رادەیەك بۆ کورد دەستەبەر بووە. کەموکورتی گەورەی کوردستان لەوەدایە کە سیستمە سیاسییەکەی سەرکەوتوو نەبووە و دەتوانین بڵێین ژێرخانی ئابووریمان هەر نییە. راستە هەنگاوهەڵگیرا بۆ ئەوەی بەهۆی نەوتەوە کوردستان بتوانێت لە رووی ئابوورییەوە لەسەر پێی خۆی رابوەستێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئێمە خۆمان تەحەکوم بە نەوتەوە ناکەین، چونکە ئێستا ئەوەتا نرخی نەوت دابەزیوە، ئێستاش بەهۆی نرخی نەوتەوە ئەو دۆخە درووست بووە، خۆی لە خۆیدا دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت شتێکی سروشتی و باشیشە، بەڵام نەدەبوو تەنیا پشت بە داهاتی نەوت ببەسترایە، چونکە نرخی نەوت لە دەستی ئێمەدا نییە، ئەوەتا دابەزیوە و ئێمەش بەو دەردە چووین. کەواتە دەبوو حکومەتی هەرێم نەخشەڕێگا و پلانی ئەوەی هەبوایە هەر تەنیا پشت بە داهاتی نەوت نەبەسترێت، بەڵکو کار بکرایە بە بێ نەوتیش لانیکەمی بژێوی دابین بکرایە. چونکە ئەو وڵاتانەی نەوت هەناردە دەکەن، ژمارەیان کەمە، رێکخراوی ئۆپیك لە ١٢ وڵات پێکهاتووە و ئەگەر ٨ بۆ ٩ وڵاتی دیکەش هەبن نەوت هەناردە بکەن، ئەوا باقی وڵاتانی دیکە

**ئەگەر بتوانین بارودۆخی ناوخۆیی باشتر بکەین و بتوانین بە پلەی یەکەم قەیرانی سیاسی و دواتر قەیرانی ئابووری تێپەڕێنین، ئەوا بە ئاسانی دەتوانین سوود لەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییە وەربگرین**

**کەموکورتی گەورەی کوردستان لەوەدایە کە سیستمە سیاسییەکەی سەرکەوتوو نەبووە و دەتوانین بڵێین ژێرخانی ئابووریمان هەر نییە**

**گرژیی وتاری راگەیاندن رەنگدانەوەی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکەیە و هەر کاتێک ئەو قەیرانانە چارەسەر کران، ئەوا وتاری راگەیاندنیش بۆ خۆی هێور دەبێتەوە**

نەك نەوت و بەرهەمی نەوتیان نییە، بەڵكو نەوت و بەرهەمەكانی نەوتیش دەكرن، لەگەڵ ئەوەشدا تێیاندایە كە لە وڵاتە هەرە دەوڵەمەندەكانی جیهانە. كەواتە لە هەموو وڵاتێكدا بواری ئەوە هەیە سەرمایەی باشتر و زۆرتری هەبێت. ئێمە لە ساڵانی پێش ٢٠٠٣ واتە پێش رووخانی رژێم نە نەوت دەرهێنان هەبوو بەو شێوەیەی ئێستا و نە هیچ بەشە بودجەیەك لە عێراقەوە دەهات، كەچی بژێوی خەڵكی كوردستان لە چاو بەشەكانی دیكەی عێراق زۆر باشتر بوو. هەرگیز دۆخەكەش نەگەیشتە ئەوەی كە نەتوانرێت مووچە بدرێت، لە كاتێكدا پشت بە هەندێ داهاتی گومرگ و ناوخۆ دەبەسترا.

***كەواتە ئەم بارودۆخە پێویستی بە پرۆسەیەكی چاكسازی هەیە، ئایا تا چ رادەیەك ئەم پرۆسەیە پێویستی بە بوونی بڕیاری بوێرانە و ئیرادەی بەهێز هەیە؟**

- لە راستیدا ئەمە پێویستی بە ئیرادەیەكی زۆر بەهێز و جددی و راستگۆیانە و پلانی زۆر باش هەیە، ئێستا بۆتە باو دەوترێت سیاسەت هونەری مومكینە، یان فیعلی مومكینە، بەڵام ئەوە لە دۆخی ئاساییدا وایە، چونكە لە سەروەختی قەیرانی لەم چەشنەدا ناتوانرێت كار بەوە بكەیت و بڵێیت سیاسەت فیعلی مومكینە، چونكە پێوەری سەركەوتوویی و ناسەركەوتوویی سەركردەی سیاسی لەم كاتانەدا ئەوەیە فیعلی موستەحیلیش بكات، واتە لە حاڵەتێك لەم شێوەیەدا میسداقییەتی سەركردایەتی سیاسی ئەوەیە فیعلی موستەحیل بكات بۆ رزگاركردنی میللەتەكەی و بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو دەرفەتانەی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی هاتۆتەپێش لە دەست دەرنەچێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر بڵێیت سیاسەت هونەری مومكینە و ئایا دەتوانرێت چی بكرێت؟ ئەوا كاتەكەش بەسەر دەچێت و دەرفەتەكانیش لە دەست دەچن. خۆ ئەگەر لە رابردووشدا گلەییمان لە هەلومەرجە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەكە كردبێت، ئەوا ئەم جارەیان تەواوی بەرپرسیارێتی و گوناحەكە دەكەوێتە ئەستۆی خۆمان، مەبەستم لە خۆمان سەركردایەكی سیاسییە.

*** لایەنێكی دیكە كە گرنگ و زەروورەتە بۆ پرۆسەی چاكسازی و رێكخستنەوەی نێماڵی كورد بریتییە لە وتاری راگەیاندن، بەداخەوە ئەو وتاری راگەیاندنەی تا ئێستا بیستوومانە، یان بینیومانە، لەگەڵ ئەوەی بێسەروبەرە، ئەوا كەلێنی ناكۆكییەكانیشی قووڵتر كردۆتەوە، ئایا چی بكرێت باشە بۆ ئەوەی ئەم وتارە یەكبخرێت و بخرێتە خزمەت یەكڕیزییەوە؟ ئایا نەبوونی وتاری یەكگرتوو بۆ پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت چ زیانێك لە ئایندەمان دەدات؟**

- گرژیی وتاری راگەیاندن رەنگدانەوەی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەكەیە و هەر كاتێك ئەو قەیرانانە چارەسەر كران، ئەوا وتاری راگەیاندنیش بۆ خۆی هێور دەبێتەوە. بۆچی ئێستا ئەم وتارە هێور نابێتەوە، چونكە رۆژ بە رۆژ قەیرانەكان ئاڵۆزتر دەبن، لە ساڵی ٢٠١٤دا وتمان ساڵی ٢٠١٥ باشتر دەبێت، بەڵام خراپتر بوو، ئێستاش ئەوە سەرەتای ساڵی ٢٠١٦یە هەموو ئاماژەكان پێمان دەڵێن، نەك هەر باشتر نابن، لە ساڵی رابردوو، بەڵكو خراپتر دەبن، كەواتە وتاری راگەیاندن ئاسایی نابێت و نیگەرانی خەڵكیش لە سنوور دەردەچێت و نازانین بەرەو كوێ دەڕوات. بۆیە ئەركی راگەیاندنە كەموكورتییەكان وەك خۆی بخاتەڕوو، بەڵام بەرپرسیارێتییەكە دەكەوێتە ئەستۆی سەركردە سیاسییەكان كە نەیانتوانیوە قەیرانەكان چارەسەر بكەن.

***لەم بارودۆخەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جەمسەربەندییەكی گەورە لە نێوان دەوڵەتە گەورەكانی ناوچەكە درووستبووە، ستراتیژیەتی هەر یەكێك لەو دەوڵەتانەش پشت بە شەڕی بە وەكالەت دەبەستن، ئەگەر راشكاوانە پێگەی كورد لەم هاوكێشەیە بخوێنیتەوە، ئەوا هەست دەكەین ئەم جەمسەربەندییە رەنگدانەوەی لەسەر كوردیش هەیە، ئایا چۆن دەتوانین خۆمان لە كاریگەری ئەم جەمسەرگیرییە رزگار بكەین و ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە خاوەنی ئەجێندای سەربەخۆی خۆمان بین؟**

- من لە كۆتایی پرسیارەكەوە دەست پێدەكەم، ئەسڵ ئەوەیە كورد خۆی خاوەنی ئەجێندای خۆی بوایە، بەڵام كورد ئەو كاتە دەتوانێت خاوەنی ئەجێندای خۆی بێت، كە بتوانێت ئەو قەیرانانە چارەسەر بكات كە دووچاری بووە. لە راستیدا بەرپرسیارێتیە سەرەكییە گەورە نەتەوەییەكە لەسەر شانی سەركردەكانی باشووری كوردستانە، ئەویش لەبەر ئەوەی خاوەنی هەلومەرجێكی تایبەت و خاوەن حكومەت و پەرلەمانن. دەبوایە باشووری كوردستان بیتوانیایە كێشە ناوخۆییەكانی خۆی چارەسەر بكات بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی نەتەوەییش

**دەبوایە باشووری كوردستان بیتوانیایە كێشە ناوخۆییەكانی خۆی چارەسەر بكات بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی نەتەوەییش رێبەرایەتی نەتەوەی كوردی بكردایە و باشترین سوودی بەدەستبهێنایە**

**پرسی چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ كورددا كاریگەری هەیە لەسەر دەنگدەری ئەمەریكی. كەواتە ئەوەی لە ئێستادا بۆ كورد رەخساوە لە هیچ ساتەوەختێكی دیكەدا بۆی هەڵنەكەوتووە**

ڕێبەرایەتی نەتەوەی کوردی بکردایە و باشترین سوودی بەدەستبهێنایە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا سەرکردایەتی سیاسی لەم هەرێمی کوردستانە، لەبەر ئەوەی بە دەست چەندین کێشەوە دەناڵێنن، بەتایبەتی کێشەی سیاسی و ئابووری-لە پێگەیەکدا نین کە بتوانن لەسەر ئاستی نەتەوە ڕۆڵێکی گەورەتر لە ئێستا ببینن. لەبەر ئەوە لە ئێستادا سێ جەمسەر هەیە کە یەکێکیان ئەمەریکا ڕێبەرایەتی دەکات و ئەورووپای ڕۆژئاواشی لەگەڵدایە، جەمسەرێکیان سعودیە و قەتەر و تورکیان کە نوێنەرایەتی و ڕێبەرایەتی دەکەن و جەمسەرێکی دیکەش ڕووسیا و ئێرانن کە نوێنەرایەتی و ڕێبەرایەتی دەکەن و هەر یەکەیان ئەجێندای خۆیان هەیە لە ناوچەکەدا و کاری لەسەر دەکەن، ئەگەرنا داعش ئەو هێزە گەورەیە نییە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە هەر یەکە لەو جەمسەرانە ئەجێندای خۆیان هەیە و دەیانەوێت بەلای کەم بەشدار بن لەو گۆڕانکارییانەی چاوەڕێ دەکرێت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێنەدی. بەرژەوەندی کوردیش لەوەدایە ئەجێندەی سەربەخۆی خۆی هەبێت، واتە لە بەرژەوەندی کورددا نیە ببێتە بەشێك لە هیچ یەکێك لەو سێ جەمسەرە، چونکە ئەوانە جەمسەری کاریگەرن لە ناوچەکەدا و کورد پێویستی بە هەر سێکیانە، واتە کورد پێویستە بە شێوەیەك مامەڵە بکات، کە ئەو جەمسەرانە هاوکار بن، یاخود بەلای کەم ڕێگر نەبن لە بەردەم خواستەکانیدا.

*** کورد چۆن دەتوانێت ئەم کارە بکات؟**

- ئەگەر کورد بتوانێت کێشەکانی خۆی چارەسەر بکات و کارنامەیەکی باشی هەبێت هەم لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و هەم لەسەر ئاستی نەتەوەییش، مەبەستم بەشەکانی دیکەی کوردستانە، بەتایبەتی ڕۆژئاوا و باکوور کە ئێستا زیاتر لەبەر شانۆی ڕووداوەکانن، کە پێموایە پێویستییان بە باشووری کوردستان هەیە. چونکە لە ئێستادا بە بێ یەکلاکردنەوەی کێشەی کورد ئەم ئاڵۆزیە گەورەیەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە چارەسەر نابێت. هەر بۆ نموونە، کاتێك گوێ لە پڕوپاگەندەی پاڵێوراوەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا دەگریت، ئەوە ئاشکرایە کە چۆنیەتی هاوکاریکردنی کورد و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کورد بۆتە خاڵێکی سەرەکی لە ئەجێندا و پڕۆژەی ئەو پاڵێوراوانە، واتە پرسی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کورددا کاریگەری هەیە لەسەر دەنگدەری ئەمەریکی.


کەواتە ئەوەی لە ئێستادا بۆ کورد ڕەخساوە لە هیچ ساتەوەختێکی دیکەدا بۆی هەڵنەکەوتووە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك کورد بتوانێت نێوماڵی خۆی ڕێکبخات و پلانی هەبێت بۆ ئەوەی زۆرترین سوود لەو دەرفەتانە وەربگرێت و خۆی لە دەرهاویشتە سلبییەکان بە دوور بگرێت.

*** تێڕوانینتان بۆ داهاتووی کورد چییە و ڕەشبینی و گەشبینییەکان لەسەر چ بنەمایەکن؟**

ئەگەر لە بارودۆخەکە بڕوانین، ئەوا ڕاستە زۆر خاڵی نەخوازراو هەن، بەڵام خۆ خاڵی باش و گەشیش هەن. بە تێڕوانینی من ناکرێت خاڵە ڕەشەکان بە هەند وەرنەگیرێن و پێویستە چارەسەربکرێن، چونکە ئەوە یاسایەکی خواییە و خوای گەورە دەفەرموێت «ان الله لا یغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بانفسهم»، مەبەستیش لە «ما بانفسهم» هەلومەرجی زاتی خۆتە لە کاتێکدا «ما بقوم» بریتییە لە هەلومەرجی بابەتی. کەواتە تاوەکو چارەسەری ئەو دۆخە نەکەیت کە لە ژێر دەسەڵات و کاریگەری تۆدان، واتە تاوەکو هەلومەرجی زاتی چارەسەر نەکەیت، ئەوا ناتوانیت لەسەر پێی خۆت ڕابوەستیت و ڕووبەڕووی تەحەددییەکان ببیتەوە، یان سوود لە دەرفەتەکان وەربگریت. تێڕوانینی منیش ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی چەندین قەیران و خاڵی نەخوازراو هەن، کە ئەمەش جێی داخە، بەڵام هێشتا دۆخەکە بەشی ئەوەی تێدایە ئومێدی ئەوەی لێبکرێت چارەسەر بکرێت، چونکە سەرەڕای ئەوەی کارەسات و ڕووداوی ناوخۆش لە بەشەکانی دیکەی عێراق و لە سووریا و زۆر ناوچەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدەن، هەروەها ئەگەرچی هاوپەیمانان پشتیوانی باشمان دەکەن بەتایبەتی لە ئاسمانەوە، بەڵام هێشتا مەترسی داعش لە سەر ئێمە بەردەوامە، هەر بۆیە من ئومێدێکی زۆرم هەیە کە دڵسۆزانی ناو لایەنە سیاسییەکان هێندە هەستی بەرپرسیارێتییان هەبێ کە بە لای کەمەوە بتوانن بگەنە ڕێگەچارەیەکی مامناوەند بۆ چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکان بۆ ئەوەی لانیکەمی سازانی نیشتمانی درووست ببێت، ئومێدی من ئەوەیە و پێویستە ئەوانەی بەرپرسیارێتی گەورەیان لەئەستۆیە بزانن لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی و چارەنووسسازدان و لەو پێناوەدا پێویستە بڕیاری بوێرانە و ئازایانە دەربکەن و بێنەپێشەوە و نەرمی بنوێنن و لەسەر لانی کەمی خاڵە هاوبەشەکان کۆببنەوە.

**ئەگەرچی هاوپەیمانان پشتیوانی باشمان دەکەن بەتایبەتی لە ئاسمانەوە، بەڵام هێشتا مەترسی داعش لە سەر ئێمە بەردەوامە، هەر بۆیە من ئومێدێکی زۆرم هەیە کە دڵسۆزانی ناو لایەنە سیاسییەکان هێندە هەستی بەرپرسیارێتییان هەبێ کە بە لای کەمەوە بتوانن بگەنە ڕێگەچارەیەکی مامناوەند بۆ چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانەکان بۆ ئەوەی لانیکەمی سازانی نیشتمانی درووست ببێت**

**پێویستە ئەوانەی بەرپرسیارێتی گەورەیان لەئەستۆیە بزانن لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی و چارەنووسسازدان و لەو پێناوەدا پێویستە بڕیاری بوێرانە و ئازایانە دەربکەن و بێنە پێشەوە و نەرمی بنوێنن و لەسەر لانی کەمی خاڵە هاوبەشەکان کۆببنەوە**



پۆل رۆو خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانکۆی مەکگیل، بە شێوەیەکی سەرەکی لە بارەی ئابووری سیاسی و پرسەکانی پەیوەست بە ئاسایشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەنووسێت. ماوەیەکی زۆری لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەر بردووە و بەردەوامە لە دیراسەتکردنی سیاسەتی گرووپە ئایینییەکان لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا. بۆ تاوتوێکردنی بارودۆخی ئاڵۆزی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕ وەك فاکتەری دروستبوونی شەڕ و چۆنیەتی کۆتایی شەڕەکان، گوڵان لە میانەی دیدارێکدا چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد، ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە بیروبۆچوونەکانی کرد.

## پۆل رۆو پسپۆڕ لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بۆ گوڵان:

# تاوەکو کوردستان رۆڵی سەرکردایەتی و رێزگرتن لە کەمینەکان بنوێنێت ئەوا دەبێتە خاوەن کەیسێکی باش بۆ بەدەوڵەتبوون

*** بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵۆز بووە بە شێوەیەك کە دوژمن و هاوپەیمان ناتوانرێت بە ئاسانی لە یەکدی جیابکرێنەوە، ئەم مەسەلانەش ناتوانرێت لە ناو سنوورەکانی ئێستادا چارەسەر بکرێن، ئایا تا چەند دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆیان فاکتەری ئەم نالەباری و ناسەقامگیرییەی ئێستان؟**

- دەزانم کە داگیرکارییەکانی داعش لە عێراق سەرنجی زۆر خەڵکی راکێشاوە بۆ سنوورەکانی عێراق و سووریا و خستوویەتیە ژێر پرسیارەوە. بە رای من خۆی لە خۆیدا کێشەکە کەمتر پێوەندی بە سیستەمی دەوڵەتییەوە هەیە، بەڵکو زیاتر پێوەندی بەو بۆچوونە ناسازشکەرانەوە هەیە کە زۆر لەوانەی لە دەسەڵاتدان لەو دەوڵەتانەدا هەیانە. نازانم ئەگەر دووبارە کێشانەوەی ئەم سنوورانە یارمەتی خەڵکی عێراق و سووریا بدات، بەڵام دەزانم ئاستێکی بەرزی رێزنواندن بۆ سەربەخۆیی گەلان و گرووپە جیاوازەکان هەیە و کارێکی زۆر باش دەبێت. دواجار ترسی سەربەخۆیی نەژادی و ئایینی ریشەی ستەمکاری دەسەڵاتخوازییە و بەرگریکردنە لە گۆڕان لە نێو ئەو سنوورانەی کە هەن. ئەوە ئەو ترسی گۆڕانەیە کە باوەڕم وایە بووەتە هۆی ئەم پاشەگەردانییە و دەسەڵاتی دەوڵەت و سنوورەکان نیشانەکانی ئەم نالەبارییەن.

*** وتەیەك هەیە دەڵێت: «دەوڵەتان جەنگ دروست دەکەن و جەنگیش دەوڵەت دروستدەکات»، ئەگەر بەپێی ئەم قسەیە بێت، دەوڵەتی مۆدێرن بەرهەمی جەنگی سی ساڵەی ئەورووپایە، بۆیە ئەم شەڕەی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت دەوڵەتی نوێ بەرهەم بێنێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر شەڕەکان دەوڵەتی نوێ دروست نەکەن، کەواتە چۆن ئەم شەڕانە کۆتاییان پێدێت؟**

- بەڵێ جەنگەکان دەوڵەتانیان دروست کردووە، بەڵام

جەنگەکان زۆر لە پێش سیستەمی دەوڵەتی مۆدێرنیشەوە هەبوون، زۆر لەجەنگە خوێناوییەکان پێش جەنگی سی ساڵەی ئەوروپا روویانداوە و لەو کاتەشەوە زۆر جەنگی تر هەر روویداوە. بەڵام ئەو جەنگانە بە شێوەیەکی سەرەکی کۆتاییان پێهاتووە، کاتێك چارەسەرێکی سیاسی بۆ دانراوە، یان دەوڵەتی نوێ دامەزراوە، یاخود رێکخستنی نوێی دەسەڵات و سەربەخۆیی دروووست کردووە. درووستکردنی دەوڵەتی نوێ بە پێویست نابێتە هۆی کۆتایی جەنگ، سەیری مێژووی دوورودرێژی پۆڵەندا بکەن کە چەندین جار دابەش بووە و درووستکراوەتەوە پێش ئەوەی ببێتە وڵاتێکی وەك ئەوەی ئەمڕۆ. یان سەیری دەوڵەتی ئەریتریا بکەن کە سەربەخۆیی خۆی لە ئیسۆپیا وەرگرت لە ئەنجامی جەنگی ناوخۆیی و پاشان لە جەنگێکی ترەوە تێوەگلا بۆ کەمتر لە دەساڵ پاش ئەوە، شەڕێك کە تا ئەمڕۆش چارەسەر نەکراوە. سەربەخۆیی کۆتایی بە جەنگەکان ناهێنێت، هەرچەندە لەوانەیە هەندێك لە کێشەکان چارەسەر بکات کە یەکەم جار بوونەتە هۆی روودانی شەڕەکە.

*** بەپێی پێناسەی دەوڵەتی مۆدێرن بێت، ئەوا پێویستە توانای پاراستنی ناوچەکانی خۆی هەبێت و حوکمی یاسا دابین بکات و دامەزراوەی کارای هەبێت، بەڵام لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئێستادا، هەموو ئەو فاکتەرانە غائیبن، ئایا پێتوا نییە ئەمە مانای ئەوەیە لە ئێستادا کاتی ئەوەیە بیر لە جۆرێکی نوێ لە دەوڵەت لەناو ئەم سنوورانەی ئێستادا بکرێتەوە؟**

-ناتوانین بڵێین هەموو دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناتوانن نیزام لە ناو ناوچەکانی خۆیاندا بەرقەرار بکەن، هەرچەندە ئەوە راستە کە عێراق و سووریا ناتوانن ئەمڕۆ ئەمە بکەن. پێناسەیەکی تری گرنگی دەوڵەتی مۆدێرن ئەوەیە کە لەلایەن دەوڵەتانی ترەوە ئیعترافی پێدەکرێت. ئەمەش بۆ من واتە دووبارە دانانەوەی سنوورەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە ئاستێکی بەرز لە سازشە لە نێو دەوڵەتانی تردا بۆ شەرعیەتدان پێی. ئەمەش لە رێی ئیعترافی هاوبەش بۆ گۆڕانکارییەکان لە سنووری دەوڵەتەکان لەلایەن هەموو ئەو دەوڵەتانەی تێوەگلاون بەدیدێت، هەروەها لەڕێی دانپیانانی باشی خەڵکی ئەو دەوڵەتانە لە ریفراندۆمێکدا دێتەدی. قورس دەبێت ئاستێکی ئاوا لە شەرعییەتی دەرەکی لەم هەلومەرجەی ئێستادا لە باکووری عێراق و سووریا بەدیبێت، هەرچەندە من پێموایە لە داهاتوودا روودەدات.

*** لە سەرهەڵدانی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراقدا، جگە لە هەرێمی کوردستان لە عێراق، هیچ لایەنێکی دی نەیتوانیوە لە سەر زەمین تیرۆریزم تێکبشکێنێت، لە ئێستادا هەرێمی کوردستان دەوڵەت نییە، بەڵام لە هەوڵدایە بۆ درووستکردنی دەوڵەتێك، ئایا پێتوایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێشوازی لە دەوڵەتێکی نوێ بکات وەك مۆدێلێك بۆ تێکشکانی تیرۆریزم لە سەر زەمین؟**

-راستە کوردستانی عێراق تەنیا هێزی سەرەکی بووە کە توانیویەتی بەرەنگاری داعش بێتەوە لەسەر زەمین. بێجگە لە هەندێك هەوڵی حکومەتی عێراقی لە رومادی و دۆڵەکانی سەر رووباری دیجلە، پێشمەرگە تەنیا هێزی بەرەنگاری داعشی پیشانداوە. پێموایە کارێکی زۆر قورسە ئەگەر مەحاڵ نەبێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرامۆش بکات وەك سەرچاوەیەکی سیاسی سەرەکی لە ناوچەکەدا. تا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت لە پیشاندانی رۆڵی سەرکردایەتی و رێز لە جیاوازییەکانی خەڵك لە نێو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیدا بگرێت، لە ناویاندا ئەو کەمینانەی کە کورد نین، ئەوا بەردەوام دەبێت لە درووستکردنی کەیسێکی باش بۆ بەدەوڵەتبوون، کە من دەزانم ئەمە هیوا و ئاواتی زۆربەی خەڵکی کوردستانە و من بەرزی دەنرخێنم ئەگەر رێز بۆ خەڵکی کوردستان و ئارەزوویان بۆ سەربەخۆیی ببێتە هۆی چارەسەرێکی گفتوگۆکراو بۆ خواستی لەمێژینەیان بۆ دەوڵەت.

*** گۆڕانکاری سەرەکی کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت لەناوچوونی عێراق و سووریایە وەك دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری و بوونەتە گۆڕەپانی شەڕ بۆ ناکۆکییەکانی نێوان سوننە و شیعە. بەڵام هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باس لە یەکپارچەیی و سەروەری ئەم دوو دەوڵەتە دەکەن، لە کاتێکدا لە رووی کردارییەوە لەسەر زەمینی واقیع نەماون. پێتوا نییە ئەمە چاوداخستنە لە راستی و راکردنە لە کێشەکان؟**

- پێموانییە ئەمە بە زەرووڕەت چاوداخستن بێت لە ئاست واقیعەکە. جەختکردنەوە لە یەکپارچەیی ئەو دەوڵەتانە بەمانای داوای رێزیش لە کەمینە نەژادی و ئایینییەکانی ناوچەکە دێت. وەك ئەوەی ئاماژەم پێدا، هۆکاری بنەڕەتی پاشاگەردانی لە سووریا و عێراق نەبوونی رێزە بۆ جیاوازییە نەژادی و ئایینییەکان. ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئاواتی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و بەدەوڵەتبوون ئیعترافی پێنەکرێت. دەوڵەتانی تەواو و رێکوپێك کە رێزی جیاوازییەکان لە کۆمەڵگەکانیاندا دەگرن، قۆناغێك دادەنێن بۆ بەڕێوەبردنی گونجاوی فرەیی لە ناو عێراق و سووریادا، یان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ هەر یەك لە گرووپە نەژادی و ئایینییەکان لەو کۆمەڵگەیانەدا. پێموایە دابەشکردنی عێراق و سووریا لەسەربنەمای ئەم دابەشبوونە جیۆپۆلیتیکیەی ئێستا و لە نێو ئەم شەڕە ناوخۆییەدا ئاشتی درێژخایەن بۆ ناوچەکە ناهێنێت، بەڵکو ئەوە ئەو رێزە درێژخایەنەیە بۆ جیاوازییە نەژادی و ئایینییەکان کە دەتوانێت ئەمە بکات.

**سەربەخۆیی کۆتایی بە جەنگەکان ناهێنێت، هەرچەندە لەوانەیە هەندێک لە کێشەکان چارەسەر بکات کە یەکەم جار بوونەتە هۆی روودانی شەڕەکە**

**کارێکی زۆر قورسە ئەگەر مەحاڵ نەبێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرامۆش بکات وەک سەرچاوەیەکی سیاسی سەرەکی لە ناوچەکەدا**

**هۆکاری بنەڕەتی پاشاگەردانی لە سووریا و عێراق نەبوونی رێزە بۆ جیاوازییە نەژادی و ئایینییەکان**



لۆك پیتەرسۆن پرۆفیسۆری مێژووە لە زانكۆی پتسبیرگ، بایەخ بە بواری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناكۆكیی ئیسرائیل و فەلەستین و مێژوو و ئیسلام و بوونی ئەمەریكا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەدات، هەروەها وانەبێژە لە مێژوو و سیاسەتی ناكۆكیی فەلەستین و ئیسرائیل و سیاسەت و ئایین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێرانی هاوچەرخە. بۆ گفتوگۆكردن لە بارەی هەڵكشانی ناكۆكیی نێوان سعودیە و ئێران و ئەگەری هاتنەئارای گۆڕانكاری جیوپۆلەتیكی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی دروستبوونی دەوڵەتی نوێ لە ناوچەكەدا گوڵان دیدارێكی لەگەڵدا ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە.

### لوک پیتەرسۆن  پسپۆڕی مێژوو بۆ گوڵان:

# درووستبوونی دەوڵەتی کوردستان دەبێتە مایەی سەقامگیری بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

*** بەگشتی ناکۆکیی نێوان سعودیە و ئێران جێی ناکۆکیی نێوان عەرەب و ئیسرائیلی گرتووەتەوە، بەمانایەکی دی، پێشتر دەوڵەتانی ئیسلامی و عەرەبی لە دژی ئیسرائیل وەستابوونەوە، بەڵام ئێستا لە دژی ئێران یەکیانگرتووە. کەواتە تا چەند ئەم ناکۆکییە دەبێتە هۆی دابەشبوونی سەرتاپای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنەمای هاوپەیمانی شیعە و سوننەکان؟**

- پێموایە ئەگەر سەیری مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمدا و پاش ١٩٧٩، ئەوا بە ئاسانی دەبینین ئامادەبوونی ئێران وەك دەوڵەتێکی شیعی بەرانبەر ئامادەبوونی سعودیە وەك دەوڵەتێکی سوننە، ئەم دووانە بوونەتە دوو جەمسەری بەهێزی تایفەگەری، شیعە لە ئێران و وەهابییەکان لە سعودیە کە فۆڕمێکی دیاریکراوی سوننەن، سعودیە بووەتە ناوەندی پێوەندی ئەمریکا لە ناوچەکە دژ بە ئێران، ئێستا ئێران بانگهێشت کراوەتەوە ناو بوارە دیپلۆماسییەکان بەهۆی بەشداری لە رێککەوتنی بڵاونەبوونەوەی چەکی ئەتۆمی کە ئیمزاکرا لەلایەن ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەك (٥+١)، ئەم دوو وڵاتە گەورە و دەوڵەمەندن و دانیشتووانیان زۆرە، ئێران لە رووی دانیشتووانەوە و سعودیەش لە رووی سامانەوە، سەرنجی هاوپەیمانێتی و دابەشبوونی تائیفی رادەکێشن بۆئەوەی جەمسەربەندییەك لە ناوچەکەدا درووست بکەن. هەر بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەم کێبەرکێیە جێی ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینی گرتۆتەوە؟ من دەڵێم پێویستە ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین ناونەنێین ناکۆکی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، لەبەر ئەوەی عەرەب بە شێوەیەکی کارا تێوەنەگلاوە لە پاڵپشتی خەڵکی فەلەستین، ئەوەی هەمانە فەلەستینییەکانن کەوتوونە

**ئێران لە ڕووی دانیشتووانەوە و سعودیەش لە ڕووی سامانەوە، سەرنجی هاوپەیمانێتی و دابەشبوونی تائیفی ڕادەکێشن بۆئەوەی جەمسەربەندییەک لە ناوچەکەدا دروست بکەن**

**لە ولایەتە یەکگرتووەکان هەرگیز پێشنیاری ئەوەمان نەکردووە مەسیحییەکان بەجیا لە یەک بژین، پرۆتستانەکان لێرە بژین و کاسۆلیکەکان لەوێ بژین، هەموو قبووڵمان کردووە کە لە کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوە و فرەئایین و فرە زماندا دەژین**

**کاتێک دەڵێین عێراق بکرێت بە سێ هەرێمی فیدراڵی ئەوە تەنها بۆئەوەیە کە بەلانی کەمەوە چارەسەرێکی کورتماوە دەبێت بۆ کێشەکان، کە بەغدا پایتەختی ئەو عێراقە یەکگرتووە فیدراڵییە بێت و هەولێر پایتەختی هەرێمی فیدراڵی کوردستان بێت و شیعەکان و سوننەکانیش هەرێمی فیدراڵی خۆیان هەبێت، هەموو لەناو عێراقی یەکگرتوودا بن، ئەمە چارەسەرێکی باشە**

ژێر دەستی ئیسرائیلەوە بە پاڵپشتی ئەمریکا و هەردوو دەوڵەتی سعودیە و ئیسرائیلیش لە سەر یەك سیستەمی سیاسی هاوپەیمانین، بۆیە ئەم دابەشبوون و هاوپەیمانێتی و هەلومەرجە سیاسییانە بەڕاستی ئەوانەن کە هەرێمێکی نوێی پەرەسەندوو دیاری دەکەن لە ٢٠١٥ و ٢٠١٦دا و پێموایە ڕاستە کە ئەم پێوەندییانە داهاتووی ناوچەکە دیاری دەکەن.

*** وڵاتانی عەرەبی سوننی لە ناوچەکەدا ئێران بە مەترسیدارتر دەزانن لە داعش، ئەمەش واتە تا ڕادەیەك مەحاڵە جارێکی دی بیر لە پێکەوەژیانیان بکرێتەوە. ئایا پێتوانییە دەبێت هەنگاو هەبێت بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتر بەلانی کەمەوە لە عێراق و سووریا لە بەرئەوەی دەرفەتی پێکەوەمانیان چیتر نەماوە؟**

- ئەوەی باسی لێدەکەین لێرەدا ئەوەیە چۆن جارێکی دیکە ئەو قەوارە سیاسییەی پێی دەوترێت عێراق دابڕێژرێتەوە، لەبەر ئەوەی قەوارەکە پارچەپارچە بووە و بەهۆی داگیرکاری ئەمریکاوە وێران بووە و ئێستا دابەش بووە بۆ ناکۆکییەکی زۆر توندوتیژ و تائیفی و خوێناوی، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەو قەوارەیە جارێکی دی دابڕێژرێتەوە و یەکێك لە چارەسەر لۆژیکییەکان ئەوەیە کە پێشنیارت کردووە، واتە شیعە بە تەنیا و سوننە بەتەنیا و کورد لە باکوور بە تەنیا جیا بن و دەوڵەتی خۆیان هەبێت و بەمە دەتوانرێت ئاسایش بۆ ناوچەکە باشتر دابین بکرێت، ئەمەش شتێکی لۆجیکییە، بەڵام لە ڕووی تیۆرییەوە—من وەك ئەکادیمیەك قسە دەکەم—ئەمە بەتایبەتی لە ڕۆژئاوا لەنێو شیکاراندا لە ولایەتە یەکگرتووەکان و ڕۆژئاوای ئەوروپا پێموایە بەسووك سەیرکردن و لووتبەرزییەکی زۆر هەیە کە زۆر لە شیکارکارانی ڕۆژئاوا هەیانە، کاتێك باسی عێراق و سووریا و ئێران دەکرێت، بەوەی کە ناتوانن دەوڵەت دروست بکەن لەسەر بنەمای گرووپی تائیفی و نەژادی. لە ولایەتە یەکگرتووەکان هەرگیز پێشنیاری ئەوەمان نەکردووە مەسیحییەکان بەجیا لە یەك بژین، پرۆتستانەکان لێرە بژین و کاسۆلیکەکان لەوێ بژین، هەموو قبووڵمان کردووە کە لە کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوە و فرەئایین و فرە زماندا دەژین، بۆیە قسە لەبارەی شتێك لەمە کەمتر ناکەین، بەڵام کاتێك دەڵێین عێراق بکرێت بە سێ هەرێمی فیدراڵی ئەوە تەنها بۆئەوەیە کە بەلانی کەمەوە چارەسەرێکی کورتماوە دەبێت بۆ کێشەکان، کە بەغدا پایتەختی ئەو عێراقە یەکگرتووە فیدراڵییە بێت و هەولێر پایتەختی هەرێمی فیدراڵی کوردستان بێت و شیعەکان و سوننەکانیش هەرێمی فیدراڵی خۆیان هەبێت، هەموو لەناو عێراقی یەکگرتوودا بن، ئەمە چارەسەرێکی باشە، ئایا ئەمە تەواو ئارام و باشە بۆ هەموو خەڵك، لەوانەیە وا نەبێت، دووبارە چ چارەسەرێك لە ناوچەکەدا لەسەدا سەد باشە، پێموایە دەبێت بەڕاستی باشترین هەڵبژاردە لەنێو بژاردەکاندا هەڵبژێرین و لەبیرمان بێت، دەبێت ڕێز لە کۆمەڵگە زۆر کۆن و دامەزراوەکانی وەك کورد و سوننە و شیعە بگیرێت، بەڵام ئەم ڕێزە هەمیشە هاوڕێی شیکارانی سیاسەت نییە لەم وڵاتانەدا.

*** لە ناکۆکیی نێوان سعودیە و ئێراندا، ڕووسیا پاڵپشتی ئێران و ئەمریکاش پاڵپشتی سعودیە دەکات، تا چەند ئەمە دەبێتە هۆی درووستبوونی شەڕێکی ساردی تائیفی لە ناوچەکەدا؟**

- ئەمە وەك سێ ساڵ لەمەو پێش وایە کاتێك ڕووسیا و ئەمریکا لە ناوچەکەدا دژی یەکبوون، ئەمەش زیاتر لە ڕێگە جیاوازەکان بۆ چارەسەری کێشەی سووریادا خۆی دەبینێتەوە، ئەمریکا و ئیدارەی ئۆباما بەتایبەتی چەندین جار وتوویانە کە نابێت چارەسەر مانەوەی ئەسەد بێت لەبەر ئەوەی دیکتاتۆر و ستەمکارە و دەبێت لە حوکم لادرێت، بەڵام ڕووسیا تەواو پێچەوانەکەی دەڵێت، کەواتە چۆن ئەم دوو بۆچوونە فەلسەفی و سیاسییە جیاوازە یەکدەخەیت، ئەمە بۆ خۆی گرفتێکی گەورەیە لە ناوچەکەدا، بۆیە ئەمڕۆ شەڕی ناوخۆ بەردەوامە لە سووریادا و ئێران وەك یەکێك لە گەورەترین وڵاتانی شیعەی ئیسلامی لە جیهاندا هاتووەتە ناو هاوکێشەکەوە و پاڵپشتی ڕژێمی ئەسەد دەکات، بۆیە بەدڵنیاییەوە ئێران و ئەسەد و ڕووسیا هاوپەیمانییەکیان هەیە و ئەمریکا و سعودیە هەندێك لە گرووپە سوننەکان لە لایەکەی ترن و پێموایە هەڵسەنگاندنەکانت تەواو ڕاستن و ئەم جەمسەربەندییەیە وایکردووە خەڵکی سووریا لەم بارە نالەبارەدا بژین و بۆ ماوەی چەندین ساڵە چارەسەری سیاسی نادۆزرێتەوە بۆیان.

*** لەو کاتەوەی خومەینی گەڕاوەتەوە ئێران و شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا ڕوویداوە، بەردەوام ئەم وڵاتە دروشمی شۆڕشگێڕی دەنێرێت بۆ وڵاتانی دیکە و لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا، عەرەبەکان پاڵپشتی سەدام حوسەین-یان دەکرد، بەڵام دوای ڕووخانی سەدام لە ٢٠٠٣دا، ئێران هێڵی**

**شیعەی درێژکردەوە و لە سەرهەڵدانی کێشەی سووریاشەوە بەردەوام پاڵپشتی سووریا دەکات، ئایا پێتوانییە ئێران سەرتاپای دەسەڵاتی دەوڵەتی خۆی بەکاردەهێنێت بۆ هەناردەکردنی شۆڕش هەر وەك سعودیە بەوە تۆمەتباری دەکات؟**

- هەر لە سەرەتای درووستبوونی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٧٩ جەوهەری کاری خومەینی و سەرکردەکانی دوای ئەویش ئەوە بووە کە شۆڕش جارێ تەواو نەبووە، بۆیە بە تەواوی ڕێگەی پێوەندی نێوان هاونیشتمانی و دەوڵەتی گۆڕی و هەروەها بە تەواوی ڕێگەی پێوەندی موسڵمانان و سیاسەت و پێوەندی نێوان شیعەکانی لەگەڵ دەوروبەری خۆیاندای گۆڕی، بۆیە هیچ ناڵێم لەسەر ئەمە و بۆچوونەکانت ڕاستن، بەڵام کە دەڵێیت ئێران سەرتاپای دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆ هەناردەکردنی شۆڕش تەرخانکردووە، ڕەخنەم لێی هەیە، بەتایبەتی لە ئەمڕۆدا کە لە سەر سنووری لابردنی سزا نێودەوڵەتییەکانە لە ئەنجامی ٢٢ مانگ وتووێژی دیپلۆماسی لەگەڵ ئەمریکادا، کە لە سەردەمی جیم کارتەر-ەوە، هەرگیز تێوەگلانی دیپلۆماسی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەم شێوەیە نەبووە. بۆیە ئەم ئاستە لە ئیلتیزامی ئەمریکا بۆ تێکەڵکردنەوەی ئێران و کۆتاییهێنان بە سزاکانی بۆ ئەوەی بازاڕی نێودەوڵەتی بکرێتەوە بۆ نەوت و کاڵای ئێرانی، بۆیە پێموا نییە ئێران بە ناردنی هاوکاری بۆ حەماس و ئەسەد، ئەم کرانەوەیە بخاتەوە مەترسییەوە، کەواتە ئێران هەم لە ڕووی هەناردەکانیەوە بۆ لایەنانی دەرەوە هەم لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و کاڵاوە زۆر وریا دەبێت.

*** سعودیە و ئێران هێشتا لەشەڕی ڕاستەوخۆوە نەگلاون، بەڵام شەڕێکی بەوەکالەت لەنێوانیاندا هەیە، بەتایبەتی لە یەمەن و عێراق، تاچەند ئەمە دەبێتە هۆی درووستبوونی شەڕی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا؟**

- شەڕی بەوەکالەت بە ڕوونی دەبیندرێت، پێموانییە کەس هەبێت لە ناوچەکە نەزانێت کە ئەم شەڕی بەوەکالەتە هەیە و کێ پاڵپشتی کێ دەکات، بەڵام سەبارەت بەوەی ئەمە سەردەکێشێت بۆ شەڕی ڕاستەوخۆ، دەڵێم نەخێر، وەڵامەکەشم پشت نابەستێت بە ئاماری شیکاری کە لەبەردەستمدا بێت، بەڵکو بە سادەیی وا هەست دەکەم کە کارەسات دەبێت بۆ دیپلۆماسیەت و سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەو دوو وڵاتە کە بکەونە ناو شەڕێکی ئاواوە و پێموایە لە کۆتاییدا سیاسەتی عەقڵانی سەردەکەوێت. هەروەك وتم ئێران لە سەر لێواری تێکەڵبوونەوەیە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، بۆیە هەر شەڕێك لە سەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی، ئەم هەوڵانەی ئێران لەناو دەبات و پێموایە ئێران دەیەوێت ئەم هەوڵانەی بۆ تێکەڵاوبوونەوە بپارێزێت، سەبارەت بە سعودیەش پێویستیان بە ڕای باشی واشنتۆن هەیە و زیاتر دەیەوێت بە ڕووی پرۆسەی دیموکراسیدا بکرێتەوە و هەرچەندە پێشلکاری مافەکانی مرۆڤی هەیە، بەڵام هێشتا لە لیستە باشەکەی ئەمریکادایە و بۆیە زۆر شت لەدەست دەدەن، ئەگەر لە شەڕێکی ئاواوە بگلێن، بۆیە پێموایە هەردوو وڵات دەگەڕێنەوە بۆ سیاسەتی عەقڵانی.

*** وەك دەزانی هیچ لایەنێك نییە لە جیهاندا بتوانێت تاکلایەنە کار بکات بۆ چارەسەری کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ئاماژەکان پێمان دەڵێن دەستکاریکردنی جیۆپۆلیتیکی ڕادەی توندوتیژییەکان کەم دەکاتەوە، ئایا پێتوایە گۆڕانکاری جیۆپۆلیتیکی دەتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات؟**

- بەمانایەکی دیکە مەبەستت درووستبوونی دەوڵەتی نوێیە. پێموایە بە زۆر لە ستاندەرد و پێوانەکان بێت، ناوچەکە لە کۆنترۆڵ دەرچووە و پێموا نییە بە تەنیاش ئەمریکا بەرپرسیار بێت و ئەوە تەنیا فاکتەر نییە. لە سەرەتای داگیرکردنی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ و پاشان لە ٢٠٠٤دا چەند بڕیارێك دەرکران لەلایەن ئیدارەی مەدەنی ئەمریکی کە کاریگەری خراپی لەسەر سەرجەم خەڵکی عێراق دانا و پاشان دانانی نوری مالیکی وەك سەرکردەیەکی شیعی بۆ عێراق شتێکی خراپ بوو، هەموو کەسیش دەیزانی خراپە، لەبەر ئەوەی مالیکی بۆ هەموو خەڵکی عێراق نەبوو، بەڵکو تەنیا بۆ شیعەکان هەوڵی دەدا و سوننەکانی فەرامۆش کردبوو، هەموو سەرکردە ئەمریکییەکانیش ڕێژەیەکی کەمیان نەبێت، ئەمەیان دەزانی، سەبارەت بە درووستکردنی کوردستانیش، من پێموایە دەر ئەنجامەکانی درووستکردنی دەوڵەتی کوردستان باش دەبێت، هەم بۆ عێراق و هەم بۆ خەڵکی کوردستان، لەوانەیە تورکیا و ئێران و سووریا بەدڵیان نەبێت، بەتایبەتی تورکیا کە بەردەوام دژی دەوڵەتی کوردی بووە، بەڵام هێشتا دەڵێم لەوانەیە درووستبوونی دەوڵەتی کوردی هێزێکی سەقامگیریی بێت بۆ ناوچەکە.

**لە سەرەتای درووستبوونی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٧٩ جەوهەری کاری خومەینی و سەرکردەکانی دوای ئەویش ئەوە بووە کە شۆڕش جارێ تەواو نەبووە، بۆیە بە تەواوی ڕێگەی پێوەندی نێوان هاونیشتمانی و دەوڵەتی گۆڕی و هەروەها بە تەواوی ڕێگەی پێوەندی موسڵمانان و سیاسەت و پێوەندی نێوان شیعەکانی لەگەڵ دەوروبەری خۆیاندای گۆڕی**

**ئێران لە سەر لێواری تێکەڵبوونەوەیە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە، بۆیە هەر شەڕێک لە سەر ئاستی ناوچەیی و جیهانی، ئەم هەوڵانەی ئێران لەناو دەبات**

**دانانی نوری مالیکی وەک سەرکردەیەکی شیعی بۆ عێراق شتێکی خراپ بوو، هەموو کەسیش دەیزانی خراپە، لەبەر ئەوەی مالیکی بۆ هەموو خەڵکی عێراق نەبوو، بەڵکو تەنیا بۆ شیعەکان هەوڵی دەدا و سوننەکانی فەرامۆش کردبوو**